Reklam




## هەڵبژاردن دزی و تاوانی کەمکردەوە

**رووداو–هەولێر**

پۆلیسی هەولێرو سلێمانی دەڵێن، لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن رێژەی تاوانەکان لە دابەزین دابووە . بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا تەنیا یەک حاڵەتی کوشتن هەبووەو، رێژەی دزیش کەمبووەتەوە . لە مانگی یەک لە سلێمانی 28 حاڵەتی دزی تۆمارکراوە، بەڵام لە مانگی 2010/2 کە بانگەشەی هەڵبژاردن تێیدا دەستیپێکرد،حاڵەتەکان کەمبوونەوە بۆ 19 حاڵەت. بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێریش دەڵێ "لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن کێشەیەکی وا لە هەولێر روونەداوە شایەنی باس بێت". د.محەممەد شوانی مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت بەشێکی زۆری تاوان پەیوەستە بە بەتاڵی و بێ ئومێدبوونی خەڵک، لەبەرئەوە "بانگەشەی هەڵبژاردن ئومێد لای خەڵک دروستدەکات و سەرقاڵیان دەکات، خەڵک بواری کەمتر دەبێتەوە بۆ تاوانکاری".

12



Reklam




Rûdaw
رووداو
ژمارە (103)
پێنجشەممە 2010/3/4
13ی رەشەمێ 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
چاپی کوردستان
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

### لاهور تاڵەبانی، سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆر بۆ یەکەمجار لە (رووداو)دا بۆ راگەیاندن قسە دەکات :

# لایەنگرانی گۆڕان تەقەیان لە هێرۆخان کرد.. دەبێ خەجاڵەتیان بکەم

**رووداو– سلێمانی**

سەرۆکی دەزگای دژەتیرۆر لەسلێمانی رەتیکردەوە کە ئەوان تەقەیان لە هەوادارانی بزووتنەوەی گۆڕان کردبێت و لایەنگرانی ئەو بزووتنەوەیە بەوە تۆمەتبار دەکات کە "بەسەرخۆشی" تەقەیان لە مەڵبەندو هێرۆخان کردووە، گوتیشی "دەبێ گۆڕان شەرمەزار بێت".

لەبارەی ناوبردنی هێزەکەشی بە"میلیشیا" لەلایەن بەرپرسانی گۆڕانەوە، گوتی کە هێزەکەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەیە و مووچەش لەوێ وەردەگرێ. گوتیشی ئەگەر هێزەکەی ئەوان نەمێنێ "دوای دوو مانگ تەقینەوە لەسلێمانی و هەولێر دەبینن".

لاهور تاڵەبانی کە برازای جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لەبارەی تەقەکردن و ئاڵۆزییەکانی ئەمدواییەی نێو شاری سلێمانی کە بووە هۆی بریندداربوونی ژمارەیەک لەلایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان، قسەی بۆ (رووداو) کردو رایگەیاند کە هێزی دژەتیرۆر هیچ پەیوەندییەکی بەو رووداوەی شەوی 16ی مانگەوە نەبوو. لەبەرامبەریشدا لایەنگرانی گۆڕانی بەوە تۆمەتبار کرد کە "بەسەرخۆشی تەقەیان لە مەڵبەندو خانمی یەکەمی وڵات کرد". لەکاتێکدا فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا هێزی دژە تیرۆر کە بەیاننامەکە بە " میلیشیای جەلال تاڵەبانی ناوی بردبوو"، بەوە تاوانبارکرد کە تەقەی لە لایەنگرانی کردووەو بریندارەکانی لە نەخۆشخانە بردووەتە دەرەوە. لەکاتێکدا سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆر دەڵێ ئەو بریندارانە " تاوانباران"ی تەقەکردنەکە بوون و چەکیان بردبووە ناو نەخۆشخانەش و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران. لاهور تاڵەبانی دەڵێ ئەو کاتەی ئەو گەیشتە شوێنی رووداوەکە هەموو شت تەواوببوو و مەحالە هێزەکەی ئەوان لەنێو شاردا تەقە بکەن و دەڵێ "ئەو شەوە من تەماشای فیلمێکم دەکرد و لەڕاستیدا زۆر لە گۆڕان تووڕە بووم، لەبەرئەوەی نەیانهێشت فیلمەکەم تەواو بکەم. هیوادارم لە دوای هەڵبژاردن کاتم هەبێت فیلمەکە تەواو بکەم".



لاهور تاڵەبانی دەڵێ، گرەنتی دەدەم دوای دوو مانگ لە نەمانی دەزگاکەمان تەقینەوە لە سلێمانی و هەولێر دەبینن

لاهور تاڵەبانی هەر لەچوارچێوەی تۆمەتبارکردنی بزووتنەوەی گۆڕاندا دەڵێ "دەبێ گۆڕان شەرمەزار بێت کە رێگە بە خەڵکی سەرخۆش دەدات تەقە لە مەڵبەند و خانمی یەکەم بکەن"، گوتیشی "دەکرێ ئێمە بچین تەقە لە ماڵی نەوشیروان بکەین، تەنیا بۆ ئەوەی تووڕەی بکەین؟ ئێمە دەتوانین لەوەش زیاتر بکەین، بەڵام ئەوەی گۆڕان لێرە دەیکەن، ناتوانن لە ناوچەکانی پارتی بیکەن. کەس ئەو پرسیارەیان لێ ناکات ".

لەبارەی داخوازییەکانی گۆڕانیش بە نەهێشتنی هێزەکەیان، لاهور تاڵەبانی گوتی "گەرەنتی دەدەم کە دوای دوو مانگ لە نەمانی هێزەکەمان، تەقینەوە لە سلێمانی، هەولێر و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەبینی". هەروەها دەڵێ گۆڕان سنووری بەزاندووە" ئێستا ئەوان بە پێشمەرگە دەڵێن میلیشیا، ئەوان بەڕاستی سنووریان بەزاندووە". بەڵام دەڵێ گۆڕان خەجاڵەت دەکات "من بە پارێزگاریکردن لەم هەرێمە و جەماوەرەکەیان و زامنکردنی بارودۆخێکی ئارام بۆ هاتنەدەرەوەو بانگەشەکردنیان، خەجاڵەتیان دەکەم".

دوای ئەو رووداوانە، بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنەوە لە دوای 9ی شەوەوە لە نێو شاری سلێمانی قەدەخەکرا، گۆڕان ئەوکات کۆمسیۆنی بەوە تۆمەتبارکرد کە لەژێر گوشاری یەکێتی ئەو بڕیارەی داوە . لاهور تاڵەبانی دەڵێ "من یەکێکبووم لەوانەی کە چوومە لای سەرۆکی حکومەت و ئاگادارم کردەوە کە دەبێت کارێکی تایبەت لە سلێمانی ئەنجامبدەی و دەبێ رێگە لە خەڵک بگری لەدوای کاژێر 9ی شەو بێنە سەر شەقامەکان، لەبەرئەوەی لەسلێمانی خەڵکەکەی هەندێک حەزیان لە خواردنەوەیە،من ئەمەم بە سەرۆکی حکومەت گوت. ئەوان دێنە سەر شەقامەکان و سەرخۆشن و هەمووش چەکیان پێیە، بێگومان یەکێک تەقە لە یەکێکی دیکە دەکات".

7

### دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری پێشووی سلێمانی:

## هەندێک لەو پرۆژانەی پارەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە من کاتی خۆی تەواوم کردوون

**رووداو– سلێمانی**

دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری پێشووی سلێمانی، رایگەیاند کە هەندێ لەو پرۆژانەی لەپرۆژە بودجەی ئەمساڵدا پارەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە، لەسەردەمی ئەودا تەواو بوون. گوتیشی "بودجەی ئەمساڵ لە بێ سەروبەریدا بێ وێنەیە". ئەو راشیگەیاند کە "ئەو بێ سەروبەرییە" کار لەدەنگدان دەکات و بەدووری زانی ئەمجارە یەکێتی 3 کورسی لە سلێمانی بێنێتەوە .

دانا ئەحمەد مەجید کە بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ یەکێتی سەرەتای ئەمساڵ دەستی لەپۆستی پارێزگاریی کێشایەوە، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رەخنەی لەپرۆژەی بودجەی ئەمساڵی 2010 گرت و گوتی "زۆر لەو پرۆژانەی لە بودجەی هەرێمی کوردستانی 2010 لە سلێمانی پارەیان بۆ دانراوەتەوە جێبەجێ بکرێن، من کاتی خۆم کردوومن، کەچی ئێستا داوای پارەیان بۆکراوەتەوە". هەروەها گوتی "بێسەروبەرییەکی زۆر و بێ وێنە لەبودجەی ئەمساڵدا هەیە، ناکرێت ئەو بێسەروبەرییە قبوڵ بکرێت. ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان لەناو خەڵکدا دەبێ و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش دەگۆڕێت".

لەبارەی پێشبینییەکانیشیەوە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەپارێزگای سلێمانی گوتی "یەکێتی ئەگەر جاری پێشوو لەشاری سلێمانی 3 کورسی بەدەستهێنابێت، ئەمجارە ئەوەش لەدەستدەدات".

پارێزگاری پێشووی سلێمانی راشیگەیاند کە ئەو توندوتیژییەی ئەمجارە لەسلێمانی روویدا "بە بەرنامە کراوە"و گوتیشی "جاری پێشوو سەیرمان دەکرد سیاسەتی هیچ لایەنێک نییە توندوتیژی بەکاربێنێت، بۆیە گرفتەکان بە ئاسانی چارەسەر دەکران، بەڵام ئەمجارە توندوتیژیەکە بە بەرنامەیەو دەسەڵاتداران و حکومەت لەپشتیەوەن".

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە لیژنەی ئەمنی گوشاری لەسەرەو گوتی کە ئەو لێدوان و روونکردنەوانەی لیژنەکە دەیدات "تەنانەت خۆیشیان باوەڕیان پێیان نییە".

لەبارەی توندوتیژییەکانی سەرەختی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی پێشوویش، دانا ئەحمەد مەجید گوتی "لە هەڵبژاردنی پێشوو بەرپرسی ئەمنی گەورە هاتووە فەرمانیانداوە کە تەقەبکرێت، بەڵام نەمانکردووە، بەمەرجێک ئەو بەرپرسە گەورەیەی کە نامەوێت ناوی بەرم، پیاوێکی زۆر توندڕەوە، بۆیە داوایان لەو کردبوو کە بڕیاری وابدات".

وەک ئاماژەیەکیش بەهێزی دژەتیرۆر گوتی "ئەمجارە هێزی دەرەوەی لیژنەی ئەمنی هاتوون تەسەروفیان کردووە، ئەو هێزە نە لەئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە لە ئیدارەی حکومەتی عێراقدا نییە و، رەنگە کۆمپانیایەک بێت لەکۆمپانیاکان".

10

### هوشیار زێباری بۆ (رووداو):

## نابێ زیادی و کەمی کورسییەکانی یەکێتی کار لە رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی بکات



**تایبەت بە رووداو**

هوشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە موسڵ رایگەیاند ئەگەر ئەمجارە کورد ئەنجامی باش بەدەستبێنێ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دا " ئەوکاتە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و یەکێک لە وەزارەتە سیادییەکانیش هی ئێمەیە".

هوشیار زێباری، کە لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە وەزیری دەرەوەی عێراقە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) پێشبینی ئەوە دەکات کە هیچ لایەنێکی سیاسی عێراق ناتوانێ زۆرینەی کورسییەکانی پەربەمان ببات و حکومەت پێکبێنێ " نەک هەر یەک و دووان و سێیانیش ناتوانن زۆرینە بێنن. بۆیە پێموایە حکومەتی داهاتووی عێراق لە چوار تا پێنج هاوپەیمانی دروست دەکرێت و حکومەتێکی ئیئتیلافیی بنکە فراوان دەبێ". سەبارەت بە پێگەی کوردیش لەبەغدا و حکومەتی داهاتووی عێراقدا گوتی ئەوە دەوەستێتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دانوستاندنە سیاسییەکانی دوای دەنگدان " ئەگەر ئێمە توانیمان ئەنجامی باش بێنین و ببینە لایەنێک لە دامەزراندنی حکومەت، ئەوکاتە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ ئێمەیە و یەکێک لە وەزارەتە سیادییەکانیش هی ئێمەیە". پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکات کە پێویستە بێ گوێدانە ئەوەی پارتی چەند کورسی زیاتری یەکێتی دێنێ رێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی بەردەوامبێت چونکە بەڕای ئەو " چارەنووسسازە"و، دەڵێ " لەم قۆناغەدا ئێمە زۆر کێشەمان ماوە، لای هەندێک کەس هەر لەوان وایە ساڵی 1961ە، کە وا نییە. ئەگەر لە بەغدا سەنگمان نەبێت، کەس نەیبردووەتەوە و هیچ سوودێکی نابێ".

3

Reklam




### گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دەکەن و بڕیاردەدەن:

## ئەگەر ساختەکاری زۆر بکرێ ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ ناکەین

**رووداو–سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ئاشکرایکرد کە هەر سێ لیستی گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا رێککەوتوون ئەگەر لە رۆژی هەڵبژاردن ساختەکارییەکی زۆر بکرێ، ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ ناکەن.

نازم عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لەپارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، لەهەڵبژاردنی پێشوو ساختەکاری زۆرتر لەهەولێر کرا "بەڵام ئەمجارە لەسلێمانیش ئەو مەترسییەمان هەیە"، ناوبراو ئاشکرایکرد، کە لەگەڵ گۆڕان و یەکگرتوو کۆبوونەوەیان کردووە بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئەگەری روودانی ساختەکاری " لە کۆبوونەوەکەدا بڕیارماندا ئەگەر ساختەکاری زۆرکرا، بەئەنجامەکان رازی نابین".

بەشیر محەممەد، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی پشتڕاستیکردەوە کە چەند دانیشتنێکیان لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ لەو بارەوە ئەنجامداوەو گوتی " دوای دانیشتنەکان 4 یاداشتی هاوبەشمان داوەتە کۆمسیۆنی باڵا، لەبارەی ئەگەری ساختەکاری کردنەوە، کۆمسیۆنیش کاری لەسەر یاداشتەکان کردووە، بۆ نمونە لەهەولێر بڕیاریانداوە بەتیروپشک بەڕێوەبەری بنکەکان دیاری بکەن"، ناوبراو گوتیشی "ئامانج لەو یاداشتە پێش وەختانە بۆ ئەوەیە، کە دوای هەڵبژاردن کاتێک گوتمان ساختەکاری کراوە، نەڵێن هەر دەمانزانی دواتر دەنگ بەرز دەکەنەوەو رازی نابن".

بەڵام عارف روشدی بە توندی لێدوانی بەرپرسانی کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕان رەتدەکاتەوە، کە ئەوان تەزویر بکەن و گوتی "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نییەو ئەو لایەنانە دەزانن دەنگ ناهێنن و هاوپەیمانیی کوردستان بەهێزە، بۆیە کەوتوونەتە قسەکردن لەبارەی ساختەکاری، ئێمە وەک هاوپەیمانیی و یەکێتی پێویستیمان بەساختەکاری نییە".

2

# ڕاپۆرتە هەواڵ

## زەحمەتە نەوشیروان مستەفا بچێتە هەولێر



**ولادیمێر فان ویلخنبێرخ - سلێمانی**

**محەممەد تۆفیق، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند کە زەحمەتە بۆ نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەکە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن سەردانی هەولێر بکات و گوتی"دەبێ زۆر بەوردی تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەین. هەر شتێک ڕوویدات، ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدانی هەڵبژاردنەکان". هەروەها گوتی" لە هەولێر ڕەنگە ئەوان کێشە دروستبکەن و ببێتە هۆی تێکدانی هەڵبژاردنەکان، بۆیە دەبێ وریا بین و هیچ بیانوویەکیان نەدەین". گوتیشی کە ڕەنگە پارتی هەڕەشە لەخەڵک بکەن و ڕێگەیان پێنەدەن "پارتی هەموو شتێک دەکات".**

### لە ڕۆژی هەڵبژاردن

# هاتووچۆی ئۆتۆمبێل قەدەخە ناکرێ

## جیاکردنەوەی دەنگەکان لە بنکەی دەنگدان دەبێت

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەرپرسان لە نزیکترین بنکەی دەنگدان دەنگ دەدەن و ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بچنە هەموو بنکەکانی دەنگدان، بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو هاتووچۆی ئۆتۆمبێل قەدەخە ناکرێ.

هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەنووسانی پارێزگای هەولێر بۆیان هەیە بچنە هەموو بنکەکانی دەنگدان لە سنووری پارێزگاکە "هەوڵدەدەین ڕێگەیان پێبدرێ کامێراو مۆبایلیش ببەنە ژوورەوە".

هەندرێن گوتی لە سنووری پارێزگای هەولێر باجی متمانەیان داوەتە 34 دەزگای ڕاگەیاندن و 373 ڕۆژنامەنووس کە 53 ڕۆژنامەنووسیان بیانین. ناوبراو ئاشکراشیکرد 40 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی متمانەی کۆمسیۆنیان وەرگرتووە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن و 2628 باجیان داوەتە چاودێران، کە 200 یان بیانین. هەروەها 5773 چاودێری قەوارە سیاسییەکان باجیان بۆ کراوە.

سەبارەت بە هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لەڕۆژی دەنگدان، فایەق تۆفیق، بریکاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەڕۆژی دەنگدان هاتووچۆی ئۆتۆمبێل ئاساییە و هەموو هاووڵاتیان دەتوانن بە ئۆتۆمبێلی خۆیان بچنە بنکەی دەنگدان، بەڵام ئاژاوە دروست نەکەن".

بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە کاتی کردنەوەی بنکەکانی دەنگدان گوتی "کاژێر 7ی بەیانی بنکەکانی دەنگدان دەکرێنەوە، لەو کاتەوە دەنگدەران دەتوانن بچن دەنگ بدەن تا کاژێر 5ی ئێوارە"، سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی هەڵبژاردن، هەندرێن گوتی "لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا نەهاتووە، ماوەی هەڵبژاردن درێژبکرێتەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو، کۆمسیۆن کاتەکە درێژدەکاتەوە".

بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆن، ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە ئەمجارە بنکەی vip بۆ بەرپرسان ناکرێتەوە "بەرپرسەکان دەتوانن لە نزیکترین بنکە دەنگ بدەن".

لە هەڵبژاردنی تایبەت و گشتی چاودێرانی متمانەپێکراو لەلایەن کۆمسیۆن بۆیان هەیە بچنە بنکەکانی دەنگدان و چاودێری پرۆسەکە بکەن. هەندرێن محەممەد گوتی "نوێنەری قەوارە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسی ناوخۆیی و بیانی و چاودێرانی کۆمسیۆن و نێودەوڵەتی و کارمەندانی کۆمسیۆن بۆیان هەیە لەناو بنکەکانی دەنگدان بمێننەوە، لەکاتی بوونی کێشە یان پێویستییەک بەڕێوەبەری بنکە بۆی هەیە ڕێگە بەکارمەندانی پۆلیس بدات بچێتە ناو بنکەی دەنگدان، هەر کامێکیان سەرپێچی بکات لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت". سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەنگەکانیش هەندرێن گوتی "دەنگەکان دوای کاژێر 5ی ئێوارە هەر لەنێو بنکەی دەنگدان جیادەکرێنەوە، ئەگەر ماوەی هەڵبژاردن درێژ نەکرێتەوە، پاشان سندوقەکانی دەنگدان بە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە کۆمسیۆن دەگوازرێنەوە".

### ڕێککارییەکانی نێو بنکەی دەنگدان

- بەر لە دەنگدان هەردوو دەستی دەنگدەر دەپشکێنرێ بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی هیچ جۆرە مەرەکەبێک لەسەر دەستی.
- دەبێ دەنگدەر ئیمزا یان پەنجەمۆر بکات.
- کارتی دەنگدان بە نوشتێنراوەیی بدرێتە دەنگدەر.
- کارتی دەنگدان بە نوشتێنراوەیی دەخرێتە ناو سندووقەکانی دەنگدان.
- دەنگدەر پێش ئەوەی کارتەکە بخاتە ناو سندووقی دەنگدان دەبێ پەنجەی ڕاستی شایەتمانی بسرێتەوەو بیخاتە نێو مەرەکەب.

# "پێش هەڵبژاردن ڕایدەگەیێنین چەندین بەرپرسی یەکێتی هاتوونەتە ناو گۆڕان"

## یەکێتی: یەک کادیریشمان پەیوەندی بەگۆڕانەوە نەکردووە و 26 گرووپی گۆڕان پەیوەندییان پێوە کردووین

**تایبەت بەڕووداو**

بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیێنێت چەندین بەرپرس و کۆمیتەی یەکێتی کە زۆربەیان لە سنووری کەرکووکن، پەیوەندییان بە گۆڕانەوە کردووەو ڕۆژێک پێش هەڵبژاردن ئەوە ڕادەگەیێنن. یەکێتیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت تەنانەت یەک کادیرمان پەیوەندی بە گۆڕانەوە نەکردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" چەندین کۆمیتەی یەکێتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و خانەقین و شەش کۆمیتەی سنووری پارێزگای کەرکوک و کۆمیتەی سامەڕا لە خورماتوو و لە ناوچەی حەمرین پەیوەندییان بە گۆڕانەوە کردووە، لەناو ئەوانەشدا بەرپرسی کۆمیتە و ئەندام و کارگێڕ مەڵبەندیان تێدایە و سەدان کادیریان لەگەڵدایە کە پەیوەندییان بەگۆڕانەوە کردووە".

ئەو سەرچاوە گوتیشی بزووتنەوەی (گۆڕان) بەمەبەستەوە تاوەکو ئێستا ئەوەی ئاشکرا نەکردووە "گۆڕان خۆی نەیویستووە ئاشکرای بکات، بەڵام بەهۆی ئەو سیاسەتەی یەکێتی لەڕاگەیاندندا کردی پێش هەڵبژاردن ڕایدەگەیێنین".

سالار عەزیز، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، گوتی"ڕاستە بەسەدان کادیر و دەیان بەرپرسی کۆمیتەکان پەیوەندییان بەئێمەوە کردووە، بەڵام نەمانویستووە لاسایی ئەوان بکەینەوەو پیشانیان بدەین"، لەبارەی ئەگەری پیشاندانی ئەوانەشەوە سالار عەزیز، گوتی" ئەگەرێک هەیە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەوە ئاشکرا بکەین".

بەشێکی ئەو بەرپرسی ئەوکۆمیتەوکادیرانەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ پەیوەندییان پێوە کردوون، لەسنووری کەرکووک و حەمرینن. بەڵام محەممەد دێشوانی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە کەرکووک ڕەتیدەکاتەوە کە هیچ کادیرێکی یەکێتی پەیوەندی بەوانەوە کردبێت" ئەو قسانەی گۆڕان دەیکات زۆر بێ بنەمان، بەدڵنیاییەوە تاکە کادیرێکی یەکێتیش پەیوەندی بە گۆڕانەوە نەکردووە، بەپێچەوانەوە 26 گرووپی گۆڕان و چەندین بارەگایان لە ڕێگای ئێمەوە گەڕاونەتەوە ناو یەکێتی، ئەوەی گۆڕان بۆ ناوچەکانی دیکەش دیڵێت ئێمە ئاگادارین و ڕاست نییە".

# "هەماهەنگی وەزارەتەکان نەبووە یان کەمبووە لە داڕشتنی بودجەدا"

## پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی کوردستانی داوادەکات بودجە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت

**تایبەت بەڕووداو**

پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانی بەهۆی نەبوونی پەیوەندی لەنێوان وەزیرەکان و وەزارەتی دارایی لەداڕشتنی بودجەی وەزارەتەکاندا پێشنیاز دەکات بودجە ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێتەوە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی.

لەدانیشتنی 2010/3/1ی پەرلەمانی کوردستاندا، عومەر هەورامی، پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانی، پێشنیازی گەڕاندنەوەی بودجەی کرد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەو پەرلەمانتارە، هۆکاری ئەو پێشنیازەی گەڕاندووە بۆ ئەوەی کە"هەستدەکرێت وەزیرەکان هاوئاهەنگییەکی کەمیان هەبووە یاخود نەیانبووە لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کە بۆیان پێشنیازکراوە، پەرلەمانتاران لە دانیشتنی پەرلەماندا چەندین پرسیاریان ئاراستەی ئەو وەزیرانە دەکرد سەبارەت بەبودجەی وەزارەتەکان و چەند کەلێنێک، بەڵام لەوەڵامی وەزیرەکاندا ئەنجامێک دەست نەدەکەوت".

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بەوە دەکات کە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی هەماهەنگییەکی کەم لەنێوان وەزارەتەکان و وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیراندا هەبووە لە دانانی بودجەدا "پێشنیازم کرد کە بودجەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت و هاوئاهەنگی زیاتر بکرێت و باشتر داڕشتنەوەی بۆ بکرێت، چونکە بودجەکە زۆرەو ئەگەر داڕشتنەوەی زیاتری بۆ بکرێت دەتوانرێت خزمەتێکی باشتر بەخەڵک بکرێت".

سەرچاوەیەکی بەرپرسیش لە وەزارەتی دارایی لەبارەی ئەوەی کە ئایا وەزارەتەکانی دیکە تاچەند ئاگایان لەپرۆژەی بودجەی وەزارەتەکانیان هەیە، ئەوەی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو کە"سەرەتا وەزارەتی دارایی داوای لەتەواوی وەزارەتەکان کرد بودجەی پێشنیازکراوی خۆیان ئاراستەی وەزارەتی دارایی بکەن، پاش ئەوەی ئەوان بودجەی خۆیان ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کرد، وەزارەتی دارایی کەمکردنەوەی لە بودجەی بەشێک لە وەزارەتەکاندا کرد بەوپێیەی کە پێشنیازی بڕێکی زۆریان کردبوو زیاتر لە توانای حکومەت نەبوو، بەشێک لەو بودجە داواکراوانە کەمکراوەتەوە".

### کەشناسی:

# ڕۆژی دەنگدان خۆرەتاوە

## هاووڵاتییەک: ئەگەر بەردیش بباریَ هەردەچم بۆ دەنگدان

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

هاووڵاتیانی شاری هەولێر جەخت لەوە دەکەنەوە کە کەشوهەوای ڕۆژی هەڵبژاردن بە هەر جۆرێک بێ، ڕێگرییان لێناکات بۆ چوون بۆ بنکەکانی دەنگدان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی کوردستانیش ناتوانێ پێشبینی کەشوهەوای ڕۆژی هەڵبژاردن بکات.

"ئەگەر ئەو ڕۆژە نەک باران بەردیش بباریَ، هەر دەچم بۆ دەنگدان"، زیاد کەمال، تەمەن 53 ساڵ، بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دادەنێ، بۆیە گوێنادات کەشوهەوای ڕۆژی هەڵبژاردن.

هەفتەی ڕابردوو، شەپۆلێکی خۆڵبارین سەرتاسەری عێراق و کوردستانی گرتەوە، دواتر پلەکانی گەرما دابەزین و باران بارین زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە. هەرچەندە تەنیا چەند ڕۆژێک ماوە بۆ هەڵبژاردن و دەزگای کەشناسیش ناتوانێ هیچ پێشبینییەک بکات، بەڵام هاووڵاتیان دەڵێن کەشوهەوا هەر چۆنێک بێ، ساردیان ناکاتەوە لە هەڵبژاردن.

زیاد کەمال بە حەماسەتێکی زۆرەوە گوتی "من لە شەوە تاریکەکاندا لەژێر بەفر و باراندا لەبەرامبەر ترسناکترین ڕژێمی دیکتاتۆری وەستاوم و شەڕم کردووە، چۆن ئەمڕۆ ناچم بۆ دەنگدان"، بەڵام بەدووریشی نەزانی، ئەگەر کەشوهەوا ناخۆش بێ هەندێک کەس نەچنە دەنگدان، بە تایبەتی بەساڵاچووان و نەخۆشەکان.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەو باوەڕەدا نییە، خراپی کەشوهەوا ببێتە ڕێگر لەبەردەم دەنگدەران. هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردنەکان، گوتی "خۆڵبارین و کەشوهەوای ناخۆش نابێتە ڕێگر لەبەردەم بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە هەڵبژاردن، مەگەر کارەساتێکی هاوشێوەی هایتی ڕوویدات". گوتیشی "هەر گرفتێک بۆ دەنگدانی هاووڵاتیان دروستببێ، کۆمسیۆن ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتە بەر".

پالێوراوانیش پێیانوایە لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بە لیستی کراوەیە، هاووڵاتیان بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری دەنگدان دەکەن و گوێ نادەنە کەشوهەوا . حاکم فەرهاد ڕەسوڵ، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی و کاندیدی یەکێتی لەشاری سلێمانی گوتی "ئەگەر کەشوهەواکە لەڕۆژی دەنگدان ناخۆش بێت، هەموو ئاسانکارییەک بۆ هاووڵاتیان دەکرێت، بۆئەوەی زۆرترین ژمارەیان بەشداری هەڵبژاردن بکەن". گوتیشی "لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوەیە، خەڵک بەگەرموگوڕییەوە بەشداری دەکات".

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی کوردستانیش ناتوانێ پێشبینی کەشوهەوای ڕۆژی هەڵبژاردن بکات، ئاخۆ کەشوهەوا باراناوی دەبێ، یان ئاسایی. حەسەن وەهاب، بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی کوردستان گوتی "کەشناسی هیچ وڵاتێکی دونیا ناتوانێ پێشبینی هەفتەیەک بکات". گوتیشی "ئێمە تەنیا دەتوانین پێشبینی بۆ 24 کاژێری داهاتوو بکەین".

بەڵام جەمال مەجید، بەڕێوەبەری بەشی کەشوهەوا لە دەزگای کەشناسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە باران بارین تاوەکو ڕۆژی 2010/3/6 بەردەوام دەبێت و ڕۆژی 7ی مانگ کە ڕۆژی دەنگدانە، خۆرەتاو دەبێت.

# پالێوراوان بازاڕی کارتی مۆبایل گەرم دەکەن




**ئاری عوسمان**
**ڕووداو- هەولێر**

کارت فرۆشێکی مۆبایل لە شاری هەولێر ئاشکرایکرد کە هەندێک لە پالێوراوان پەنایان بردووەتە بەر کڕینی کارتی مۆبایل بۆ ئەوەی بەدیاری بیدەنە هاووڵاتیان و دەنگی پێ کۆبکەنەوە، ئەو کەسە کە پارەی لەلای یەکێک لە پالێوراوانە و لە ترسی فەوتانی پارەکەی نەیویست ناوی ئاشکرا بکات گوتی "کاندید هەبووە 2000 کارتی 5 دۆلاری ویستووە، پارەی هەندێکی داومەتێ ئەویتریشی بەقەرز بردووەو پێیگوتووم ئەگەر دەربچم پارەی زیاترت دەدەمێ".

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بە لیستی کراوە ئەنجامدەدرێ، هەندێک لە پالێوراوانی ناچار کردووە، کە جۆرەها ڕێگە بگرنە بەر بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، یەکێک لەو شێوازانەش کڕینی دەنگی دەنگدەرە بە دیاری، ئەو دیاری کڕینەش جموجۆڵێکی زۆری خستووەتە بازاڕ، بە تایبەتی بازاڕی فرۆشیارانی کارتی مۆبایل.

بریکارەکانی فرۆشتنی کارتی مۆبایل زیادبوونی داخوازی کارتی مۆبایل پشت ڕاستدەکەنەوە، بەڵام هەندێکیان وەک ئەوەی زۆر ئاگاداری بانگەشەی هەڵبژاردن نەبن، دەڵێن نازانین ئەو ماوەیە بۆ بازاڕمان گەرمە.

ریاز ئەفرم بحو، کە یەکێکە لەبریکارەکانی فرۆشتنی کارتی کۆرەک لەهەولێر، گوتی "نازانم کێن ئەوانەی داوای کارتی موبایل دەکەن، بەڵام ئێستا خواست لەسەر کارت زۆر زیاتر بووە، بۆ نموونە من دەتوانم ڕۆژانە تەنیا بایی 80 هەزار دۆلار کارت داوا بکەم کە دەکاتە 10هەزار کارتی 5 دۆلاری، 3 هەزار کارتی 10دۆلار، 100 کارتی 25 و 50 دۆلاری، بەڵام هیچی نامێنێتەوە، ڕۆژانە 3 هەزار کارت زیاتر لەو ڕێژەی هەمانە داوادەکرێ، بەڵام نیمانە بیاندەینێ".

کاندیدانیش پێیانوایە هەموو کاندیدێک ئازادە چۆن بانگەشە بۆ خۆی دەکات، بەڵام کڕینی دەنگ بە کارتی مۆبایل ڕەتدەکەنەوە، ئوسامە جەمیل کاندیدی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەشاری هەولێر گوتی "هەموو کاندیدەکان ئازادن چۆن بانگەشە بۆخۆیان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەنگ، بەڵام دەنگ کڕین بە کارتێکی مۆبایل کارێکی نا دیموکراسیانەیە"، ناوبراو گوتیشی "ئەو کاندیدانەی بەو جۆرە دەنگ پەیدا دەکەن ناسراو نین، دەیانەوێ بەو جۆرە خۆیان بە خەڵک بناسێنن، بەڵام زۆربەی دەنگدەرانی کورد خۆیان یەکلایی کردووەتەوە دەنگ بەکێ دەدەن، ئەو شتانە کاریان تێناکات".

بەشێک لە هاووڵاتیان دەڵێن دیاری پالێوراوان ڕەتناکەنەوە، بەڵام مەرج نییە دەنگیان پێبدەن. فازڵ بەکر، 31 ساڵ، بە پێکەنینەوە گوتی "لەوە باشترنییە کارتی موبایلت بدەنێ تا دەنگیان پێبدەی، هیچ کاندیدێک کارتی موبایلی نەدایمێ، بەڵام ئەگەر بمدەنێ لێیان وەردەگرم، خۆ زەرەر ناکەم لەپێش ئەو دەڵێم دەنگت پێدەدەم ئەو لەکاتی دەنگدان لای من نییە تابزانێت دەنگ بە کێ دەدەم".

ژین نوری نانەکەلی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی لەشاری هەولێر پێیوایە پێدانی کارتی موبایل بە خەڵک مانای " کڕین و فرۆشتنە بەدەنگ"، هەرچەندە ئەو ڕەتیکردەوە کە پەنا بۆ ئەو جۆرە شێوازانە ببات بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەڵام گوتی "کاندیدێکی هاورێم کارتی مۆبایل و شیرنی بەسەر هاووڵاتیان دابەش دەکات و بەڵێنی گەورەیان پێدەدات تا دەنگی پێبدەن"، ژین گوتیشی "ئەگەر دەربچم ئاهەنگێکی گەورە ساز دەکەم".

# کاندیدێکی پارتی لە گەرمیان دەکشێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

ئیبراهیم عەلی مورادیار، کاندیدی ژمارە 14ی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە سنووری لقی 22ی گەرمیان، دەکشێتەوە، کوڕەکەی دەڵێ لەبەرئەوەی کاری بۆ نەکراوەو بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی خۆی کێشاوەتەوە، بەڵام لقی 22ی پارتی دەڵێت "بەویستی خۆی کشاوەتەوە".

ئومێد کوڕی ئیبراهیم عەلی مورادیار، هۆکاری کشانەوەی باوکی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی "لقی 22 ئیشیان بۆ باوکم نەدەکرد و بانگەشەیەکی ئەوتۆیان بۆ نەکرد، چەند ڕۆژێک لەمەوبەریش بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی کە هەریەک لە سەڵاح دەلۆ و مەحمود محەمەد بە باوکمیان گوتبوو بکشێتەوە، باوکیشم کشایەوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لقی 22ی گەرمیانی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە ڕایگەیاند "لقی 22 و پارتی لە گەرمیان بە ئاشکرا لە کۆڕ و کۆبوونەوە حزبییەکان بە لایەنگرانی پارتییان گوتووە دەبێت دەنگ بۆ د.مەحمود عوسمان بدرێت نەوەک ئیبراهیم عەلی کە کاندیدی لقی 22ە". ئومێد کە هاوکات جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئەنفال و شەهیدانی گەرمیانە و بەرپرسی مەکتەبی شەهیدانی پارتی بووە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی لقی 22 کردووە، لەمبارەیەوە گوتی "بەرپرسی لق بە باشی پێشوازیی لێنەدەکرم و حسابێکی ئەوتۆیان بۆ نەکردم وەکو نوێنەری پارتی لەبەڕێوەبەرایەتی ئەنفال، باوکیشم ژمارە 14یە خۆزگە هەر کاندید نەبووایە، لقی 22 ی پارتی هیچ ئیشیان بۆ نەدەکرد، بەڵکو زیاتر کار بۆ مەحمود عوسمان دەکەن، بۆیە وەک نارەزاییەک بەرامبەر ئەوەی بەرامبەر بە باوکم کردیان دەستم لەکارکێشایەوە". گوتیشی "پارتی بێوەفابوو بەرامبەرمان".

هەروەها گوتیشی"ژمارەیەک لە دۆستانی ئێمە و باوکم پێیانگوتین مادام مامۆستا ئیبراهیمیان کشاندەوە ئێمە دەنگ بە پارتی نادەین و، دەنگ دەدەینە گۆڕان".

عەبدولرەحمان دەلۆ، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی 22ی گەرمیانی پارتی لەمبارەیەوە دەڵێت "ئێمە وەکو کاندیدێکی پارتی کار بۆ د.مەحمود عوسمان دەکەین، ئەگەرچی گوتویەتی پارتی نیم، بەڵام لە دەنگداندا خەڵک ئازادە دەنگ بە کێ دەدات".

عومەر شەریف، بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی 22 دووپاتیکردەوە پارتی لە ناوچەی گەرمیاندا کار بۆ بەدەستهێنانی یەک کورسی دەکات، بۆیە "بە پلەی یەکەم کار بۆ د.مەحمود عوسمان دەکەین".

(ڕووداو) چەندین جار پەیوەندیی بە کاندیدە کشاوەکەی پارتییەوە کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

## ڕیپۆرتاژ

### بە دەنگی تورکمانەکانی هەولێر دەچمە بەغدا



ڕووداو-هەولێر

تایفە ڕۆستەم قەساب،کاندیدی لیستی تورکمانی هەولێر لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕایگەیاند کە دەنگی تورکمانانی هەولێری بەسە بۆ ئەوەی بگاتە پەرلەمانی عێراق "متمانەم بەخۆم هەیە تەواوی حیزبە تورکمانیەکانی هەولێر پێشتیوانیم لێ بکەن، چونکە هەمومان یەک ئامانج کۆمان دەکاتەوە ئەویش خزمەتکردنی گەلی تورکمانە"، تایفە تورکمانەکانی هەولێر بە مەغدوور دەزانێ و دەڵێت "تورکمان لەهەولێر نمیچە مافیان پێدراوەو لە کەرکووکیش پەراوێز خراون، ئەگەر بچمە بەغدا ناوی تورکمان لەدەستووری عێراق دەچەسپێنم".

## هوشیار زێباری، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە موسڵ:

# کاندیدەکانی پارتی لە موسڵ بە دانپێدانانی بەغدا و UN بەهێزترین کاندیدن



هوشیار زێباری دەڵێ، کاری باش کراوە بۆ ئەوەی دەنگی کوردانی ئێزدی بۆ کورد بێت (فۆتۆ:ڕووداو)

**هوشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامەوە تاوەکو ئێستا وەزیری دەرەوەی عێراقە. هوشیار زێباری کە لەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراقدا سەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەکات لە موسڵ، دەڵێ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ئەوەندەی دهۆک کورسی دێنێ، کە کورسییەکانی دهۆک لە پەرلەمانی عێراق 10 کورسین. کەچی بەپێی پێشبینییەکان کورد 12 کورسی لە کۆی 31 کورسییەکەی موسڵ دێنێت.**

**هوشیار زێباری لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی قۆناخی دوای هەڵبژاردنی عێراق دەکات لە پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی و، پێگەی کورد لە بەغدا.**

**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: لەم هەڵبژاردنانەدا، هەر حیزبێک قورسایی خۆی بۆ دەردەکەوێت، ئایا ئەو هەڵبژاردنە بەوهۆیەوە بۆ پارتی چەندە چارەنووسسازە؟**

**هوشیار زێباری:** ئێمە لەم هەڵبژاردنەدا وەک هاوپەیمانیی کوردستان بەشدارین، واتە هەر دەنگێک کە دەیبەین لەپێشدا بۆ هاوپەیمانیی کوردستانە، چونکە لیستەکە تەنها پارتی و یەکێتی تێدا نییە،خەڵک و حیزبی دیکەی کوردستانیشی تێدایە. ئەمجارە سیستەمی هەڵبژاردن جیاوازە، دەنگ بۆ لیستێک دەدەی، بەڵام ئازادیی ئەوەشت هەیە، پاڵێوراوێکیش هەڵبژێری. ڕاستە لە ئەنجامدا هەرکەسەو سەنگی خۆی بۆ دەردەکەوێت، بەڵام لە ئەنجامدا دەنگەکە هەمووی بۆ هاوپەیمانی دەچێت. ئێمە کاتێک بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەین بۆ هاوپەیمانیی دەکەین. ئەوە فرسەتێکە بۆ کاندیدەکان کە ئەگەر کەسێک سومعەیەکی باشی هەبێت، تەنانەت ئەگەر حیزبەکەشی لێی نارازی بێت، خەڵکەکە دەریبچوێنن.

**ڕووداو: هەندێک پێشبینی هەیە لەسەر ئەوەی کە پارتی دەتوانێ 26 کورسی بێنێ، ئێوە چ پێشبینیەکتان هەیە وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی؟**

**هوشیار زێباری:** ئەمانە هەمووی تەنها پێشبینین. هەر پارێزگایەک ژمارەی کورسییەکانی دیاریکراوە، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە سەر هێزی دەنگدان و ڕێژەی بەشداری. چونکە جگە لەو کورسییانە کورسیی دیکەش هەیە. کورسییەکانی قەربووش هەن، تەنانەت کورسی بەتاڵیش دەبێ، هەندێک لیست ڕەنگە نەتوانن ڕێژەی پێویست بە دەستبێنن، ئەو دەنگانەش هەموو دەگەڕێنەوە بۆ لیستە سەرکەوتووەکان.

## کەم و زۆری کورسییەکانی یەکێتی کاریگەری لەسەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی هەردوولا نابێت

پارتی و یەکێتی شەریکی یەکن، بەڕای من دەبێ پێکەوە بن، ڕاستە مونافەسەی سیاسی و حیزبی هەیەو، ئەوەش شتێکی ڕەوایە، بەڵام لە کێشە بنەڕەتییەکاندا دەبێ هەڵوێستیان یەک بێت.

**ڕووداو: بەڵام ئەمجارەیان وەک هەڵبژاردنی کوردستان کورسییەکان نیوە بە نیوە دابەش ناکرێن، چەند هاوپەیمانیش بن، ئەگەر پارتی کورسییەکانی لە یەکێتی زیاترین، ئایا ئەم هاوسەنگییە هەر وا بەردەوام دەبێت؟**

**هوشیار زێباری:** بەڵێ. نوێنەرانی پارتی لە بەغدا داکۆکی لە پرۆگرامی هاوپەیمانیی کوردستان دەکەن.

**ڕووداو: لە ناوچەی موسڵ چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کورد بتوانێ 12 کورسی بباتەوە، ئێوەش وایدەبینن؟**

**هوشیار زێباری:** ئەوەش دیسان هەر پێشبینییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، یەک لەسەر سێی دەنگەکانی موسڵ هی ئێمەیە. ئەگەر ئەو 31 کورسییەی کە لە نەینەوا هەیە کاری بۆ بکرێت واتە میللەتی خۆمان و دەنگدەرانمان ببەینە سەر سندووق و بێ ترس و بە ئازادی بتوانن دەنگبدەن، چاوەڕێی ئەوە دەکەین زیاتر لە سێیەکی دەنگەکان بێنین.

**ڕووداو: دیسان هەر پێشبینییە، پێشبینی ئەوە دەکرێت لەو 11 یان 12 کورسییەی کە کورد لە موسڵ دەیهێنێت، پارتی 8 کورسی ببات، ئێوە چۆنی دەبینن؟**

**هوشیار زێباری:** باوەڕ بکە من ناتوانم پێشبینی بکەم، بەڵام لیستی ئێمە وەک پارتی لە موسڵ لیستێکی زۆر بەهێزە. پێکهاتەی لیستی پارتی لە موسڵ نەک هەر بە پێی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، بگرە بەپێی هەڵسەنگاندنی بەغدا و نەتەوەیەکگرتووەکان، بەهێزترین لیستە. چونکە کاندیدەکانی ئێمە وەک پارتی هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە، عەرەب، ئێزدی، شەبەک، مەسیحی و کوردی موسڵمانی تێدایە. بۆیە بەهێزە و لەبەرئەوە پێشبینی دەکەم لە موسڵ ئەنجامێکی باش بێنین.

## حکومەتی ئەمجارەی عێراق لەچەند لیستێک دروستدەکرێ

## ئەگەر ئەنجامی باش بێنین پۆستی زیاتر لە بەغدا وەردەگرین

## لەموسڵ ئەوەندەی دهۆک کورسی دێنین

**ڕووداو: نزیکەی 500 هەزار کوردی ئێزدی لە ناوچەکە دەژین و کورسییەکی کۆتاشیان هەیە، ئایا تواناروە دابەشکردنێکی وا بۆ دەنگەکانیان ڕێکبخرێ کە دەنگیان بۆ کورد بێ؟**

**هوشیار زێباری:** ئێزدی بە دڵنیاییەوە دەنگدەدەن و باشیش دەنگ دەدەن. لە ژێر هیچ گوشارێکدا نین کە دەنگ بۆ کێ بدەن، بەڵام مەرج نییە پێمانوابێ کە ئێزدییەکان تەنها دەنگ بۆ ئێزدی بدەن، ڕەنگبێ هەندێک هەبن دەنگ بۆ عەرەبیش بدەن. بەڵام من پێموایە کاری باش کراوە تا دەنگیان بۆ کورد بێت.

**ڕووداو: ئایا ئەگەر ئەمجارەش یەکێتی نەتوانێ لە سلێمانی سەربکەوێ، ئەوە هیچ کاریگەریی لەسەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئێوە و یەکێتی دەبێت؟**

**هوشیار زێباری:** من باوەڕناکەم کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی هەبێت، چونکە ئەم ڕێککەوتنە شتێکی چارەنووسسازە، نابێ نە پارتی و نە یەکێتی دڵیان بەوە خۆش بێت کە کامیان چەند کورسی دەباتەوە. لەم قۆناغەدا ئێمە زۆر کێشەمان ماوە، لای هەندێک کەس هەر لەوان وایە ساڵی 1961ە، کە وا نییە. ئەگەر لە بەغدا سەنگمان نەبێت، کەس نەیبردووەتەوە و هیچ سوودێکی نابێ.

**ڕووداو: نوێنەرێکی گۆڕان لە موسڵ لەگەڵ پارێزگاری موسڵ ئەسیل نجێفی دانیشتووە، ئەوە چ کاریگەریی لەسەر گۆڕان هەبوو لە ناوچەی موسڵ؟**

**هوشیار زێباری:** ئەمە کاریگەریی سەلبی هەبوو بۆ سەر گۆڕان، چونکە بەڕاستی ئەو ئیدارەیەی ئێستای موسڵ هەڵوێستێکی ڕەگەزپەرستانەی هەیە بەرامبەر بە بوون و ڕۆڵی کورد. هەق نییە هیچ هێزێکی کوردی بچێت موجامەلەیان بکات. موجامەلە لەسەر چی دەکەن؟ ئەوان هەوڵدەدەن ئەو شتانە بەکاربێنن، ئێمە لە موسڵ کێشەیەکمان هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێ. کێشەکە سیاسییە. ئەوانەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو دەنگیان دا تەعبیریان لە ئیرادەی یەک ملیۆن کەس کرد لە موسڵ، بەڵام ئیدارەی موسڵ دەڵێ، نەخێر ئێوە موستەحەقی ئەوە نین بەشدار بن. هەموو کەس ئازادە هاوپەیمانی بکات، بەڵام پێموابێ ئەوە لەبەرژەوەندی بزووتنەوەی گۆڕان نەبوو کارێکی وا بکات.

**ڕووداو: دەگوترێ گۆڕان دەتوانێ کورسییەک لە موسڵ بێنێ؟**

**هوشیار زێباری:** وەڵلا پێشبینی زۆرە، بەڵام ڕاستییەکی ئەوەیە کە کەس بە ماستی خۆی ناڵێ ترشە.

**ڕووداو: لیستی هاوپەیمانیی کوردستان چەندەم دەبێت؟**

**هوشیار زێباری:** ئێمە ئەنجامێکی باش دێنین. من پێشبینی دەکەم بەو جۆشوخرۆشەی دەنگدەرانی ئێمە هەیانە، ئەنجامێکی زۆرباش بێنین. ئەمە تەحەدایەکی نەتەوەییە. ئێمە لە موسڵ بەقەدەر دهۆک کورسی دێنین.

**ڕووداو: هەندێک عەرەب دەڵێن نابێ چیدیکە پۆستی سەرۆک کۆماری و وەزارەتی دەرەوە بدرێنەوە کورد، ئایا گرەنتی هەیە ئەو پۆستانە دیسانەوە ببنەوە بۆ کورد؟**

**هوشیار زێباری:** خۆ ئەمە قسەی ئێستایان نییە، ئەوان هەر لە دەستپێکەوە هەر وا دەڵێن. ئەوە دەمێنێتەوە سەر خۆمان، سەر ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان دێنین. ئەگەر لە بەغدا سەنگمان هەبێت و قسەمان هەبێت و لایەنێک بین لە دامەزراندنی حکومەت، دەتوانین نەک هەر ئەمانە بپارێزین بگرە زیاتریش وەربگرین. ئەمە هەمووی بەندە بە ئەنجامی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی سیاسی بۆ پێکهێنانی حکومەت.

**ڕووداو: پێشبینی دەکرێ لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی براوەی ئەم هەڵبژاردنە بێت لە عێراق بەگشتیی، ئەی ئێوە چ پێشبینییەکتان هەیە؟**

**هوشیار زێباری:** نە هیچ هاوپەیمانییەک و نە هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێ بە تەنها زۆرینەی دەنگەکان ببات. نەک هەر یەک بە دووان و سێیانیش ناتوانن زۆرینە بێنن. بۆیە پێموایە حکومەتی داهاتووی عێراق لە چوار تا پێنج هاوپەیمانی درووست دەکرێت. حکومەتێکی ئیئتیلافیی بنکە فراوان دەبێ.

**ڕووداو: یەکێتی نیشتمانی دەڵێ پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ مام جەلال گرێنتییە، ئەی بۆ وەزارەتی دەرەوە چ گرەنتییەک هەیە؟**

**هوشیار زێباری:** ئێمەش پشتیوانی ئەوە دەکەین کە ئەو پۆستە بۆ مام جەلال بێتەوە. پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵ وەزارەتی





## ئێستا ساڵی 1961 نییە و ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی زۆر چارەنووسسازە

دەرەوەدا جیاوازە، پۆستی سەرۆک کۆمار پۆستێکی سەرەکییە و زەمانەتە. بۆ پۆستی وەزاریی ئێمە دوای هەڵبژاردن و لەکاتی پێکهێنانی کابینەی حکومەت دەچینە ناو دانوستاندنەوە. ئەوە چوار هەڵبژاردنە هەموو داوای وەزارەتی دەرەوە دەکەن. بەڵام بە نیسبەت ئێمە ئەگەر ئێمە توانیمان ئەنجامی باش بێنین و ببینە لایەنێک لە دامەزراندنی حکومەت، ئەوکاتە پۆستی سەرۆکایەتی بۆ ئێمەیە و یەکێک لە وەزارەتە

# لە دوای هەڵبژاردنەکان جارێکی دیکە کورد دەبێتەوە دەسەڵاتدار لە عێراق

**ئازاد بەرواری: ئەگەر بارودۆخەکە وەکو ئێستا بڕوات، ئەوا عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچێت**

**شۆڕش حاجی: بەبێ پاڵپشتیی کورد، کەس ناتوانێت ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق**

ڕووداو- Reuters

ناکۆکیی نێوان کورد و عەرەبی عێراق کە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبووە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی گرژی و پێکدادان، پاش ئەم هەڵبژاردنە، پێدەچێت ڕکابەرایەتیی پارتە عەرەبییەکان لەسەر ئەوەبێت کە کامیان دەتوانن کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، چونکە ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە کورد ئەمجارەش وەک هێزێکی خاوەن دەسەڵات بمێنێتەوە.

کورد کە لەسەردەمی سەددام حوسێندا بەشێوەیەکی دڕندانە چەوسێنراوەتەوە، لەدوای هاتنی ئەمریکا لەساڵی 2003، بووە یەکێک لە هێزە یەکگرتووەکانی ئەو وڵاتەو بە پشتیوانی ئەمریکاش ئەوەندەی دیکە بەهێزتر بوون.

پاش هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی 2005، شەڕو کوشتاری تایفەگەری ڕووی کردە عێراق تاوەکو سەرئەنجام حکوومەتی ناوەندی دەستی خۆی لە بەغدا بەهێزتر کرد. بەڵام چاوەڕوان ناکرێت هیچ کام لەلایەنە شیعە و سوننەکان هێندە کورسی پەرلەمان بەدەستبێنن کە بتوانن بەتەنیا حکوومەتی نوێ پێکبێنن، ئەمەش یارمەتی کورد دەدات کە ببێتە فاکتەرێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات.

شۆڕش حاجی کاندیدی لیستی گۆڕان لەهەولێر دەڵێت "بەبێ پاڵپشتیی کورد، کەس ناتوانێت ببێتە سەرۆک وەزیران، چونکە سەرۆک وەزیران کەسێکی شیعە بێت یاخود سوننە، هیچیان پشتگیری یەکدی ناکەن، بۆیە ئێمە فاکتەرێکی گرنگ دەبین لەم هاوسەنگییەدا".

چاودێران لەو بڕوایەدان کورد ئاستی داواکارییەکانیان بەرزتر بکەنەوە لەبەرامبەر پشتگیری کردنیان لەهەر لایەنێکی عێراقی، بەتایبەتیش لەمەسەلەکانی وەک چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک کە کورد بە بەشێک لەخاکی خۆی دەزانێ، یاخود دانانان بەشەرعیەتی گرێبەستەکانی نەوت کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆریان کردوون.

یوست هیلتەرمان جێگری سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەوبارەیەوە دەڵێ" کورد داواکاری جدییان دەبێت، کە ئەمەش کاری پارتە عەرەبییەکان زەحمەت دەکات.

لەو بڕوایەدام کە ئەمە سەوداکاری وریایانەی پێویست بێت، بەڵام لەو بڕوایەشدا نیم کە پارتە عەرەبییەکان بتوانن لەم بارودۆخەدا دەستبەرداری کورد ببن و ڕێگەیان پێ بدەن ببنە ئۆپۆزسیۆن، ئەوەیان زۆر مەترسیدارە".

زنجیرە ناکۆکییەکانی نێوان کورد و عەرەب لەسەر خاک، سەرچاوە سروشتییەکان و دەسەڵات بەیەکێک لە مەترسیدارترین فاکتەرەکان دادەنرێ لەتێکچوونی سەقامگیری لە عێراقدا.

**مەترسی: دەنگی کوردی وەک ڕابردوو یەکگرتوو نابێ**

لەوەتای ڕژێمی سەددام لەسەر دەسەڵات نەماوە، ئەو هەرێمە هێمنە کوشتاری بەخۆوە نەبینیوە کە ئەمەش بەپێچەوانەی ناوچەکانی دیکە عێراقە، بەڵام ئەوەی ئەو هەرێمە بینیوویەتی ئەوەیە کە ناکۆکییەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی زیادبوون، لەبەرئەوەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتدا فراوانتر بکات.

لەکاتێکدا هەتا ئێستا ڕووبەڕووبوونەوەکان لە لێدوانی توند تێنەپەڕیون، بەڵام چەند جارێک سوپای عێراق لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە چەند ناوچەیەکی جێی ناکۆکی ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە.

ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێت "هەڵسوکەوتەکانی حکوومەتی عێراق، وەک ڕێزنەگرتن لە دەستوور و ڕێزنەگرتن لە ڕێککەوتنەکانی هەردوولا، هەمووی هێمای ئەوەن کە بەغدا بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریی تاکحیزبی مل دەنێتەوە. ئەگەر بارودۆخەکە وەکو ئێستا بڕوات، ئەوا عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕوات".

هەندێ چاودێری سیاسی پێیانوایە کە ڕەنگە کورد واقیعبینتربن لە داواکارییەکانیان لەچاو پارتە عەرەبییەکان و ئەگەری زۆریش هەیە کە لیستی کوردی پشتگیری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی بکات کە ڕکابەری سەرەکی نوری مالیکییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی ئەمجارەی کورد وەکو جارەکانی ڕابردوو یەکگرتوو نابێت، کە ئەمەش مەترسی بۆ سەر لاوازبوونی دەسەڵاتیان هەیە.

هاوپەیمانیی دوو پارتە سەرەکییەکە دووچاری تاقیکردنەوەی ناوخۆیی دەبێتەوە بەتایبەتی لەبەرامبەر لیستی گۆڕان کە لە هەڵبژاردنەکانی هاوینی ڕابردوو توانی 25 کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بەدەستبێنێ.

گالا ڕیانی کە چاودێرێکی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەو بڕوایەدایە کە کورد لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا یەکگرتوون. لەمبارەیەوە گوتی" سەرەڕای ئەوەی بەچەند لیستێکی جیاواز دابەزیون، بەڵام لە هەندێ مەسەلەدا کە پەیوەندی بەوان و حکوومەتی فیدراڵەوە هەیە، کورد هەمیشە بەیەکەوە بوون و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێشانداوە".

# کاروباری سیاسی



## پەیوەندییم لەگەڵ ئەمریکا باش نییە

ڕووداو -العربیە

ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقیە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی العربیە گوتی "بیرۆکەی ڕیشەکێشکردنی بەعس ئەمریکییەکان دایانهێنا"، ڕەتیشیکردەوە ڕۆڵی نێوانگیری لەنێوان ئەمریکا و ئێرانی بینیبێت، چونکە "پەیوەندیی باشم لەگەڵ هیچ یەک لە ئێران و ئەمریکا نییە". گوتیشی هۆی سەردانی ئەمدواییەشی بۆ هەریەک لە شانشینی سعودیە و تورکیا بۆ "ڕەخساندنی سەربەخۆیی بڕیاری عێراقی و دەستوەرنەدان لەو هەڵبژاردنەی بەڕێوەیە".



## شوان محەممەد، کاندیدی پارتی لە هەولێر:

# پارتی 8 کورسی لە هەولێر مسۆگەرە و یەکێتیش 3 کورسی دێنێت

**هێمن بابان**
**ڕووداو-هەولێر**

کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانیی لە هەولێر ڕایگەیاند پارتی "پشکی شێر"ی بەر دەکەوێ لە کورسییەکانی پارێزگای هەولێر"پشکی شێر بۆ پارتی دەبێ و 8 کورسی مسۆگەرەو شەڕی 9 کورسی دەکەین"، پێشبینی ئەوەش دەکات یەکێتی 3 کورسی، گۆڕان و یەکگرتووش هەر یەکەیان کورسییەک بێنن.

شوان محەممەد، کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بەگشتیی لە پارێزگای هەولێر کار لەسەر 13 کورسی دەکات لە کۆی 14 کورسی، بەڵام 10 تا 11 کورسی بەدەستدێنێ و 10 کورسی مسۆگەرە". شوان محەممەد، کە بەپێی دابەشکردنی پارتی بۆ دەنگەکانی یەکێکە لەو چوار کاندیدەی کە دەنگەکانی خستووەتە نێو شاری هەولێر، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەڵێت "بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەلای ئێمە هەن، پشکی شێر لەو کورسییانە بۆ پارتی دەبێت کە 8 کورسییان لێ مسۆگەرەو شەڕی 9 کورسی دەکەین". هەرچی یەکێتیشە بەپێی قسەکانی شوان محەممەد "یەکێتی ناتوانێ لە پارێزگای هەولێر لە سێ کورسی زیاتر بەدەستبێنێ".

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارێزگای هەولێر 28 کاندیدی هەیە، پارتی 9 و یەکێتی 10 و هەریەک لە سۆسیالست و زەحمەتکێشان و زەحمەتکێشانی سەربەخۆ و کۆمەڵەی تورکمانی لیبراڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان و حیزبی شیوعی و یەکێتی نەتەوەیی کاندیدێکیان هەیە، جگە لە نوێنەرێکی تورکمان و بێلایەنێکیش.

لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، شوان محەممەد دان بە بوونی کێبڕکێ لەنێو قەوارەکانی لیستی هاوپەیمانیی و کاندیدەکانیدا دەنێ و دەڵێت "پارتی لە هەولێر 9 کاندیدی هەیە و ڕکابەرایەتی شەریفانە لەگەڵ لیستەکانی دیکە دەکات و لەنێو خۆشماندا وەک لیستەکە کێبڕکێ هەیە"، ناوبراو بارودۆخی هاوپەیمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر بە"باش" دادەنێ و دۆخی پارتیش بە "زۆر باش"هەڵدەسەنگێنێ.



بانگەشەی پارتی لە شەوی 2010/3/3 لە هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

ئەو کاندیدەی پارتی بە بڕوابوونێکی بێ دوودڵییەوە دەڵێت "وەزعی پارتی لە نێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە هەولێر لەهەمووان باشترە بە یەکێتیشەوە".

لەبارەی یەکلاییبوونەوەی چارەنووسی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتی و پارتی پاش ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان و هەڵوێستی پارتی لە پاش هەڵبژاردن بەرامبەر بەو ڕێککەوتننامە دەڵێت "هاوپەیمانی پارتی لەگەڵ یەکێتی پەشیمان بوونەوەی نییە"، زیاتر ڕوونیدەکاتەوە "یەکێتی هاوپەیمانی پارتییە، پارتی ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێک کردبێت زەرەریشی کردبێت پەشیمان بوونەوەی لێ نییە، لە پاش هەڵبژاردنەکانیش، چونکە هەندێ ڕێککەوتن پەیوەستن بە چارەنووسی میللەتی کوردەوە، پارتی پێیوایە ئەگەر کورسییەک یان دوو کورسییەکی لێ کەم ببێتەوە ئەو گرنگییەی نییە بەقەد ئەوەی تێڕوانینی ئێمە بۆ دواڕۆژی وڵاتەکەمان گرنگە".

پێشتر محەممەد کیانی، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "لەهەولێر ژمارەی کورسییەکانمان لە لیستی هاوپەیمانی کەمتر نابێت و موعجیزە لە هەولێر ڕوودەدات"، بەڵام ئەو کاندیدەی پارتی لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەهەولێر ڕای وایە "لە پارێزگای هەولێر گۆڕان لە کورسییەک زیاتر ناهێنێ، پێدەچێت ئەو کورسییەش بتوانن لە کۆیە بێنن، بەڵام لە هیچ قەزایەکی دیکەی هەولێر کورسی ناهێنن". دەشڵێت "گرەوبەستنی گۆڕان لە کۆیە دەبێ و کێڕقی گۆڕان لە هەولێر لە دابەزیندایە"،بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێ ڕای پێگەی جەماوەریی یەکێتی لە هەولێر تائێستا ساخ نەبووەتەوە لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا.

بزووتنەوەی ئیسلامی تاکە حیزبی ئیسلامییە کە لەگەڵ یەکێتی و پارتی لە نێو یەک لیستدا هاوپەیمانە، هەریەک لە یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە. شوان محەممەد کاندیدی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی، لەبارەی ژمارەی ئەو کورسییانەی چاوەڕوان دەکرێت هەریەک لەو دوو لیستە بەدەستیبێنن، بە تایبەتی کۆمەڵی ئیسلامی بەهێزترین کاندیدی حیزبەکەی، کە ئەمیرەکەیانە (عەلی باپیر) لە هەولێر داناوە، دەڵێت "ڕەنگە یەکگرتوو لە هەولێر کورسییەک بەدەستبێنێ، بەڵام پێموانییە کۆمەڵ کورسی بێنێ".

شوان محەممەد کاندیدی پارتی لەهەولێر پێیوایە سەرجەم لیستە کوردییەکان لەبەغدا هاوهەڵوێست دەبن لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان "هەموو لیستەکان لە بەغدا هاوهەڵوێست دەبین لە بەغدا و یەک خیتابی سیاسیمان دەبێت، چونکە هیچ حیزبێکی کوردی زاتی ئەوە ناکات خۆی لەقەرەی پەراوێزخستنی پرسە چارەنوسسازەکان بدات".

# بەپێی پێشبینییەکان یەکێتی لە کەرکووک یەکەم دەبێت

**ڕێبەند سەعدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

تەواوی هێزە سیاسییە عێراقی وکوردستانییەکان چاویان بڕیوەتە 12 کورسییەکەی پارێزگای کەرکووک، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی 7ی ئادار جگە لەململانێ بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین کورسی لەو پارێزگایە و نوێنەرایەتیکردنی کەرکووک، ئەنجامەکەشی وەک دەرخەری قەبارەی نەتەوەکان تەماشا دەکرێ لەو پارێزگایەدا و بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەنگی هەر نەتەوەیەکی جیاوازی ئەو شارە بەدیاردەخات، بەتایبەتی لەدۆخی ئێستادا کە هیچ سەرژمێرییەکی دروست لەبارەی دانیشتووانی ئەو شارە جێ مشتومڕە لەبەردەستدا نییە.

لەلایەن هێزە شیعی و سوننییەکانی عێراقەوە وەکویەک، گرنگی بەوەدەستخستنی شەرەفی نوێنەرایەتیکردنی ئەو شارە دەدرێ، هەریەک لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی (عەممار حەکیم) بە24 کاندید و لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسای (نووری مالیکی) بە13 کاندید و لیستی عێراقیەی (ئەیاد عەللاوی) بە24 کاندید چوونەتە ململانێی هەڵبژاردنی کەرکووکەوە، جگە لەو سێ هێزە، 16 قەوارەی دیکەی عەرەبی لەکەرکووک کاندیدیان هەیە و هەوڵی بەدەستهێنانی کورسی دەدەن. عەرەبەکان چاویان لەبەدەستهێنانی زیاتر لە 3 کورسییە لەکەرکووک.

هەروەها ئەو ئامارە نافەرمیەی تائێستا لەبەردەستدایە، هەردوو نەتەوەی عەرەب و تورکمان نزیکەی 42%ی ڕێژەی دانیشتووانی ناو شاری کەرکووک پێکدێنن، لەدەوروبەری کەرکووکیش ئەو ڕێژەیە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەقازانجی عەرەب و تورکمان.

ئەگەر کاندیدە عەرەبەکان سێ کورسی مسۆگەر بکەن، ئەوا تورکمانیش بەلایەنی کەمەوە چاوی لەبەدەستهێنانی دوو کورسییە، جگە لەبەرەی تورکمانی، چەند لایەنێکی دیکەی بەرچاوی تورکمانی کە چوونەتە ناو هاوپەیمانییە عەرەبیەکان یان بەتەنیا دابەزیون بەتەمای بەدەستهێنانی کورسین.

عەلی مەهدی کاندیدی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی سەر بەحیزبی نیشتمانی تورکمان لە کەرکووک بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە لەکەرکووک 24 کاندیدمان هەیە، هەموویان تورکمانن، هەوڵدەدەین دوو کورسی بێنین، بەڵام بەدەستهێنانی یەک کورسیمان مسۆگەرە".

هەروەها گوتی "لیستە تورکمانییەکان سێ کورسییان مسۆگەرە، بەو مەرجەی هەڵبژاردنێکی شەفاف و پاک و دوور لەساختەکاری بەڕێوەبچێ".

عەلی مەهدی مەترسی خۆیشی دەربڕی لەئەگەری ساختەکردن لەلایەن کوردەوە و گوتی "ئەگەر یەکێتی و پارتی ساختەکاری نەکەن، ئەوا عەرەب و تورکمان پێکەوە دەتوانن 6 کورسی بێنن".

بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵا، لەشاری کەرکووک 780 هەزار و 192 کەس مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی 499 کاندید کە 111یان ئافرەتن. لە 299 ناوەندی دەنگدان دا لەشارەکە دەنگدەدرێ، ئەو 499 کاندیدە ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی 12 کورسی دەکەن، سەرباری کورسییەکی کۆتا بۆ مەسیحییەکان.

فەرهاد تاڵەبانی بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەکەرکووک بۆ (ڕووداو) گوتی لەسنووری کەرکووک 26 هاوپەیمانی و قەوارە و حیزبی سیاسی لەگەڵ کاندیدێکی تاکە کەسی سەربەخۆ دەچنە ململانێی هەڵبژاردنەوە، لەوانەش 6 قەوارەیان کوردن.

ناسح غەفوور، کاندیدی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکەرکووک پێشبینی دەکات لیستە کوردییەکان لەکەرکووک لە7 کەمتر و لە8 کورسی زیاتر نەهێنن.

بەڵام نەجمەدین کەریم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەسەر یەکێتی لەکەرکووک پێشبینی دەکات لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە تەنیا 6 کورسی بێنێ.

بەگوێرەی ئەو سەرژمێریەی لەلای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەیە، کورد لەناو شاری کەرکووک 54.99%ی دانیشتووان پێکدێنێ، بەپێی زانیاری چاودێرانیش ئەو ڕێژەیە لەدەرەوەی سەنتەری پارێزگاکەدا زۆر کەمترە.

ئەگەر 100%ی دەنگدەران بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکەن، ئەوا لیستە کوردییەکان ناتوانن لە 6 کورسی زیاتر لەکەرکووک بەدەستبێنن، مەگەر دەنگدەری تورکمان و عەرەب بەڕێژەیەکی کەمتر بەشداری پرۆسەکە بکەن.

بەڵام ناسیح غەفوور ئەو ئامارەی کۆمسیۆنی ڕەتکردەوە و بەدروستکراوی لەقەڵەم دا.

پێشبینی ئەوەشی کرد ڕێژەی کورد لەسەروو 60%ی دانیشتووانی کەرکووک پێکبێنێ. گوتیشی "لەبەرئەو هۆیە ئێمە دەمێکە داوای ئەنجامدانی سەرژمێری دەکەین".

ناسح غەفوور هەروەها گوتی کە "پارتی ئەگەر سێ کورسیش نەهێنێ، ئەوا دوو کورسی مسۆگەرە لەکەرکووک".

مام ڕۆستەم کە لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە وەک هەڵسوڕاوی گۆڕان دەستی بەکردنەوەی بنکەی بزووتنەوەکە کرد لەکەرکووک، لەبارەی ژمارەی ئەو کورسیانەی پێشبینی دەکرێ گۆڕان بیانهێنێ گوتی "دوو تا سێ کورسی دێنین".

گوتیشی "گۆڕان بنکەی لەناوچە عەرەبی و تورکمانییەکان کردووەتەوە، هەڵسوڕاوەکانی ئەو بنکانەی لەناوچەی عەرەبنشینن عەرەبن و ئەوانەی ناوچە تورکمانیەکانیش تورکمانن".

ئاماژەی بەوەشدا کە بەم هۆیەوە چاوەڕێ دەکەن گۆڕان دەنگی تورکمان و عەرەبی کەرکووکیش بەدەستبێنێ.

لەلێدوانێکی پێشوودا محەممەد دێشوانی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەکەرکووک بۆ (ڕووداو) گوتبووی "کۆمەڵێک ئامار و زانیاری گرنگمان لەبەردەستە کە دەریدەخەن یەکێتی لەکەرکووک یەکەم دەبێت".

محەممەد تۆفیق ڕەحیم گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕانیش بۆ (ڕووداو) گوتی لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕان لەکەرکووک سەرکەوتنی گەورە بەدەستدێنێ.

لەزۆربەی بارەکاندا ئەنجامی کۆتایی لەوە نزیکە یەکێتی کە کار بۆ وەدەستهێنانی چوار کورسی دەکات، بتوانێ سێ کورسی بێنێت، هەروەها پارتی و گۆڕان هەریەکەی دوو کورسی ببەنەوە، یەکگرتووی ئیسلامیش ڕێژەیەک لەدەنگی کوردی کەرکووک دەبات، بەڵام نایگەیێنێتە ئەو ئاستەی کورسیەکی پێ ڕابکێشێ. ئەوە ئەگەر کورد حەوت کورسی بباتەوە، بەڵام ئەگەر ڕێژەی دەنگدان لەلایەن کوردەوە زیاتر و لەلایەن عەرەب و تورکمانیشەوە بەهەر هۆیەک کەمتر بێت، ئەوا ئەو پێشبینیانە ڕاستەوخۆ گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەنا لەباری ئاساییدا چاوەڕواندەکرێ تورکمان و عەرەب چوار تا پێنج کورسی وەدەستبێنن.



هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە کەرکووک (فۆتۆ:AFP)

## تەها سۆڵەیی، کاندیدی یەکگرتوو لە سلێمانی:



# دەمانەوێ هەستینەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو –سلێمانی**

تەها سۆڵەیی، کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی پێیوایە ئەمجارە سێ کۆڵەگەی بەهێز چانسی یەکگرتوویان بەهێز ڕاگرتووە تادەنگێکی باش لەو هەڵبژاردنە بێنێ "بەهێزی کاندیدەکان، گەرموگوڕی ڕێکخستنەکان، هەروەها دەمانەوێ هەستینەوە".

ئەو کاندیدەی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی، لەهەڵبژاردنی ساڵی 2000دا نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بەدەستبێنێت لەکاندیدکردنەوەی ئەمجارەیدا بەگەشبینیەوە لەئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەڕوانێ و دەڵێ "بەسەتان لایەنگری یەکێتی و پارتی گرەنتی 100%یان پێداوم دەنگم بدەنێ".

یەکگرتووی ئیسلامی، لەهەڵبژارنی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجامێکی خراپی لە هاوپەیمانێتیە چوار قۆڵییەکەی چنییەوە، هەندێک چاودێریش پێیانوایە دەنگە نارازییەکان دوای دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان لە تورەکەی ئیسلامییەکانەوە چوونەتە تورەکەی گۆڕانەوە. تەها فاتح بابارەسوڵ، کە بە (تەها سۆڵەیی) ناسراوە، ئەو هاوپەیمانێتیە بە شکست و هەڵەی حیزبەکەی نازانێ و دەڵێت ئەوە دووبارە نابێتەوە "یەکگرتووی ئیسلامی

## گۆڕان و یەکگرتوو ململانێ لەسەر ڕووبەرە خۆڵەمێشییەکە دەکەن

دەنگە تۆراوەکانی خۆی ئاشتکردووەتەوەو ئەمجارە بەهەزاران دەنگی تۆراو دەنگ دەدەنەوە یەکگرتوو". بۆ ئەنجامە خراپەکانی دەنگی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی پێشوو سۆڵەیی گوتی"هەڵبژاردنەکە داخراو بوو هەندێک لەکاندیدەکان حیزب خۆی دایناببوون، بەڵام ئەمجارە هەڵبژاردنی کراوەیەو کاندیدەکان لەلایەن ڕێکخستنەکانی یەکگرتووەوە هەڵبژێردراون و سەرکردایەتی تەداخولی تێدا نەکردووە".

ئەندازیار تەها سۆڵەیی کە پێش ڕاپەڕینی ساڵی 1991، زیندانی سیاسی بووە لەئەمنە سورەکەی سلێمانی، دەڵێ ئەگەر یەکگرتوو هەموو دەنگە تۆراوەکانیشی ئاشت کردبێتەوە، هێشتا نابێ گەشبین بێ، چونکە "ڕووبەرە خۆڵەمێشی"یەکە، کە دەنگی نارازییەکانە، بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەدەستهێنانی چانسێکی باشتر پشتی پێدەبەستێت، یەکگرتووش پێویستیەکی زۆری بەو دەنگانەیە. سۆڵەیی نایشارێتەوە بەلای خودی یەکگرتوو ئاشتکردنەوەی دەنگە تۆراوەکان بەس نییەو دەڵێ "ئێمەش گرەومان لەسەر ڕووبەرە خۆڵەمێشیەکە کردووەو، ئەگەر تەنیا گرەومان لەسەر لایەنگرو ڕێکخستنی خۆمان بێت، کورسی زۆر کەم دێنین". گوتیشی "ئەگەر دەسەڵات دەرفەتی بانگەشەو کارکردن بۆ هەڵبژاردن بەیەکسانی بدات و پەنا بۆ تەزویرات و قۆرخ کردن نەبات، ئەوەندە دەنگی نارازی هەیە بەشی دەرچوونی یەکگرتوو و گۆڕانیش بکات".

لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هەریەک لە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕەخنە لە هاوپەیمانیی کوردستان دەگرن، کە فەرمانگەو شوێنە ئیدارییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێ. سۆڵەیی لەوبارەیەوە دەڵێت "دەسەڵات هەموو شتێک و هەموو شوێنێکی بۆخۆی قۆرخ کردووە، هەموو تابلۆ زەوئیەکانیشی داگیرکردووەو هەموو بەڕێوەبەرو فەرمانگەکان بۆ خۆی بەکاردەهێنێت". لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە دەرفەتی ئازادییەکان لەسلێمانی باشترن "سلێمانی لەهەولێر باشترەو هەولێریش لەدهۆک باشترە".

یەکگرتوو یادەوەرییەکی تاڵی لەگەڵ هەڵبژاردنی2005هەیە، کاتێک لەدەڤەری بادینان بارەگاکانیان کەوتنە بەر هێرش و پەلامار. ئەو کاندیدەی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە هێشتا پەلاماردانی یەکگرتوو لەو دەڤەرە بەردەوامەو دەڵێماڵی کاندید بەرد باران دەکرێت و پۆستەر دەدڕێنرێت و لایەنگرانمان دەستگیردەکرێن. گوتیشی " ئەو ئازادیەی هەیە تەنها بۆ ڕووکەشی ڕووخساری دەسەڵاتەو زۆر بچووکە".

لەسنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە یەک ملیۆن دەنگدەر هەیە، گرفتێکی بەردەم لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات ئەوەیە بەبانگەشە ڕاناگەن، سۆڵەیی دەڵێ، فرسەت و چانسی ڕیکلامکردن بۆ ئێمە کەمەو، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک و بەڕێوەبەرێکی گشتیمان نییە تاوەکو دڵمان پێی خۆشبێت و ئەوانیش هەموو شتەکانیان لەبەردەستدایە. ئەو داوا لە دەسەڵات دەکات، تەنیا یەکجار دەرفەتی یەکسانی بانگەشەکردن بدات و پەنا بۆ ساختەکردن و سەرپێچی نەبات و پێیوایە بەو شێوەیە دەتوانن قورسایی خۆیان دەربخەن "ئەگەر دۆڕاندیشمان قبوڵمانە، بەڵام بەمەرجێک ساختەکاری نەبێت".

تەها سۆڵەیی، ماوەی 10ساڵ لەنێو ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامی کورد کاری کردووەو سەرپەرشتی چەند هەزار هەتیوێکی کردووە، ئومێدی هەیە بەهۆی کاری خێرخوازییەوە چانسێکی باشتری هەبێت "ئەو کاتەی شەڕی نێوخۆ مندالی کوردی هەتیو دەخست، ئێمە دەستمان بەسەریاندا دەهێنا و خزمەتمان دەکردن، ئەگەر خەڵک ئێمەیان لەبیر بێت، ئەوەمان بەسە، هەرچەندە ئێمە بۆ قیامەت کردوومانە". بەڵام پێیوایە تایبەتمەندییە خراپەکەی دەنگدەری کورد ئەوەیە زوو شتەکانی بیردەچێتەوەو لەکاژێرێکدا دەگۆڕێت "هەرلەبەر ئەوە ناتوانین داتایەکی دروستمان هەبێت بۆ پێشبینی کردنی دەنگەکانمان، بەڵام دڵنیاین لەوەی ئەو 5 نوێنەرەی لەبەغدا هەمانە دەیبەینەوەو لەسلێمانیش 3-4 کورسی بەدەستدێنین".

بەشێکی زۆر لە کاندیدەکانی هەڵبژاردن، بەکەرکووک و ماددەی 140ەوە سەرقاڵن و وەک کارنامەی خۆیان قسەی لەسەر دەکەن. سۆڵەیی لەوبارەوە دەڵێ بۆ ماددەی 140 ئێمە دەبێت لەوانە بپرسین کە بە53 کورسیەوە لەبەغدا بوون و تەنها خەمی بودجەیان خواردووە"تائێستا کەس نازانێ بۆ یاسایبوونی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، بڕوا بەشەهرستانی بکات یان ئاشتی هەورامی، چونکە کەس گرێبەستەکانی نەبینیوە". گوتیشی "نوێنەرەکانی کورد لەبەغدا تائێستا یەک جار بایکۆتی پەرلەمانیان نەکردووە، لەکاتێکدا هەموو لایەنە عەرەبیەکان ئەوەیان کردووە".

# ڕاپۆرت

## 10 هەزار پۆلیس لەهەولێر بنکەکانی دەنگدان دەپارێزن



ڕووداو - هەولێر

لە ڕۆژی هەڵبژاردن 10 هەزار پۆلیس پاسەوانی بنکەکانی دەنگدان دەکەن و هیچیشیان پاداشت ناکرێن. عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر پاداشت نەکردنی پۆلیس بە ئاسایی دەزانێ و گوتی "ئەوان ئەو ڕۆژە ئەرکی خۆیان جێبەجێدەکەن و هەر کەسێکیش دەوام نەکات، ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێ". 17 هەزار کارمەندی کۆمسیۆن لە پارێزگای هەولێر سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکەن، کە بەرپرسی بنکە بۆ ئەو ڕۆژە 250 هەزار دیناروو کارمەندەکانی دیکەش 200 هەزار دیناریان پێدەدرێ.

بەپێی لێکدانەوەکان لەهەولێر:

# پارتی 7، یەکێتی 4، گۆڕان 2، یەکگرتوو و کۆمەڵ یەکەو کورسییەک دەهێنن

بەپێی گوتەی لیست و قەوارەکان:

## پارتی: 8، یەکێتی 5، گۆڕان: 5، یەکگرتوو: 4، کۆمەڵ: 3 کورسی دەهێنن

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە کە پارتی لە هەولێر 7 کورسی، یەکێتی 3 کورسی، گۆڕان 2 کورسی، یەکگرتوو و کۆمەڵ هەریەکەو کورسییەک بێنن. بەڵام پارتی دەڵێ 8 کورسی مسۆگەرە لە هەولێر، یەکێتی و گۆڕانیش دەڵێن کەمتر لە 5 کورسی ناهێنن و یەکگرتووش دەڵێت 4 و کۆمەڵیش چاوەڕێی 2- 3 کورسییە.

هەولێر، تاڕادەیەکی زۆر بۆ پارتی یەکلایی بووەتەوە، بەڵام بەدەرنییە لەململانێ بەتایبەت لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا، پارتی پێیوایە هەولێر بۆ ئەوان مسۆگەرە و زۆر زیاتر لەنیوەی دەنگەکانی پارێزگای هەولێر بۆ پارتییە، زۆرترین دەنگی پارتیش لە قەزاو ناحییەکانە.

شوان محەممەد، کاندیدی پارتی لە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بەگشتیی لە پارێزگای هەولێر کار لەسەر 13 کورسی دەکات لە کۆی 14 کورسی پارێزگای هەولێر، بەڵام 10 تا 11 کورسی بەدەستدێنێ و 10 کورسی مسۆگەرە".

شوان محەممەد، کە بەپێی دابەشکردنی پارتی بۆ دەنگەکانی یەکێکە لەو چوار کاندیدەی کە دەنگەکانی خستووەتە نێو شاری هەولێر، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەڵێت "بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەلای ئێمە هەن پشکی شێر لەو کورسییانە بۆ پارتی دەبێت کە 8 کورسییان لێ مسۆگەرەو شەڕی 9 کورسی دەکەین".

### یەکێتی، چاوی لەدەنگی جارانە

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا یەکێتی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا کاتێک لەناو شاری هەولێر لە پارتی حوکمڕانی بردەوە، بەڵام بۆ ئێستا بەهۆی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و تاڕادەیەکیش کارکردنی پارتی لەسەر ڕێکخستنەکانی یەکێتی، ئەو حیزبە بەهەڵەدا دەچێت ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی لە2005دا هێنای پێشبینی خۆی دابڕێژێتەوە.



دیمەنێک لە هەڵبژاردنی 2009/7/25 لە کوردستان (فۆتۆ:AFP)

پارتی لە هەولێر، جیاواز لەیەکێتی مامەڵەی لەگەڵ ژمارەی کاندیدەکانیدا کردووە، هەرچەندە نفوز و دەنگی پارتی لەپارێزگای هەولێردا زیاترە لە یەکێتی، بەڵام پارتی 9 کاندیدی بۆ ئەو پارێزگایە هەیەو یەکێتی 10 کاندیدی داناوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەمترین دەنگی کاندیدەکانی پارتی بەفیڕۆ بچێت و زۆر لە دەنگەکانی یەکێتی پەرش و بڵاوببن بەسەر لیستەکەدا.

د.فوئاد مەعسوم، کاندیدی یەکێتی لە هەولێر، پێیوایە یەکێتی پێگەیەکی جەماوەری زۆری لەو شارەدا هەیە" یەکێتی پێگەی جەماوەری لەهەولێردا زۆر بەهێزەو ئەگەری بەدەستهێنانی 5 بۆ 6 کورسی هەیە".

هەریەک لە سۆسیالست و زەحمەتکێشان و زەحمەتکێشانی سەربەخۆ و کۆمەڵەی تورکمانی لیبراڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان و حیزبی شیوعی و یەکێتی نەتەوەیی کاندیدێکیان هەیە، جگە لە نوێنەرێکی تورکمان و بێلایەنێکیش، بەڵام ئەم هاوپەیمانانەی یەکێتی و پارتی کەسیان چانسی بەدەستهێنانی کورسییان لە هەولێر نییە.

### گۆڕان چاوی لە 5 کورسی هەولێرە

گۆڕان لە هەڵبژاردنی پێشوودا 117هەزار دەنگی پارێزگای هەولێری بردەوە، ئەگەر گۆڕان بتوانێ پارێزگاری لەم دەنگانە بکات، ئەوا بۆ ئەم هەڵبژاردنە 3 کورسی پارێزگاکەی مسۆگەرە. بەڵام هەندێ لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە لەبەرئەوەی جاری ڕابردوو زۆر لە ئەندامانی یەکێتی پێیانوابوو یەکێتی بەشی وەک یەکی خۆی لەگەڵ پارتی مسۆگەرەو ململانێی نێوان گۆڕان و یەکێتیش زۆر توندنەببوو زۆر دەنگی یەکێتی بۆ گۆڕان چوون، بەڵام ئەمجارە چونکە لیستی کراوەیە ئەو یەکێتیانەی هێشتا پابەندن بە یەکێتییەوە دەنگدەدەنە کاندیدەکانی یەکێتی.

بەڵام سەفین مەلاقەرە، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات کە پێگەی جەماوەری ئەوان لەپارێزگای هەولێر زۆر زیادی کردووە لە جاری پێشوو" گۆڕان دەنگێکی زۆر زیاتر لەجاری پێشوو دەهێنێت و پێشوازییەکی گەرمی لەلایەن خەڵکەوە لێدەکرێت، ئەگەر ساختەکاری نەکرێت چاوەڕێی 5 کورسی بۆ سەرەوە دەکەین".

هەندێ کەس پێیوایە یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی زۆر دەنگ هێنانی گۆڕان لە هەولێر بەهۆی ئەوەبوو کە جاری پێشوو، کۆسرەت ڕەسوڵ وا خوێندنەوەی بۆ دەکرا کە نزیک بێت لە گۆڕانەوە بۆیە بەشێک لەوانەی کە لایەنگری ئەو بوون دەنگیان بۆ گۆڕاندا، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەشدا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە زیاتر بۆچوونی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕانە کە دەڵێت ڕاستە بەشێک لەیەکێتی جاری پێشوو دەنگی بە گۆڕاندا، بەڵام ئێستاش ئەوانە دەنگ بە گۆڕان دەدەن، گۆڕان بۆ ئەم جارە پێگەی لەناو خەڵکدا بەهێزترە چونکە جاری پێشوو پەیامی گۆڕان بەتەواوەتی نەگەیشتبووە خەڵک و خەڵکانێکیش هەبوون گومانی ئەوەیان دەکرد گۆڕان سیناریۆی یەکێتی بێت، بەڵام ئێستا ئەمەیان بۆ یەکلایی بووەتەوە.

### یەکگرتوو و کۆمەڵ پشکی شێریان دەوێت

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیش چاویان لەوەیە کەلە هەولێر دەنگێکی بەرچاو بەدەستبێنن، بەپێی گوتەکانی خۆیان نیوەی کورسییەکانی هەولێر بۆ ئەوانە.

ئوسامە جەمیل، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لەهەولێر، ئاماژە بەوە دەکات کە لیستەکەیان سەرکەوتنی گەورە بەدەستدێنێ ئەگەر هەڵبژاردنێکی خاوێن بکرێ "یەکگرتوو پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەهەولێر و ئەگەر هەڵبژاردنێکی دوور لەساختەکاری بکرێت چاوەڕێی 4 کورسی دەکەین و ئەگەری موفاجەئەش هەیە"، هاوشێوەی یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامیش چاوی لە 3 کورسییە، عەبدولستار مەجید، گوتەبێژو کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لەهەولێر ئاماژە بەوە دەکات دۆخی لیستەکەیان لەهەولێر زۆر باشە" ئێستا پێگەی کۆمەڵی ئیسلامی لەهەولێر زۆر باشەو چاومان لە 3 کورسییە".

### ئەنجام چی دەبێت

بەرەچاوکردنی ئەنجامەکانی پێشوو، پێگەی ئێستای حیزبەکان لەناو خەڵکدا و بەپێی لێکدانەوەو ڕاپرسییەکان، پێگەی پارتی لەناو هەولێردا لەهەریەک لە گۆڕان و یەکێتی باشترە، بەڵام زیادبوونەکەش نزیکە لە 2 ئەوەندەی پێگەی هەردووکیان، پارتی لە قەزای سۆران پێگەیەکی بەهێزی هەیە و یەکێتیش لە کۆیەو ڕەواندز و چۆمان و تاڕادەیەکیش ناو هەولێر پێگەی بەهێزە، بەڵام بەهۆی دروستبوونی گۆڕانەوە، ئەو جەماوەرەی یەکێتی لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدایە، نەک تەواو یەکلایی. گۆڕانیش لە کۆیەو ناو هەولێر پێگەی بەهێزی هەیەو ئیسلامییەکانیش بەسەر تەواوی پارێزگاکەدا دابەشبوون، بەڵام ئەگەری ئەوە بەهێزە پارتی 6-7 کورسی و یەکێتی 3-4 کورسی و گۆڕان 2-3 کورسی و یەکگرتوو و کۆمەڵ یەکی کورسییەکی ئەم پارێزگایە ببەن، ئەگەر گۆڕانێکیش ڕوویدات لەو ئەنجامەدا لەنێوان کورسییەکانی یەکێتی و پارتی و گۆڕان دا دەبێت.

لیستی قەڵا لە کەرکووک:

# بەمسۆگەری کورسییەک دێنین

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو-هەولێر**

جێگری سەرۆکی لیستی قەڵا لە کەرکووک، "سیاسەتی خراپی یەکێتی و پارتی" لەو شارە بە هۆکاری دروستبوونی لیستەکەیان دادەنێ و ڕەتیکردەوە لیستەکەیان ببێتە هۆی پەرتەوازەبوونی دەنگەکانی کورد، پێشبینیش دەکات کورد لە کۆی 12 کورسییەکەی کەرکووک 7 کورسی بێنێت: هاوپەیمانیی کوردستان 4 کورسی، گۆڕان 2 کورسی، قەڵا 1 کورسی.

شێرزاد فاتیح، جێگری سەرۆکی لیستی قەڵای کەرکووک و کاندیدی ئەو لیستە لە کەرکووک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە ئەوان و گۆڕان کار لەسەر ئەو دەنگانە دەکەن کە لە یەکێتی و پارتی تۆراون لە کەرکووک "کار لەسەر ئەو دەنگانە دەکەین کە لە یەکێتی و پارتی نارازین، لە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک، بەڵام بەزۆری دەنگی کوردن، بۆیەش دەنگ بە ئێمە دەدەن".

لیستی قەڵا، لە 2008 وەکو لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک خۆی ڕاگەیاند، بەڵام هەڵبژاردن لەو پارێزگایە نەکرا. لیستی قەڵا ئێستا بەتەنیا بۆهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە پارێزگای



## هاوپەیمانی 4، گۆڕان 2، قەڵا 1 کورسی لە کەرکووک دەبەنەوە

شێرزاد فاتیح، کاندیدی لیستی قەڵا

کەرکووک لیستی هەیە کە لە 13 پاڵێوراو پێکهاتووە. جگە لە 2 تورکمان و عەرەب و کلدانییەک، پاڵێوراوەکانی دیکەی کوردن، 4 لەو پاڵێوراوانەش ئافرەتن.

کاندیدی ژمارە یەکی لیستی قەڵا، پێشبینی دەکات لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووکدا "لیستی هاوپەیمانیی کوردستان 4 کورسی و لیستی گۆڕان 2 کورسی و لیستی قەڵا کورسییەک بەدەستدێنن". بەدڵنیاییشەوە دەڵێت "بەلانیکەم ئێمە وەک لیستی قەڵا 50 هەزار دەنگ لە کەرکووک بەدەسدێنین، واتە کورسییەک مسۆگەرە". لەبارەی بەشداریینەکردنیان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق دەڵێت "توانای داراییمان کەمە، چونکە لەگیرفانی خۆمان خەرجی خۆمان دەکەین".

لیستی قەڵا "کەرکوک بۆ کەرکوکییەکان"ی کردووەتە دروشمی سەرەکیی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردندا، چونکە هەروەک سەرۆکی لیستەکە دەڵێ "دەبێت کەرکوکییەکان خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن".

سەبارەت بەچارەسەری لیستەکەیان بۆ کێشەی کەرکووک و ماددەی 140، شێرزاد فاتیح دەڵێت "پێمانوایە دەبێ کەرکووک بۆ ماوەیەک کە لە هەشت ساڵ تێنەپەڕێ بکرێتە هەرێم یان یەکەیەکی ئیداریی سەربەخۆ، پاشان ڕاپرسی بکرێت، ئەو ماوەیەش بۆ ئەوەیە دەمانەوێ ماوەیەک وا لە عەرەب و تورکمانەکان بکەین باوەڕیان بەوە هەبێت کە گەڕانەوە سەر کوردستان باشترە، دەبێت ئەو متمانەی لەدەستماندا وە لای ئەوان بیگەڕێنینەوە".

شێرزاد فاتیح، کە کەسێکی نەتەوەیی کوردە و ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ئازادی و یەکسانی کورد (کاژیک)بووە کە لە ساڵی 1959 دامەزرا و لەساڵی 1975 کۆتایی بەکاری خۆی هێنا، دوای ئەوە لە 11ی ئەیلولی 1975 یەکێکبووە لە بەشدارانی دامەزراندنی پارتی سۆسیالیسی کورد (پاسۆک). ئەو کە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەزانێ، سەرۆکی ناوەندی ئاڤێستایە لە کەرکووک.

سەرۆکی لیستی قەڵا ڕەخنەی توند لە سیاسەتی یەکێتی و پارتی لەکەرکووک دەگرێت و دروستکردنی لیستی سەربەخۆش بۆ "سیاسەتی ناواقیعییانە و خراپی یەکێتی و پارتی" دەگەڕێنێتەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت "یەکێتی و پارتی بە دروشم دەڵێن کەرکووک دەگەڕێنینەوە سەر کوردستان، ئەمەش تەنها موزایەدەیە، ئەگەر بمانزانیبا کێشەی کەرکووک بەرەو چارەسەر دەبەن لیستمان دروست نەدەکرد، ئەو دوو حیزبە سیاسەتێکی باشیان بەرامبەر بە نەتەوەکان و تەنانەت کوردیش نەبووە لەکەرکووک".

کاندیدەکەی لیستی قەڵا دەڵێت پشتئەستوورن بە دەنگەکانی نێو شاری کەرکووک و قەزا و ناحیەکانی، ئەو تۆمەتانەش ڕەتدەکاتەوە کە لیستەکەیان بەهۆکارێکی پەرتەوازەکردنی دەنگی کورد لە کەرکووک دادەنێن "ئەگەر لیستەکەمان ببووایە هۆی پەرتەوازەکردنی دەنگی کورد دروستمان نەدەکرد، ئێمە دەنگە نارازییەکان دەبەین"، سەرۆکی لیستی قەڵا جەختیش لەوە دەکاتەوە کە "ئێمە زیاتر موونافسی گۆڕانین، چونکە لە ژمارەی دەنگ و کورسییەکان لەیەکتر نزیکین". سەبارەت بە دەنگەکانی یەکێتیش لە کەرکووک، سەرۆکی لیستی قەڵا دەڵێ "بەشێک لە جەماوەری یەکێتی دەنگدەداتە گۆڕان، بۆیە قەبارەی یەکێتی و پارتی نازانرێ".

# کێ شەڕی ئۆپۆزسیۆنی گەیاندە پەرلەمان؟

- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو: ئێمە کاروکردارمان لەقسەمان زۆرترە
- ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان: گۆڕان ئۆپۆزسیۆنە بەمانا یاسایی و سیاسیەکەی
- سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ: کەس لەپێشەوە نییەو کەسیش لەدواوە نییە
- سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی: کۆمەڵی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنێکی سەنگینە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

کاتێک د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح کابینە نوێیەکەی بردە هۆڵی پەرلەمان تاوەکو متمانەی پەرلەمانتاران بەدەستبێنێ، پەرلەمانی کوردستان یەکەمین شەڕی پەرلەمانی بەخۆیەوە بینی، کاتێک دوو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن بەدەنگی بڵند ڕەتیان کردەوە متمانە بەو کابینەیە بدەن و هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشت، بەڵام بەگەیشتنی بودجەی حکومەت، شەڕی نێو پەرلەمان بەشێوەیەک گەرمبوو، کە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەوڵدەدەن خۆیان وەک پێشەنگی ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت نیشانبدەن.

سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەبارەی کاریگەری دیمەنی مێزکوتانی فراکسیۆنی گۆڕان، کە بەردەوام لەشاشەی KNN لێدەدرێتەوە دەڵێ "دەتوانم بڵێم کورسییەک زیاتری بۆ گۆڕان مسۆگەرکردووە". حاکم شێخ لەتیف لەکاتێکدا ئەم شەڕە بەشەڕی پارلەمانتارانی گۆڕان نێو دەبات، میدیای هەریەک لەیەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش ڕووبەرێکی فراوانیان داوەتە بڵاوکردنەوەی ئەو شەڕە پەرلەمانییەو ڕۆڵی فراکسیۆنەکانی خۆیان لەپێشەوە دادەنێن.

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێ هەرسێ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکە وەک یەک ڕۆڵیان هەیە"کەس لەپێشەوە نییەوکەسیش لەدواوە نییە". ئارام قادرلە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو)گوتی دەستەواژەی "ڕۆڵی یەکسان" بۆ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان باشترینە "زۆرجار ئێمە پێشنیاز دەکەین و گۆڕان و یەکگرتوو پشتگیریمان دەکەن، هەندێکجاریش ئەوان پێشنیاز دەکەن و ئێمە پشتگیرییان دەکەین". سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش پێیوایە لەبەرئەوەی وەک سروشتی یەکگرتوو "کارو کردارمان لەقسەکردن زۆرترە، کەمتر چالاکییەکانی ئێمە لەناو پەرلەمان دەردەکەوێت". عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، ڕەتیکردەوە ئەوان پشکی شێریان نەبێت لە جموجوڵەکانی نێو پەرلەمان و دەڵێ "سات بەسات ئێمە سەرنج و تێبینی زانستیمان هەیەو لەسەر مەسەلەی بودجەش، پەرلەمانتارانی پارتی قسەکانی ئێمەیان دووبارە دەکردەوە". گوتیشی "هیچ فراکسیۆنێک بەقەدەر ئێمە بە ڕێکوپێکی سەرنجی خۆی نەخستووەتەڕوو".

هەرسێ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکەی پەرلەمانی کوردستان، لەدەرەوەی پەرلەمانیش لەململانێیەکی توندتردان کە ئەویش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوهەریەک لەگۆڕان و یەکگرتووکۆمەڵ لیستی ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان سوپاسی فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ دەکات، کە لەهەندێک هەڵوێستدا پشتگیری ئەوانیان کردووەو دەشڵێ "دواجار خەڵک بڕیار دەدات لەسەر هەموو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان". بەڵام عومەر عەبدولعەزیز دەڵێ زۆر لا دان بەوە دادەنێن، کە فراکسیۆنی یەکگرتوو تاچەند کاریگەری هەیە لەناو پەرلەماندا و گوتیشی "ئێمە لەپەرلەمانی بەغداش کاریگەرییەکی زۆرمان هەبوو".

پەرلەمانی کوردستان لەیازدە فراکسیۆنی جیاواز پێکدێت، کە سێیانیان ئۆپۆزسیۆنن (گۆڕان 25 کورسی، یەکگرتوو 6 کورسی و تەندروستترین فراکسیۆنیان دیاریدەکات و دەڵێ "کۆمەڵ، ئۆپۆزسیۆنێکی سەنگینە، بە باش دەڵێ باش و بەخراپیش دەڵێ باچاک بکرێت، بەڵام گۆڕان و یەکگرتوو زیاتر بەیەک ئاواز کاردەکەن". بورهان ڕەشید وەڵامی سۆزان دەداتەوەو دەڵێ "ئەو ئۆپۆزسیۆنێکی دەوێ کە پابەندی دەسەڵات بێت".

بەبڕوای مامۆستایەکی زانکۆ، یەکگرتووی ئیسلامی ڕچەشکێنی ئۆپۆزسیۆنگەراییە لەهەرێمی کوردستان،بەڵام لەکاریگەرییەکاندا گۆڕان گرەوەکە دەباتەوە. د. سەردار قادر، مامۆستای زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سلێمانی بوونی



مێزکوتانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا (فۆتۆ:ڕووداو)

جیاوازی خۆیان هەیە. هەربۆیە سات لەدوای سات هەواڵەکانی نێو پەرلەمان خۆیان دەگەیێننە نێو میدیای گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن دان بەوە دانانێن، کەکێ دەستی هەرەکاریگەری پشت شەڕەکانە.

بورهان ڕەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ قەوارەی کۆمەڵ و یەکگرتوو بە هەردووکیان نیوەی ئێمە نابێ، "بەڵام بەپێی قەبارەی خۆیان لەگەڵ ئێمەدا ڕۆڵیان هەبووە. ئەگەر بڵێم ئەوان لەپێش ئێمەوەبوون،وانییە. لەزۆربەی هەڵوێستەکاندا گۆڕان لەپێشەوە بووە".

کۆمەڵ 4 کورسی).

سۆزان شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی پێیوایە "یەکێک لەخاڵە لاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی کوردستان ئەوەیە بەرنامەی بەدیلیان پێ نییە بۆ کێشەکان و تەنیا ڕەخنە دەگرن". هەروەها دەڵێ "هەر لەسەرەتاوە گوتمان بودجە قوتی میللەتەو با بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارنەهێنرێت، بەڵام بەداخەوە کردیانە کەرەستەی بانگەشەی هەڵبژاردن".

سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لەنێو ئەو سێ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەدا، باشترین و ئۆپۆزسیۆن بەگرنگ و پێویست دەزانێ بۆ خودی دەسەڵاتیش و دەڵێ "ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەبێت خودی دەسەڵاتیش زیان دەکات، چونکە دەمرێت، بەڵام لەکوردستان گرفت لەوەدایە ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی موفاجیئانە هاتووەو لەسەر بنەمای ململانێی نێو لایەنەکانەوە ڕۆیشتووەتە پەرلەمان".

د. سەردار قادر، گوتیشی "لەڕووی مێژوییەوە یەکگرتوو ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی پێشتر بینیوەو ڕچەی شکاندووەو باجیشی بۆ داوە، بەڵام گۆڕان کاریگەرتر هات و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی زەقکردەوە".

## کاروباری سیاسی



**کۆمپانیایەکی سربی 400 دەمانچە دەداتە مام جەلال و مالیکی**

ڕووداو - ئاژانسی هەواڵی عێراق

کەمال ساعدی، سەرکردەی حیزبی دەعوە ئاشکرایکرد ئەو دەمانچانەی مالیکی دابەشیکردوون "بە پارەی دەوڵەت نەکڕدراون، بەڵکو بە دیاری لەلایەن کۆمپانیایەکی سربییەوە پێیدراون"، ساعدی لە لێدوانێکدا گوتی "کۆمپانیاکە گرێبەستێکی کڕینی چەکی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق ئیمزاکردووەو 200 دەمانچەی بە دیاری داوەتە مام جەلال و 200دەمانچەشی داوەتە مالیکی".

# یەکێتی لە کارکردن بۆ هەموو کاندیدەکانی زیانی بەردەکەوێت

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی 157 کاندیدی هەیە لە لیستی هەوپەیمانیی کوردستان و وەک پارتی ئەوەی نەکردووەتە کە تەنیا بایەخ بە چەند کاندیدێک بدات. پارتیش172کاندیدی هەیە و بۆ ئەوەی کەمترین دەنگی ڕێکخستنی بەهەدەر بچێت بۆ هەر پارێزگایەک ئیش بۆ چەند کاندیدێک دەکات. بەمەش دەتوانێ دەنگەکانی بۆ زیادکردنی کورسییەکانی بەکاربێنێ.

### زۆری کاندید و کارکردن بۆ هەمووان

ئەو لایەنە سیاسییانەی کە بەتەنیا لیستیان هەیە زۆرترین دەنگ بۆ لیستەکەیان بەهۆی زۆری ژمارەی کاندیدەکانیانەوە کۆدەکەنەوە، هەر لەبەرئەوەش لیستی گۆڕان و لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی و هەولێر دوو هێندەی ژمارەی کورسییەکان کاندیدیان داناوە و لە دهۆکیش گۆڕان 16 کاندید و یەکگرتوو 20 کاندیدی هەیە. بەم شێوەیەش هەموو هەوڵی پەرش و بڵاوی کاندیدەکان دەکەوێتە خزمەت لیستەکەوەو، تەواوی هەموو کاندیدەکان خزمەتی لیستەکە دەکەن، بەڵام بۆ لیستێک کە لە چەند لایەنێکی سیاسی پێکهاتبێت زۆری ژمارەی کاندیدەکان زیاتر خزمەت بەلیستەکە دەکات نەک ئەو لایەنە سیاسییەی زۆرترین کاندیدی داناوە، ئەگەر لیستەکەش بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا نەکات ئەگەری شکستهێنانی هەیە لەهەڵبژاردندا.

بەپێی ئەو بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانییەی کە (ڕووداو) لە ژمارەی پێشوودا بڵاویکردەوە، بەپشت بەستن بەلێکدانەوەکان و ڕاپرسییەکان، یەکێتی ئەگەری بەدەستهێنانی 15 کورسی هەیە لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵام 157 کاندیدی هەیە. کە دانانی ئەو ژمارە زۆرە لە کاندیدەکان هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ یەکێتی کە تێیکەوتووە، چونکە لەبری ئەوەی کار بۆ دەرچوونی ژمارەیەکی دیاریکراوی کاندیدەکانی بکات و کەمترین دەنگی ڕێکخستنی بەهەدەر بچێت کار بۆ دەرچوونی هەموو کاندیدەکانی دەکات.

یەکێتی لە سلێمانی 13 کاندیدی هەیە و کار بۆ دەرچوونی هەر 13کەی دەکات، فەرهاد محەممەد گوروون، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی یەکێتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"تەواوی کاندیدەکانی یەکێتی لەپارێزگای سلێمانی کارامەن و شایەنی دەرچوونن و ئێمەش بڕیارمان نەداوە فەزڵی هیچ کاندیدێک بدەین بەسەر کاندیدێکی دیکەدا"، یەکێتی ئێستا لەسلێمانی کار بۆ دەرچوونی 13 کاندیدەکەی دەکات، بەڵام ئەگەری ئەوە بەهێزە کە یەکێتی تەنیا 35%ی دەنگەکانی سلێمانی بێنێت و ئەم ژمارەیە ئەگەر دابەشبووایە بەسەر 6 کاندیددا ئەوکات یەکێتی هیوای دەرچوونی 5 بۆ 6 کەسی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم ڕێژەیە بەسەر 13 کەسدا دابەشدەبێت، بۆیە ژمارەیەکی زۆری دەنگی یەکێتی بۆ کاندیدەکانی نابێت و دەچێتە خزمەتی لیستەکەوەو لەدابەشبوونی لیستەکەشدا ئەگەری ئەوە بەهێزە بەشێکی زۆری دەنگەکانی بۆ کورسی لایەنەکانی دیکەی هاوپەیمانەکانی بچێت.

لەپارێزگای هەولێر، یەکێتی 10 کاندیدی هەیە، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکان چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ یەکێتی 3 بۆ 4 کورسی بێنێت، یەکێتی لەم پارێزگایەش کار بۆ دەرچوونی هەر 10 کاندیدەکەی دەکات. بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەمە بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە" کاندیدەکانی هەولێر لەلایەن سەرکردەکانی یەکێتییەوە دانراون، ئەوانەی لەلایەن کاک کۆسرەتەوە دانراون کاک کۆسرەت کار بۆ دەرچوونیان دەکات، وەک ملازم کەمال و عوسمان شوانی و مامۆستا جەمال و ژین نانەکەلی، ئەوانیدیکەش کە لەسەر مام جەلال حسابن بریتین لە د.فوئاد مەعسوم و سەعدی پیرەو فریاد ڕواندزی".

بەکر مستەفا، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی، کە نزیکە لە کۆسرەت ڕەسوڵەوە، ڕەتیدەکاتەوە کە ئەوان پشتگیری چەند کەسێکی دیاریکراو بکەن" ئێمە کار بۆ دەرچوونی هەر 10 کاندیدەکە وەک یەک دەکەین و من کە قسەو کۆبوونەوە دەکەم باسی هەر 10 کاندیدەکە دەکەم، کەس بەسەر ئەویدیکەدا تەفزیل ناکەم".

ئەگەر دەنگی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر 25%ی کۆی گشتی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایە بێت، ئەم ڕێژەیە بەسەر 10 کاندیدا دابەش دەبێ و هەر کاندیدێک 2.5%ی بەردەکەوێت، لەکاتێکدا کورسییەک پێویستی بە 7%ی دەنگەکانی پارێزگای هەولێرە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بەشێکی زۆری دەنگەکانی یەکێتی لە هەولێر بۆ لیستەکە بچێت و لەکاتی دابەشکردنەوەی دەنگەکانیشدا پارتی سودمەندی یەکەم دەبێت لە دەنگەکانی یەکێتی بەپێی پێوەری (الباقی للاقوی)، بەو پێیەی زۆرینەی دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەهێنێت لە هەولێر.

یەکێتی لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیایە، دەنگی ئەو لە دهۆکدا 50%ی دەنگی ئەو پارێزگایە نییە، بەڵام بۆ 10 کورسی دهۆک 5 کاندیدی هەیەو بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداریش کار بۆ دەرچوونی هەر 5 کاندیدەکەی دەکات، دەنگی یەکێتی لەدهۆکدا دەنگی ڕێکخستنەکانیەتی بۆیە ئەگەر کاری بۆ دەرچوونی کەسێک بکردایە باشترین هاوکاربوو بۆ یەکێتی، بەڵام ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە تەواوی دەنگەکانی ڕێکخستنی یەکێتی بەسەر 5 کاندیدەکەیدا دابەش ببن و ئەو دەنگانەش بچن بۆ لیستەکەو لەکاتی دابەشبوونەوەی دەنگەکاندا بەسەر کاندیدەکان، تەواوی ئەم دەنگانە بچێتە خزمەتی کاندیدەکانی لیستەکەوە کە پارتی زۆرینەی هەرە زۆری دەنگەکانی دهۆک دەهێنێ. هاوشێوەی دهۆک لەموسڵیش یەکێتی کەوتووەتە هەمان دۆخەوە، بەوپێیەی کاندیدێکی زۆری هەیە.

شۆڕش ئیسماعیل، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان هیچ جیاوازییەک لەنێوان کاندیدەکانیاندا ناکەن و دەڵێت" بەیەکسانی کار بۆ هەموو کاندیدەکان دەکەین و تاوەکو ئێستاش وەک ڕێکخستنی حیزبی و جەماوەریش فەزڵی هیچ کاندیدێکمان نەداوە بەسەر کاندیدێکی دیکەداو تەنانەت لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا وەکو یەک دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنین".

### زیاتر کارکردن بۆ چەند کاندیدێک

لەگەڵ ئەوەی پارتی 172 کاندیدی هەیە لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا، بەڵام پێیوایە حەکیمانە کار لەسەر دۆخەکە دەکات و نایەوێت کەمترین دەنگی ڕێکخستنی بەهەدەر بچێت، بۆ ئەمەش لەو پارێزگایانەی کە پێگەی لاوازە کار بۆ دەرچوونی چەند کاندیدێکی دیاریکراو دەکات.

بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لقەکانی سنووری پارێزگای کەرکوکی پارتی، لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، داواکراوە دەنگ بە 3 کاندید بدەن کە عارف تەیفور و عەدنان کەرکوکی و د.ناسح غەفورن، لە سلێمانیش کار بۆ دەرچوونی د.محمود عوسمان و محەممەد ڕەزا و ئازاد نەقشبەندی دەکات.

جەعفەر ئیمنکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی ئاماژە بەوە دەکات کە" حەکیمانە مامەڵ لەگەڵ زۆری ژمارەی کاندیدەکاندا دەکەین، لەچەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان تەرکیزمان لەسەر چەند کاندیدێکی دیاریکراوە، بەڵام لە ناوچەکانی دیکە بۆ نموونە بەغدا بەهۆی زۆری ژمارەی کاندیدەکانەوە زۆرترین دەنگ بۆ لیستەکە کۆدەکەینەوەو لەمەشدا خزمەتێکی باش بەپێگەی کورد دەکرێت".



دیمەنێک لە بانگەشەی یەکێتی لە شەوی 3/3 /2010 لە هەولێر (فۆتۆ: ڕووداو)

---

## سەرۆکێ لیستا هەڤپەیمانیا کوردستانێ ل دهۆکێ:

# ئەگەر ئەم کورسیەکێ ژدەست بدەین دێ بۆ یەکگرتوو چیت نەک گۆڕان

**عەبدوللا نهێلی**
**ڕووداو-دهۆک**

موئەید تەیب سەرۆکێ لیستا هەڤپەیمانی کوردستان ل پارێزگەها دهۆکێ د هەڤپەیڤینەکێدا دگەل (ڕووداو) ئەو گۆتن ڕەتکرن کو بۆ دەستنیشانکرنا کاندیدێن پارتی ل دهۆکێ ئاریشە دروستببن و دبێژی"هەمی بەربژێرێن لیستا هەڤپەیمانی کوردستان ل دهۆکێ ل سەر بنەمایێ لێهاتنێ و زیرەکاتیێ و ژلایێ قاعیدا حیزبا خۆڤە هاتینە دەستنیشانکرن".

هندەک گۆتن هەبوون کو موئەید وەک کەسەکێ بێ لایەنە دلیستا کوردستانی دا، لێ ئەو بخۆ دبێژی"ئەز وەک پارتی هاتیمە دەستیشانکرن، بەس من چ بەرپرسیارەتی دناڤا پارتی دا نەبووینە و بتنێ ئەندامەکێ پارتیمە ".

موئەید تەیب، دبینیت کو لیستا گرتی و ڤەکری هەردووکان باشی و خرابیێن خۆ هەنە"بەری نوکە و دلیستا گرتیدا کاندیدا بۆ خۆ کارنەدکر و لسەر حسابا وان پارتێن خۆ دچۆنە پەرلەمانی، بەلێ ڤێ جارێ هەر کاندیدەک هەولددەت بۆخۆ پتر کاربکەت و پتر بچیتە دناڤا جەماوەیدا، بێگومان ئەوێن ڤێ جارێ دهێنە هەلبژاردن دێ گەلەک کاراتربن ژ یێن گەڕێن چۆیێن پەرلەمانێ عێراقێ".

هێشتا سەرۆک عەشیرا ڕۆلێ خوە ل سەر وەلاتیێن بەهدینان مایەو گەلەک گوهداریا وان دکەن، موئەید تەیب دبێژی"سەرۆک عەشیرا کاتێکرنا خۆ لسەر دەنگدەری هەیە، بەلێ نە ب وی ئاستی کو بشێت 40-50 هزار دەنگان بۆ کاندیدەکێ خرڤەکەت".

موئەید پێشبینی دکەت هەر 10 کورسیێن پارێزگەها دهوکێ بۆ لیستا هەڤپەیمانیا کوردستانێ بن " ئیحتیمالە کورسیەک ژ دەستێن مە بچیت، بەلێ چانسێ وی هندێ پترە کو پارتی هەر 10 کورسیان ببەت".

ل دیف بۆچوونا موئەید تەیبی تەنێ ئیحتیمال هەیە کو کورسییەک ل دەست پارتی بچیت ل دهۆک، د وەختەکیدا کو گۆڕان دبێژی و یەکگرتوو و یەکێتی هەرئێک ژ لایێ خۆڤە دبێژن ئەو دێ 2 کورسییا ل پارێزگەها دهۆک ئینن "ل دیف وان ڕاپرسیێن دهێنە کرن، ئەگەر ئێک کورسی ژ دەست مە بچیت دێ بۆ یەکگرتوو بیت، نەک گۆڕان، بەلێ ئەگەرا هەرە زێدەتر ئەوە هەر 10 کورسی بۆ پارتی بن".

موئەید تەیب ژی دگەل هندێ دایە کو نوینەرێن پارێزگەها دهۆکێ یێن نوکە دپەرلەمانێ عێراقێ دا نەشیاینە ڕۆلێ خو ببینن و دبێژی"هەموو بڕیارێن عێراقێ ب تەوافوقێ دهێنە کرن، سەرکردایەتیا حیزبێن ئەندامێن کوردا یێن ل پەرلەمانێ عێراقێ پتر ڕۆلێ خوە هەبوو، ڕاستە ڤێ جارێ ژی عێراق دێ هەر لسەر تەوافوقێ بیت، بەلێ بێگومان ئەندامێن ڤێ گەرا نوی یا پەرلەمانێ عێراقێ دێ باشتر بن ژ یێن بەرێ، هەر نووکە ب ڕێکا هەوا پروپاکندێ ئەم چوینە دناڤا خەلکی دا و مە ئاگەه ژ گلە و گازندێن وان بوو، چونکە دوان دەمێن بەردەوام گوند و دەڤەرێن ئامێدیێ و زاخۆ دهاتنە توپبارانکرن، نە یا ڕەوابوو پەرلەمانتار سەفیە سوهەیل و میسال ئالوسی بێن بچنە دێرەلوکێ و سەرا وی خەلکی بدەن، پێویست بوو بەری وان نوێنەرێن دهۆکێ د پەرلەمانێ عێراقێ دا هاتبان چۆبانە وان دەڤەرا، و بەردەوام لێداون و نەرازیبوون دیارکربان، چونکە ئەندام پەرلەمانی حەسانە یاهەی و ماف هەیە باخڤیت، ئەز پشت ڕاستم دێ ئەم باشتر بین ژ وان".

چەند سالە کێشا دەڤەرێن فەقەتیایی و چەند کێشەیێن دی دناڤبەرا حکومەتا هەولێر و بەغدادا ماینە هەلاویستی. سەرۆکێ لیستا هاوپەیمانی کوردستان ل دهۆکێ دبێژی" کو ئەڤ کێشە دڤان چارسالێن بهێت نەهێنە چارەسەرکرن دێ عێراق و پرۆسا سیاسی ل عێراقێ بەرەڤ ئالۆزیێ چیت"، هەروەسا دبێژ "چ لایەنێن کوردی خەماساری دجێبەجێکرنا 140 و کێشێن دناڤبەرا بەغدا و هەولێرێدا نەکرینە، مایتێکرنا وەلاتێن جیران دڤان کێشاندا د ئاشکرابوون، دیسان ئەمریکا و بەریتانیا ژی دەست نەجێبەجێکرنا مادێ 140 دا هەیە".

موئەید تەیب ڕەخنە ژ حکومەتا هەرێمی و عێراقێ گرتن و دبێژی"دهۆک دڤێت نووکە پێشکەفتیترین پارێزگەها عێراقێ و کوردستانێ با، چونکە پارێزگەها دهۆکێ ئارامترین پارێزگەها عێراقێ یە، دێ هەولدەین هەرسال بودجە دوەختێ خۆدا بگەهیت و چ غەدر ل دهۆکێ نەهێتە کرن".

سەرۆکێ لیستا هەڤپەیمانیا کوردستانێ ل دهۆکێ نەدگەل هندێ دایە کو ئەو پۆستێن ل بەغدا دبەر کوردا دکەڤن لسەر بنەمایێ پارێزگەها یان حزبا بهێنە دابەشکرن"ئەز دگەل هندێ دانیمە پوستێن ل بەغدا لسەر پارێزگەها بهێنە دابەشکرن، بلا کەسێن خودان شیان و لێهاتی بن، بلا هەمی خەلکێ گوندەکێ بن، یان حیزبەکێ بن ئەڤە نە موشکیلەیە".



موئەیەد تەیب

# سەرۆک لیستەکان ئێوارەی ڕۆژی دەنگدان چ دەڵێن؟

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

تاوەکو ڕۆژی دەنگدان نزیکتر ببێتەوە، لێدوانی ترس ئامێزی هەر سێ لیستی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو لەسەر ساختەکاری زێدەتر دەبێ و هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ پێیانوایە دەسەڵات خۆی بۆ ساختەکاری بەرفراوان ئامادە دەکات و بزووتنەوەی گۆڕانیش قەبارەی مەترسییەکانی بچووکترەو دەڵێ دەسەڵات دەرفەتی ساختەکاری کەمی لەبەردەمدایەو ساختەکاری بەکەمی ڕوودەدات.

بەرەبەیانی 2010/3/7 زۆربەی سەرکردەکان دەنگەکانی خۆیان بەسندوقەکانی دەنگداندا شۆڕدەکەنەوەو هەر لەوێدا کورتە پەیامی دوای دەنگدان ڕادەگەیێنن و هیوادەخوازن ئەنجامی هەڵبژاردنێکی پاک ببیستنەوە، بەڵام چاوەڕێدەکرێ ئێوارەکەی بە توندی قسە بکەن و بەیاننامە دەربکەن. هەر لەئێستاشەوە، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لەو بڕوایەدان، لیستی دەسەڵات خۆی بۆ ساختەکاری ئامادە دەکات، بەڵام تاهیر محەممەد ئەمین بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمجارە ڕێوشوێنی وردترمان گرتووەتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەساختەکاری". بەڵام ئەو لێدوانە دڵنیایی نابەخشێتە هەرسێ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکەو دەڵێن "ساختەکاری ئەگەری بەهێزە".

نازم عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لەپارێزگای سلێمانی دەڵێ " لە هەڵبژاردنی پێشوو ساختەکاری زۆرتر لەهەولێر کرا، بەڵام ئەمجارە لەسلێمانیش ئەو مەترسییەمان هەیە"، هەروەها "دەیانەوێ سوود لەو بنکانەی دەنگدان وەربگرن، کە چاودێرەکانی بێلایەن نین". ناوبراو گوتیشی "ئەگەر ساختەکاری زۆر بکرێ، بەئەنجامەکان ڕازی نابین". گوتیشی "لەگەڵ گۆڕان و یەکگرتوو کۆبوونەوەمان کردووە بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لەوبارەوە ئەگەر ڕئەوە ڕوویدا و بڕیارماندا بەئەنجامەکان ڕازی نەبین".

ڕۆژی 2010/2/26 نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لەپەیامێکدا داوای لەهەموو نوێنەر وچاودێرەکانی سەر سندوقی دەنگدان کرد، بێلایەنی خۆیان بپارێزن و بوار نەدەن ساختەکاری بەسەریاندا تێپەڕێت. بەبڕوای گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا هەوڵدەدات ساختەکاری بکات "زەحمەتە ئەمجارە بتوانن، چونکە نوێنەری هەموو لایەنەکان وریان و ڕێگەی پێنادەن". بەڵام گوتیشی "ئەو هەڵبژاردنە قبوڵ ناکەین کە ساختەکاری زۆری تێدابێت".

تائێستا 25 ڕێکخراوی ناحکومی پەیوەندییان بەئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە کردووە، تاوەکو باجیان بۆ بکرێت و چاودێری هەڵبژاردن بکەن و وەک بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی ئاشکرایکرد، تائێستا لەسلێمانی 3213باج بۆ چاودێرانی بێلایەن کراوە لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پارێزگای سلێمانی کە 577 بنکەی دەنگدانی هەیە، بەدەنگدانی تایبەت وگشتییەوە. تاهیرمحەممەد ئەمین گوتی "تاوەکو ڕۆژی هەینی داهاتوو ماوەی ناونووسینی چاودێرانمان درێژکردووەتەوە، بۆ ئەوەی چاودێری زیاتر پەیوەندیمان پێوە بکەن". ناوبراو ڕێکارەکانی کۆمسیۆن بۆ ڕێگەگرتن ساختەکاری لە هەڵبژاردندا، بە"ڕێکاری زۆر توند"ناودەبات و دەڵێ هاووڵاتی تەنها لە یەک وێستگە ناوی هەیەو مەرەکەبەکە بەئاسانی لەپەنجە نابێتەوەو هەموو قەوارەیەک نوێنەری خۆی هەیەو قەوارە سیاسییەکان ژمارەی قوفڵەکان لای خۆیان دەنووسن "بەڵام ئەو ڕێوشوێنە بەمانای ڕێگەگرتنی 100%ی ساختەکاری نایێ"، گوتیشی "هەر قەوارەیەک دەتوانێ لە پارێزگای سلێمانی 3021 نوێنەری هەبێت و بەسەر بنکەکاندا دابەشی بکات".

د.موسەننا ئەمین، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ ساختەکاری چاوەڕوانکراوەو دەسەڵات پشتی پێدەبەستێت "لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا کوردستان لە لیستی ڕەشدا بووە". هەروەها گوتیشی "زانیاریمان پێگەیشتووە کە دەسەڵات پێیانگوتوون ئەو کارتە زیادانەی دێت، سەرفی مەکەن و پێویستمان پێی دەبێ و ئەو کەسانەی دەیانناسن و دەزانن دەنگ بۆ ئێمە نادەن، مۆر لە فۆرمی دەنگدانەکەیان مەدەن، تا دەنگەکانیان بسووتێ". د.موسەننا، کە کاندیدی یەکگرتووە لە سلێمانی دەڵێ هەڵبژاردنی ساختەکاری قبوڵ ناکەن و گوتی "ئەگەر حیزبی دەسەڵات بەتەنگ ئێمەشەوە نین، بەتەنگ نێوبانگی وڵاتەکەمانەوە بن ".

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێن بۆ چاودێریکردن ئەو ڕێوشوێنانە دەگرنەبەر کەکۆمسیۆن دیاری کردوون. یوسف حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری تۆڕی ڕۆژ بۆ چاودێری هەڵبژاردن کەبە 151چاودێرەوە بەشداری لەچاودێریکردنی هەڵبژاردن دەکات گوتی"هەرحاڵەتێک ببینین ڕاپۆرتی دەکەین و ڕای گشتی لێ ئاگادار دەکەینەوە". گوتیشی "ئەو ڕێوشوێنەی کۆمسیۆن دایناوە، ئەگەر جێبەجێ بکرێت، هەڵبژاردنێکی پاک بەڕێوەدەچێ".

## لاهور تاڵەبانی سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆر:

# گرەنتیت دەدەمێ دوای دوو مانگ لە نەمانی ئێمە، تەقینەوە لە سلێمانی و هەولێر دەبینی

**بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێن کە لاهور تاڵەبانی سەرۆکی ئەو میلیشیایە، هێزەکەی لەشەوی 16ی مانگی ڕابردوودا هێرشیانکردە سەر لایەنگرانی گۆڕان و 6 کەسیان لێ بریندارکردن و گرتن. بەڵام لاهور دەڵێ ئەندامانی هێزەکەی گیانی خۆیان بۆ کورد دەکەنە قوربانی، بۆ ئەوەی لایەنگرانی لیستی گۆڕان بتوانن شەوانە بە ئازادی بێنە سەر شەقامەکانی سلێمانی. دەشڵێت سەرەڕای ئەوەش، هێشتا ئامادەیە گیانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بپارێزێ، "هەرچەندە گۆڕان وای گوتووە، بەڵام من بە پارێزگاریکردن لەم هەرێمە و جەماوەری گۆڕان و زامنکردنی بارودۆخێکی ئارام بۆ دەرچوونیان و بانگەشەکردنیان، خەجاڵەتیان دەکەم".**

**دژە تیرۆر هێزێکی هەواڵگری و سەربازییە، کە لە زیاتر لە هەزار کەس پێکهاتووەو بنکەکەیان لە شاری سلێمانییە، سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنن. ئەو هێزە ساڵی 2002 لەلایەن یەکێتی، بە یارمەتی ئەمریکا دامەزرا، بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی جوندولئیسلام لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری. دەزگای دژەتیرۆر بەپێی فەرمانێک کە لەلایەن جەلال تاڵەبانیی سەرۆک کۆمار و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە واژۆکراوە، دەسەڵاتی پێدراوە. ئەمەش لەکاتێکدا کە هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەی هەبوو. لاهور دەڵێ لە دوای پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ئێستا هێزەکەیان لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدایە:**

هەڤپەیڤین: ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ



لاهور تاڵەبانی دەڵێ، گۆڕان نەیهێشت شەوی تەقەکە فیلمەکە تەواو بکەم

**ڕووداو: ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا چی بوو، گۆڕان دەڵێن تەقەتان لە خەڵک کردووە؟**

**لاهور تاڵەبانی:** من ئەوکات لەگەڵ خێزانەکەم تەماشای فیلممان دەکرد. تەلەفۆنێکم بۆ هات و گوتیان تەقە لە مەڵبەندی یەکێتی کراوە. کاتێک گەیشتمە ئەوێ، هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. هێزەکانی ئاسایش بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵکردبوو. وادیارە ئەوان دەستڕێژیان بە شەقامەکەدا کردبوو نەک ئاسایش. پاسەوانەکانی خانمی یەکەمیش تەقەیان کردبووەوەو هەندێ کەس بریندارببوون. بەختیان هەبووە کە نەکوژراون. لە وڵاتانی دیکە ئەگەر تەقە لە خانمی یەکەمی وڵات بکەی، پێتوایە دوای سێ ڕۆژ ئازاد بکرێی؟

بۆ ڕۆژی دواتر ئەمە بووە بابەتی هەموو ڕۆژنامەکان و کەناڵی KNN. ئەوان ناوی من و هێزەکەمیان هێنابوو، بەوە تۆمەتباریان کردبووین کە چووینەتە نێو قەرەباڵغییەکەوەو تەقەمان لە خەڵک کردووە. بەڵام ئەو شەوە من لە ماڵەوە بووم و هێزەکەشمان سەرقاڵی چارەسەرکردنی کەیسێکی ڕفاندن بوون لە کەرکووک. مایەی نیگەرانییە کە گوێمان لە شتی لەو جۆرە دەبێت لەنێو میدیای خۆماندا، بەوەی بە تەقەکردن لە خەڵکی خۆت تۆمەتبار دەکرێین، لەکاتێکدا تۆ لەدەرەوەبی و ڕۆژانە گیانی خۆت خستبێتەوە مەترسییەوە لەپێناو خەڵکەکەت. مەحاڵە هێزەکەمان تەقە لە خەڵک بکات. هێزەکانمان ناوێرن تەقە لە هیچ کەسێکی ئەم ناوچەیە بکەن. ئێمە مەشقمان پێکراوە و خەریکی زانیاری کۆکردنەوەین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تیرۆریزم ببینەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان و هەندێ جار دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بکەین. زۆر بەداخەوە کە ئەم ڕووداوە ڕوویدا و خۆزگە ڕووینەدابایە.

**ڕووداو: ئەی بۆچی ئەوانە ئازاد کران؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بەڵێ، لەبەرئەوەی خانمی یەکەم گوتی کە دەبێ بە کەفالەت ئازاد بکرێن. ئەگەر ئەمە دیموکراسی بووایە و ئەوانەش کە بۆ خۆیان داوای دیموکراسی دەکەن، هەرگیز ئەم کەسانەیان ئازاد نەدەکرد، بەڵام بزانە، ئەوان سەرخۆش بوون. من پێموایە ئەمە دیموکراسیەکی زۆرە، ئەگەر بەڕای من بووایە، ئەوانە ئازاد نەدەکران، لەبەرئەوەی ئەوان دەچنەوە سەر شەقامەکان و کێشەی دیکە دەنێنەوە.

**ڕووداو: واتە ئێوە بوونە بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بەڵێ، ئەوان ئەوەیان بەکارهێنا. تەنیا لەبەرئەوەی من خزمی سەرۆکم، مانای ئەوە نییە بەوهۆیەوە گەیشتوومەتە ئەم پۆستە. ئەمە هەندێک جیاوازە لەوەی پارتی. من یەکێکبووم لە دامەزرێنەرانی ئەم هێزە. شتێکی ئەوها لەم وڵاتە نەبوو. ساڵانی نەوەدەکان لە لەندەن گەڕامەوەو دەستم لە هەموو شتێک بەردا بۆ ئەوەی یارمەتی میللەتەکەم بدەم. من یەکێکبووم لەوانەی لەدوای هاتنی ئەمریکا لەساڵی 2003 کارم لەگەڵیان دەکرد. ئەمە بیرۆکەی هاوڕێیەکی ئەمریکیم بوو کە پێیوابوو، ئێمە دەبێ هێزێکی دژە تیرۆرمان هەبێت. من یەکێکبووم لە دامەزرێنەری ئەم گرووپە. سەرەتا ژمارەمان لە سێ چوار کەس تێنەدەپەڕی و زانیاریمان کۆدەکردەوە. پاشان بووینە ئەوەی ئێستا،

## قاعیدە گوشاری شێخەکانی حەویجەی لەسەرە بۆ ئەوەی تەقینەوە لە هەرێمی کوردستان بکات

## ئێمە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەداین و مووچە لەوێ وەردەگرین

نەک لەبەرئەوەی من خزمی تاڵەبانیم، بەڵکو بەهۆی ئەو هەموو ڕەنجەی داومانە. وەکو منداڵێک ئەمەم پێگەیاندووە، کەس ناتوانێت پێم بڵێ کە بەهۆی ئەوەی من خزمی تاڵەبانیم گەیشتوومەتە ئێرە.

**ڕووداو: ئێوە تەنیا خەریکی ئەو کارانەن کە پەیوەندی بە تیرۆریزمەوە هەیە، نەک کاری تەقەکردن و ڕفاندنی خەڵک؟**

**لاهور تاڵەبانی:** ڕاستە ئێمە هیچ کارێک لە سلێمانی ناکەین. ئێمە تەنیا لەسەر سنوورەکانین بۆ ئەوەی ڕێگە بە تیرۆریستان نەدەین لە ناوچەکانی وەک مووسڵ، کەرکووک و دهۆک دزە بکەنە ناو هەرێمی کوردستان. زۆربەی هاوڕێکانم بەهۆی بەرگریکردن لەم هەرێمە گیانیان لەدەستداوە. خەڵکمان هەیە چاوێکی لەدەستداوە. قوربانی زۆرمانداوە بۆ ئەوەی بگەینە ئەم قۆناخە. پاشان خەڵک دێت و ناوی گرووپەکەمان ناشرین دەکات، ئەوە لەبەرژەوەندی من نییە،بەڵام لە بەرژەوەندی ئەوانیش نییە. تاکە کاری ئێمە لە سلێمانی کۆکردنەوەی زانیارییە. هیچ کارێکی سەربازی ناکەین، لەبەرئەوەی ئاسایش و پۆلیس ئەو کارانە دەکەن. ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە لێرە، تەنیا لە حاڵەتێکی تایبەتیدا نەبێت کە پێویستی بە گرووپی تایبەتی هەبێت ئەوەش دەبێ لەسەر داواکاری ئاسایش، پۆلیس یاخود پارێزگار بێت. ئێمە هاوکاری خەڵک دەکەین.

**ڕووداو: ئایا ئەوانەی لە پیرەمەگروونیش تەقەیان کرد هەر ئێوە بوون؟**

**لاهور تاڵەبانی:** نەخێر، ئەوە ڕاست نییە ئێمە نەبووین. ئەوان ئێمەیان لەگەڵ تیمی سوات (SWAT) لێ تێکچووە کە لەلایەن ئەمریکاوە مەشقیان پێدەکرێت و سەر بە ئاسایشن. ئەوان ئۆتۆمبێلی ڕەشیان پێیە و لەسەر تەلەڤزیۆنیش پیشانیانداون و ئەوانە گرووپی دژە تیرۆر نین. گرووپی دژە تیرۆر هیچ پەیوەندییەکی بەم کارانەوە نییە.

**ڕووداو: سەرم سووڕما، کاتێک گوێم لەو تۆمەتە بوو.**

**لاهور تاڵەبانی:** من هێشتاش زۆر هاوڕێم هەیە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان. زۆر کەسی گۆڕان لەناو هێزەکانی ئاسایشن وەکو سەرکەوت، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی. ئەو شەوە پەیوەندیم پێوە کرد و گوتم: ئێوە دەبێ شەرم بتانگرێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێ تەقە لەخەڵک بکەین، لەبەرژەوەندی ئێمە نییە. ئەو پێیگوتم کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە و ئەوە تەنیا قسەی خەڵکە. پێمگوت دەبێ گۆڕان شەرمەزار بێت کە ڕێگە بە خەڵکی سەرخۆش دەدات تەقە لە مەڵبەند و خانمی یەکەم بکەن کە ئەو بۆ خۆی یارمەتی یەکە بە یەکەی ئێوەی داوە لەڕووی دارایی و مەعنەوی. دەکرێ ئێمە بچین تەقە لە ماڵی نەوشیروان بکەین، تەنیا بۆ ئەوەی تووڕەی بکەین؟ ئێمە دەتوانین لەوەش زیاتر بکەین، بەڵام ئەوەی گۆڕان لێرە دەیکەن، ناتوانن لە ناوچەکانی پارتی بیکەن. کەس ئەو پرسیارەیان لێ ناکات. ئەمە بەهۆی ئەو دیموکراسی و ئازادییەیە کە یەکێتی بۆی دابین کردوون. ئەمە بۆ یەکێتی بەسە.

**ڕووداو: ئەوان دەڵێن ئەو بریندارانەی 16ی مانگ لە نەخۆشخانە "ڕفێندراون"، ئایا ئەوانە هێرشبەران بوون یاخود خەڵکی ئاسایی؟**

**لاهور تاڵەبانی:** تاوانبار بوون و لەپشت ئەو هێرشانەوە بوون و پۆلیس دەستبەسەری کردن. ئەوان چەکیان بردبووە نێو نەخۆشخانەوە. هەتا هێزی ئاسایشیش بۆی نییە چەک بباتە نێو نەخۆشخانە، چونکە ئەوە کارێکی دیموکراسیانە نییە.

**ڕووداو: بەڵام ئۆپۆزسیۆن هەمیشە وا دەنوێنێت کە بووەتە قوربانی، نازانم بڕوا بە چی بکەم؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بەڕاستی من نایێم درۆ لەگەڵ تۆ بکەم، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ڕووداوەکەی سلێمانییەوە هەبوو، ئێمە زۆر دوورین لەوەوە و ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە ئاسایشی ناوخۆوە نییە.

**ڕووداو: هەروەها هەندێ کێشەی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە هەولێریش هەبوون.**

**لاهور تاڵەبانی:** من یەکێکبووم لەوانەی کە چوومە لای سەرۆکی حکومەت و ئاگادارم کردەوە کە دەبێت کارێکی تایبەت لە سلێمانی ئەنجامبدەی و دەبێ ڕێگە لە خەڵک بگری لەدوای کاژێر 9ی شەو بێنە سەر شەقامەکان، لەبەرئەوەی لەسلێمانی خەڵکەکەی هەندێک حەزیان لە خواردنەوەیە،من ئەمەم بە سەرۆکی حکومەت گوت. ئەوان دێنە سەر شەقامەکان و سەرخۆشن و هەمووش چەکیان پێیە، بێگومان یەکێک تەقە لە یەکێکی دیکە دەکات.

**ڕووداو: پێتوانییە کە ئۆپۆزسیۆن شتەکان هەندێک گەورە دەکات و بارودۆخی ئێرە زۆر باشترە لە بارودۆخی هەندێ وڵاتانی دراوسێ؟**

**لاهور تاڵەبانی:** من شانازی بەو بارودۆخەی خۆمانەوە دەکەم، بەڵام لیستی گۆڕان

**هەمیشە لەهەموو دەرچوونێکدا فڕۆکەیەکی ئەمریکامان بەسەرەوەیە**

پێیوانییە کە ئەمە دیموکراسییە. ئەو ئازادیەی ئێمە لێرە هەمانە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە. ئێمە بێ عەیب نین، ئێمە نوێین و دیموکراسی بە یەک شەو دروست نابێت. ئەمریکا 200 ساڵ و چەندین شەڕی ناوخۆی پێویست بوو هەتا گەیشتنە ئەو قۆناغەی ئێستا. لە ساڵی 1997وە ئێمە لێرە حکومەتێکی تەواومان هەبووە. نابێت چاوەڕێ بین موعجیزەیەک ڕووبدات. نابێت ئێمە چاوەڕێی ئەو دیموکراسییە بین کە لە ئەورووپا هەیە. بەڵام پاش 13 ساڵ لە حکومەت هێشتاش هەر باشین. ئێمە ئەوەندە خراپ نین. ئێمە داوای دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین و ئۆپۆزسیۆنمان کردووە. بەڵام ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکمان ناوێت هەموو شتێک بڕووخێنێت کە کورد بۆ ماوەی چەند سەدەیەکە دروستی کردووە، کە خوێنێکی زۆری بۆ ڕژاوە و قوربانییەکی زۆری بۆ دراوە. چوار دەورەمان (وڵاتانی دراوسێ) دوژمنە کە دەیانەوێت ئەم حکومەتە بڕووخێنن و لەگەڵ ئەوەش، ئۆپۆزسیۆنی خۆمان هەیە کە هەمان شێواز بەکاردێنێت. ئێمە ناڵێین گەندەڵی لەم وڵاتەدا نییە، بەڵام کاری ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کە یارمەتی حکوومەت بدات گەندەڵی نەهێڵێت، نەک حکومەت بڕووخێنێ. ئەمە لە گۆڕان و هیچ کەسی دیکە قبوڵ ناکرێت. ئێستا ئەوان بە پێشمەرگە دەڵێن میلیشیا، ئەوان بەڕاستی سنووریان بەزاندووە.

**ڕووداو: سەرکردەکانی گۆڕان دەڵێن پێویستە هێزەکەی ئێوە نەمێنێ. چی دەبێت ئەگەر ئەمە بکرێ؟**

**لاهور تاڵەبانی:** چونکە من لە یەکەم ڕۆژەوە خەریکی ئەم کارەم گرەنتیت دەدەمێ کە دوای دوو مانگ لە نەمانی گرووپەکەمان، تەقینەوە لە سلێمانی، هەولێر و بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەبینی. لەبەرئەوەی ئێمە زۆر کاردەکەین کە خەڵکی ئاسایی و گۆڕان پێی نازانێت و پێویستیش ناکات بیزانن، لەبەرئەوەی دەیانترسێنێت. بەردەوام هەڕەشە لەسەر هەرێمەکەمان هەیە و ڕۆژانە هەوڵدەدەن خۆکوژ بنێرنە نێو هەرێمەوە. هەروەها (کارەکانی ئێمە) زیانیان پێدەگەیێنێت، لەبەرئەوەی ئەوان بۆ ماوەیەکی زۆرە نەیانتوانیوە کاری خۆیان بەسەرکەوتوویی لەم هەرێمەدا بکەن. ئێستا پارە و یارمەتی داراییان کەم بووەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو شێخانەی ناوچەکانی حەویجە کە پاڵپشتی لە قاعیدە دەکەن پێیاندەڵێن: ئێوە چی دەکەن، ئێوە ناتوانن یەک کاری سەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن، بۆچی پارەتان بدەینێ؟ لەبەرئەوەی ئەوانە گوشاریان لەسەرە، بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنەدا.

ئەوان دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، جا شوێنەکەی هیچ گرنگ نییە چ لە سلێمانی بێت چ لە هەولێر چ لە دهۆک. بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نییە، لەبەرئەوەی ئەوان لەژێر گوشارێکی زۆردان و هەوڵی زۆر دەدەن. ئێمە دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەین بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ نەدەین بێنە نێو هەرێمی کوردستانەوە. لەڕاستیدا لە ئاست ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی گۆڕان هەست بە شەرم دەکەم،

## دەبێ گۆڕان شەرمەزار بێت کە ڕێگە بە خەڵکی سەرخۆش دەدات تەقە لە مەڵبەند و خانمی یەکەم بکەن

ئەگەر ئەوان هەر کەسێکیان تۆمەتبار بکردایە، نەدەبووایە هێزی دژە تیرۆر تۆمەتبار بکەن، لەبەرئەوەی ئێمە لەپێناو هەموو لایەک خۆمان کردووەتە قوربانی نەک تەنیا بۆ بەرژەوەندی یەکێتی. ئێمە کورد دەگرین و هەندێ جاریش دەیانکوژین. بۆیەش ئەگەر ئێمە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی تورکمان و عەرەب بکەین، بۆچی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گۆڕان ناکەین؟ وەختی خۆی، شەش مانگ لەمەوپێش ئەوانە برامان بوون. ئەندامانی گۆڕان کوردن، بەردەوامیش بەرگرییان لێ دەکەین تەنانەت پاش ئەو قسەیەی کردوویانە. هەرچەندە گۆڕان وایان گوتووە، بەڵام من بە پارێزگاریکردن لەم هەرێمە و جەماوەرەکەیان و زامنکردنی بارودۆخێکی ئارام بۆ دەرچوونیان و بانگەشەکردنیان، خەجاڵەتیان دەکەم. هێزەکەی من جیاوازە و ئەرکەکانمان جیاوازە. کاری ئێمە ئەوەیە کە بەرگری لە خەڵک بکەین و پارێزگاری لە گیانیان بکەین. کاری ئێمە ئەوە نییە کە بێینە نێو شار و تەقە لە خەڵک بکەین.

**ڕووداو: ئایا یاساکانی کوردستان هەروەک ئاسایش دانی بە ئێوەشدا ناوە؟**

**لاهور تاڵەبانی:** ئێمە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەداین و مووچە لەلایەن ئەوانەوە وەردەگرین، ئێمە باڵێکی سەربازین، ەڵام لەژێر ئەو باڵە سەربازییە ڕێکخراوێکی هەواڵگریمان هەیە کە زانیاری لە ئاسایش و ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی دیکە وەردەگرێت کە چاودێری تیرۆریزم دەکەن. کاری ئێمە تەنیا تیرۆریزمە، لەبەرئەوە کاری گرووپە هەواڵگرییەکەمان ئەوەیە کە زانیاری لە ئاسایش، پاراستن و دەزگای زانیاری وەربگرێت.

**ڕووداو: ئێوە سەر بەئاژانسی پاراستنن؟**

**لاهور تاڵەبانی:** نەخێر، ئێمە فەرمان لە وەزارەتی پێشمەرگەوە وەردەگرین، لەبەرئەوەی ئێمە یەکەیەکی سەربازین و یەکەیەکی هەواڵگریشمان هەیە و بەرەنگاری تیرۆریزم دەبینەوە. ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئاسایش و پۆلیس هەیە. ئێمە بەردەوام کۆبوونەوە دەکەین و زانیاری لەوان وەردەگرین و دەست بە ئۆپەراسیۆن دەکەین. بەڵام ئێمە کەس لەنێو هەرێمی کوردستان دەستگیر ناکەین، مەگەر پێویست بێت. زۆربەی کارەکانمان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. هەندێ بارودۆخ هەبووە کە ئێمەشی تێدابووین، بەڵام ئەوە کاتێک بووە کە پۆلیس داوایان لێکردووین، ئەمەش لەبەرئەوەی هێزەکەمان بەتواناترە لە پۆلیس و ئاسایش.

**ڕووداو: ئەمریکییەکانیش هاوکاریتان دەکەن؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بەڵێ، ئەمریکییەکان پاڵپشتیمان دەکەن و ئەگەر ئێمە تەقەمان لەخەڵک کردبێت ئەوان پێی دەزانن، لەبەرئەوەی هێزەکەمان هەمیشە پەیوەندی بە ئەمریکییەکانەوە هەیە. ئەوان بەبێ پاڵپشتی ئەمریکییەکان ناچنە بەردەرگاش و هەمیشەش فڕۆکەیەک بەسەرمانەوەیە. لەڕاستیدا گرووپەکەمان ئەو شەوە لە کەرکووک بوون، سەرقاڵی ڕزگارکردنی تورکمانێک بوون. ئەو شەوە من تەماشای فیلمێکم دەکرد و لەڕاستیدا زۆر لە گۆڕان تووڕە بووم، لەبەرئەوەی نەیانهێشت فیلمەکەم تەواو بکەم. هیوادارم لە دوای هەڵبژاردن کاتم هەبێت فیلمەکە تەواو بکەم.

**ڕووداو: گوایە ڕۆژنامەی ئاوێنە قسەی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ئێوەدا کردووە؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بۆ ئەوە نازانم. کوردستان پۆست شتێکی نووسیووە دەربارەی ئەوەی دوو ئەفسەرمان هەوڵیانداوە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی لە کەرکووک تیرۆر بکەن، پاشان پاراستن دوو ئەفسەرەکەی ئێمەی دەستگیرکردووە، کە ئەمەش ڕاست نییە. میدیا ناوی من دێنن، ڕاستییەکەی زۆربەی کاتیش من حەزناکەم لە میدیادا دەربکەوم. لە سەرەتادا ئێمە زۆر نهێنی بووین، بەڵام بەداخەوە ڕەنگە ئێستا پێویست بکات، دەربکەوین، لەبەرئەوەی ئەو خەڵکانە ناچارت دەکەن بچیتە نێو میدیاوە.

**ڕووداو: کاتێک قسە لەگەڵ کورد دەکەم، هەمیشە ئەوە دەڵێن کە عەرەبەکان ئەو هێرشانە دەکەن، بەڵام کوردیش بەشداری لە هێرشەکان دەکەن؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بەڕێوەبەری پۆلیسی ناو شاری کەرکووک کە بۆ خۆی تورکمانە چەندین جار هاتووەتە سەر تەلەڤزیۆن و ستایشی کاری هێزەکەمانی کردووە، لەبەرئەوەی ئێمە هیچ جیاوازییەک ناکەین لەنێوان تورکمان و کورد، ئێمە بەدوای خراپەکاراندا دەگەڕێین، هیچ گرنگ نییە کە ئەو کەسە کوردە یان نا. ئێمە زۆر منداڵی تورکمانمان ڕزگارکردووە کە لە لایەن عەرەب و کوردەوە ڕفێندراون.

**ڕووداو: کەواتە کوردیش بەشدارن لەو هێرشانە، بەڵام بۆچی؟**

**لاهور تاڵەبانی:** بۆ پارە. ئێمە وەکو هێزی دژە تیرۆر بەدوایان دەکەوین، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە تەنیا چەند تاوانبارێکی بچووکن. ئێمە لەمیدیاکانیشمان نەشاردەوە کە ئەم کوردانە منداڵی تورکمان دەڕفێنن. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی هەموو لایەک بپارێزین، جا گرنگ نییە ئەوانە سەر بە چ نەتەوەیەکن. هەر لەبەرئەمەشە کە ڕێگەمان پێدراوە لەم ناوچانە کار بکەین. ئێمە زیاتر جەخت لەسەر تاوانبارە کوردەکان دەکەینەوە نەک تورکمان و عەرەبەکان، لەبەرئەوەی کوردەکان مەترسیان زیاترە بۆ سەر هەرێمەکەمان و یەکەمجار بەدوای کورد دەکەوین و هیچ جیاوازییەک ناکەین.

**ڕووداو: کەسانی وەکو مەلا کرێکار هێشتا کاریگەرییان لەسەر ئێرە ماوە، سەرەڕای ئەوەی لە تاراوگەن؟**

**لاهور تاڵەبانی:** مەلا کرێکار هێشتا هەندێ کاریگەری بەسەر ئەنسارولسوننەوە ماوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو لە نەرویجە، ئێستاش سەرکردەی فەرمی ئەنسارولئیسلامە. خەڵک دەڵێت کە ئەوانە ناتوانن لەوێوە کاریگەرییان هەبێت، بەڵام مەلا کرێکار هێشتا سەرکردەی ڕۆحییانە.

**ڕووداو: لەبەرئەوەی ئەو هەمیشە لەسەر پاڵتۆک قسە دەکات؟**

**لاهور تاڵەبانی:** زۆر سەیرە کە نەرویجییەکان لە وڵاتەکەیان ڕێگە بەوە دەدەن. لەم دواییەدا یەکێتی بە هەوڵدان بۆ کوشتنی مەلا کرێکار

## بە پاراستنی ئەو هەرێمە و جەماوەرەکەیان گۆڕان خەجاڵەت دەکەم

تۆمەتبار کرا. لەراستیدا ئەوە درۆ بوو. وابزانم خۆی ئەوەی دروستکردبوو بۆ ئەوەی بچێتە نێو میدیاوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسێکە حەز دەکات هەمیشە لە میدیادا دەربکەوێت و ئەم شتانە دروست دەکات کە گوایە هەوڵی کوشتنی دراوە.

**ڕووداو: کەواتە هیچ نەبوو؟**

**لاهور تاڵەبانی:** نەخێر، پێموابێت خۆیان دروستیان کردووە. ئێستا ئەو پشتگیری لە لیستی گۆڕان دەکات، کە ئەمەش باش نییە بۆ ئەوان. لەبەرئەوەی ئێستا مەلا کرێکار گۆڕانە.

**ڕووداو: ئەگەر بەڕاستی یەکێتی ئەم هەوڵەی دابووایە، ئێستا مەلا کرێکار کوژرابوو، وانییە؟**

**لاهور تاڵەبانی:** ئەو لە نەرویج دەژی، هیچ مەترسییەکی بۆ سەر ئێمە نییە. ئێمە بەدوای ئەو کەسانەوەین کە لێرەن. ئێمە بەدوای مەلا کرێکاردا ناچین. نەرویج نایەوێت بیگەڕێنێتەوە بۆ ئێرە لەبەرئەوەی لێرە یاسای لەسێدارەدان هەیە. من شەخسی خۆم نامەیەکم بۆ حکومەتی نەرویجی نارد کە گەرەنتی زیندوو هێشتنەوەی مەلا کرێکار دەکەم و ئەگەریش چووە بەردەم دادگا ئەوا لەسێدارە نادرێت، بەڵام ئەگەر ئەو دەیەوێت دەستگیر نەکرێت، پێویستە خۆی بیسەلمێنێت کە بێ تاوانە، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە و خۆیشی کردیە هەرا لە میدیاکان و ناویان هێنام. ئێستا وابزانم ئەو منی تۆمەتبار کردووە بەوەی هەوڵی کوشتنیم داوە لە نەرویج. خۆزگە ئەوەندە بەهێز بوومایە کە توانای خەڵک کوشتنم هەبێت. ئێمە لێرە بەهێزین، بەڵام ئەوەندەش بەهێز نین.




**ڕووداو - سلێمانی**

**هونەرمەندان عەدنان کەریم و کانی لە نەورۆز پێکەوە گۆرانی شەقام دەڵێن. سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند (کانی) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هەر دوو هونەرمەند عەدنان کەریم و کانی، پێکەوە گۆرانییەک بەنێوی (شەقام) دەڵێن کە بڕیارە گۆرانییەکە لەگەڵ هاتنی جەژنی نەورۆز لەسەرجەم کەناڵەکانی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە. گۆرانی (شەقام)، جگە لەوەی گۆرانییەکی ئەلبوومە نوێیەکەی (کانی)یە، ناوی ئەلبوومەکەشییەتی.**

# کەژاڵ داوای لێبووردن دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئــەوەی هەندێ مەلا لەســەر لێدوانێکی گۆرانیبێــژ کــەژاڵ ئادەمی ناڕەزاییان نیشــاندا، ئادەمــی بەڕوونکردنەوەیەکــی ڕەســمی داوای لێبووردنی کرد و ڕایگەیاند کە قســەکانی بەهەڵە وەرگیراون.

لێدوانێکی گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان کــەژاڵ ئادەمــی بووە هۆی ئــەوەی هەندێ مەلا بەتووندی هێرشی بکەنە ســەر، تەنانەت یەکێک لــە مەلاکانــی شــاری هەولێر لەســەر مینبەری مزگەوت هاواری کردبوو "ئەمە کەژاڵ نائادەمییە، ئادەمی نییە". کەژاڵ ئادەمی، لەڕوونکردنەوەیەک کە وێنەیەکی دراوەتــە (ڕووداو)، داوای لێبووردن دەکات و دەڵــێ "وێڕای ســڵاو و ڕێز لە خزمەت هەمــوو ئــەو ئازیزانەی بــە هەڵە لەمەبەســتم تێگەیشتوون"، ئەوەش دەڵێ بەهۆی هەندێ شت کە لە هەڤپەیڤینێکی ئەودا سازکرابوو و بڵاوکرایەوە " بووە هۆی ســازبوونی ئاژاوە و هەراییێکی زۆر، بەداخەوە سووکایەتییێکی زۆر بە من و کەسایەتی مــن و هەروەها تاوەکو ڕادەیەک بەو ڕۆژنامەیەش کرا کە دیدارەکــەی کردبوو. لێرەدا من بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم ڕوونکردنەوەیێک ئاراستەی خەڵــک و هاووڵاتیان بکەم و داوا لە هەموو لایەک دەکەم هەڵمی ڕەشبینی لە بەرچاویان بسڕن و لە ڕوانگەییێکی ڕووناکترەوە بڕواننە مەبەستی من".

لەبەشــێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکــەدا دەڵێ "هەموو شتێک لەوەوە دەستی پێکرد کە پرسیارێک ئاراستەی من کرابوو سەبارەت بە ئیستیغلالکردنی ئافرەتــە هونەرمەندەکان، منیش لە وەڵامدا گوتم ئەگەر ئافرەت کەسایەتی لە ئاستێکی بەرزدا بێت نەعوزوبیللا خوایش ناتوانێت ئیســتیغلالی بکات. مەبەســتم ئەوەبوو کە ئەگەر کەسایەتی ئافرەت بەهێــز بێت هیچ کــەس و هیچ هێزێــک ناتوانێ ئیســتیغلالی بکات. مەبەســت لە وشەی (خودا) ئەو هێزە بوو و وەک نماد و ســەمبوڵی ئەو هێزە بــەکارم هێنابوو نەک نەعوزوبیللا یەزدان و الله".

کەژال هەروەها ئەوەشی نووسیوە "بەو یەزدانەی کە هەموومان بڕوامان پێیەتی قەسەم، من خۆم لە ژیانمدا ئەم ڕستەیەم سەدان جار لە سەدان کەس بیســتووە هەر بۆیە زۆر زۆرم لا سەیر بوو کاتێک بیســتمەوە بەو شــێوە کەوتوومەتــە بەر هێرش و لۆمــە! هەموومان ئــەوە تێدەگەین کە خودای باڵادەست کە خالقی هەموومانە هیچ پێویستی بە ئیستیغلالکردنی بەندەکانی نییە".

ئادەمــی ئاماژەی بــەوەداوە کــە "بەداخەوە هەندێک جار مرۆڤەکان بە هەڵە لە یەکتر دەگەن. خودا بۆ خۆی دەزانێت مەبەســتی من چی بووە جا من داوا لە بەندەکانی خودایش دەکەم بە هەڵە لێم تێنەگەن. ئێمە نابێت پشت ببەستین بە وشە بەڵکوو دەبێت بزانین بەرانبەرەکەمان مەبەســتی چییە".

کەژاڵ لە کۆتایی ڕوونکردنەوەکەدا دەڵێ "تکاتان لێدەکەم فەرامۆشــی مەکەن کــە منیش ڕۆڵەی خۆتانــم و ڕۆڵەی ئەو نیشــتمانەم و لە غوربەتدا بە عەشــق و خۆشەویستی وڵات و خەڵکەکەمەوە دەژیم. دڵنیا بن منێک کە خۆشەویستیتان لە دڵمدا شەپۆل دەدات و ئەوەی لە ئێوە دیبێتم هەر چاکی و موحەبــەت بووە، هەرگیز ئیــزن بەخۆم نادەم بــێ حورمەتی بە ئێوە و بە بڕواکانمان بکەم. من لە بنەماڵەیێکی موســڵمان گەورە بووم و ئایین و بڕوام لە ئایین و بڕواکانی نەتەوەکەم جودا نییە. من لە هەموو ئەوانەی بە هەڵە لێم تێگەیشــتون داوای لێبــووردن دەکەم. ڕێــزم بۆ هەموو دین و ئایینــەکان هەیــە و دڵنیاتان دەکەمەوە هەرگیز مەبەســتم ســوکایەتیکردن بە هیچ دین و ئایینێک نەبووە و نییە".

# زەکەریا (لەگەڵ تۆ) لە تورکیا کلیپ دەکات

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

دوایئەوەیسروودی (بۆکوردستان)ی لەلایەن تەلەڤزیونیKURD1 مۆنتاژکرا و بڵاوکرایەوە، هونەرمەند زەکەریا ئێستا خەریکی کلیپکردنی یەکێک لە گۆرانییە نوێیەکانیەتی کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومە تازەکەی و بەر لەجەژنی نەورۆز بڵاویدەکاتەوە.

هونەرمەنــد زەکەریــا عەبدوڵڵا لە تورکیاوە لە پەیوەندییەکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئێستا خەریکی کلیپکردنی گۆرانــی (لەگەڵ تۆ)یــە و گوتی "ئەو گۆرانییــە کە ســتایلێکی خێــراو پڕ لەجۆش و خرۆشــی هەیــە، لە ئاواز و دابەشکردنی خۆمەو تێکستکەشی هی سامی ئەرگۆشییە".

هونەرمەند زەکەریا ئاماژەی بەوەشدا کە لەو ماوەیــەدا کۆتایی بە کارەکانی کلیپەکەی دێنێ کە ستافێکی هونەری زۆر ئاست بەرز کاری تێدا دەکەن و لەو ڕۆژانەدا دەگاتەوە کوردستان و لە کەناڵ و شاشە کوردییەکان بڵاودەکرێتەوە.

زەکەریا گوتیشی پێش جەژنی نەورۆز بەرهەمە نوێیەکەی خۆی بڵاودەکاتەوە کە ئێستا کارەکانی تەواوبوون.




# ئەفشین و ڕەنج پێکەوە دەیڵێن



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاوی کــورد ڕەنج لەگەڵ گۆرانیبێژی بەنێوبانگــی فارس ئەفشــین پێکــەوە گۆرانییەک بەرهەمدێنن.

ڕەنج کــە دوو ئەلبوومی گۆرانی هەیە، ئێســتا لەگــەڵ گۆرانیبێژی نێوداری فارس (ئەفشــین) کە دانیشــتووی ئەمریکایــە، ســەرقاڵی گۆرانییەکە و بەمزووانە تۆماری دەکەن و بڵاویدەکەنەوە. جێگەی ئاماژەیــە کە لەبەشــێکی ئەو گۆرانییەدا ئەفشــین بەکوردی گۆرانی دەڵێت و ڕەنجیش بە فارسی، جگە لەوە ڕەنج گۆرانییەکی بۆ شــاری هەڵەبجە گوتووە کە بە هــاوکاری کۆمپانیای ئاڤلاین کاری بۆ کراوەو لەوماوەیەدا کلیپ دەکرێ و بڵاودەکرێتەوە.





# 140 گۆرانی محەممەد شێخۆ لەیەک بەرگدا

**ڕووداو- هەولێر**

ئەنســتتیوتی کەلەپــووری کورد ســەرجەم بەرهەمی گۆرانیبێژ محەممەد شێخۆ لەئەلبوومێکدا کۆدەکاتــەوە. ئەو کۆبەرهەمەش، لە چوارچێوەی زنجیــرە یادگارییــەکان. ئــەو کۆبەرهەمــەی هونەرمەنــدی کۆچکردووی ڕۆژئاوای کوردســتان لە10 ســیدیدا لەیەک بەرگــدا بڵاودەکرێتەوە کە 140 گۆرانــی محەممەد شــێخۆ لەخــۆ دەگرێت . جگە لــەم ئەلبوومە کتێبێک لەبــارەی ژیان و بەرهەمەکانــی هونەرمەند بەنۆتــەوە، لەگەڵ ئەو ئەلبوومەدا بڵاودەکرێتەوە.



# گۆرانیبێژێک دەبێتە دایکە شەهید

ڕووداو-هەولێر

گۆرانیبێژێکــی ڕۆژئــاوای کوردســتان لە فیلمێکی ســینەماییدا ڕۆڵی دایکە شەهیدێکی باکووری کوردستان دەگێڕێت.

گۆرانیبێــژی ڕۆژئاوای کوردســتان، ئەڤینا وەلات بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکی سینەمایی هاتووەتەوە کوردســتان و لەفیلمەکەدا ڕۆڵی دایکە شەهیدێک دەبینێت. ئەو فیلمە کە ناوی (ڤێ سترانێ نەبێژە)یە لە سیناریۆو دەرهێنانی عاکف حەسەنە و ماوەی فیلمەکە 2 کاژێرە و، باسی ڕەوشــی نێو زیندانی شاری دیاربەکری باکووری کوردستان دەکات.

# هەولێر دەبێتە فیلم

**ڕووداو- هەولێر**

زنجیرەیەکــی دیکۆمێنتــی بەنێوی (هەولێر شارنشــینی دێرین) کە لە 30 ئەلقــە پێکدێت و هەر ئەلقەیەکیشی 45 خولەکە لەلایەن پارێزگای هەولێر و وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان بەرهەمدەهێنرێت.

ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنییە کە لەلایەن دەرهێنەرو ئامادەکار تەنیا کەریم کاری لەسەر دەکرێت، بەمزووانە دەســت بە وێنەگرتنی دەکرێت، لەو زنجیرە دیکۆمێنتیەدا، باســی مێژووی درستبوونی شاری هەولێر دەخرێتەڕوو و، هیچ کەسێک وەکو ئەکتەر ڕۆڵی تێدا نابینێت.

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگای هەولێر لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو زنجیرەیە تائێستا وەکو بیرۆکە لەلایەن هەندێ هونەرمەند پێشکەشی پارێزگای هەولێر کراوە، بەڵام تائێستا هەر بیرۆکەیە و هیچ بودجەیەکی لەلایەن پارێزگاوە بۆ تەرخان نەکراوە.



## تاراوگە



### "لانیکەم لەبەغدا یەکگرتوو بن"

دلبخوین دارا
ڕووداو- ئەڵمانیا

باوکی کامەران، کە کوردێکی لوبنانیە و 30 ساڵە لەئەڵمانیا دەژی، زۆر بە هەستیارییەوە چاودێری هەڵبژاردنی عێراق دەکات و دەڵێ "هەرچەند کەموکوڕیش هەبێ، با لەبەغدا دەنگی کورد یەک بێ، بۆ ئەوەی بەهێز بن". ئەوەی کوردانی تاراوگە لەسەری هاوڕان یەکدەنگی کوردە لە بەغدا. بەڵام دکتۆر حەمەئەمین حەسەن، کە لەشاری دۆسلدۆرف دەژی، دەڵێ "دڵم سارد بووە، دەنگ بدەمە کێ؟ کورد یەکگرتوو نین، کورد لەسەر دەنگەکان بەشەڕ دێن، دەنگی کورد دابەشکراو و بەشێوەیەکی لاواز دەچنە بەغدا، من ڕۆژی هەڵبژاردنەکان لەسلێمانی دەبم، بەڵام دیسانیش ناچمە سەر سندوقی دەنگدان".

# ئایا جەماوەری یەکێتی لەگەڵیدا ماوەتەوە یان بووەتە گۆڕان؟

### ئەمجارە کێرڤی برادەرانی گۆڕان ئاشکرا دەبێ لەدەرەوە

جێگری لێپرسراوی گشتی لیژنەی باڵای دەرەوەی یەکێتی

### خەڵک بڕوایان وایە گۆڕان دێتە سەر حوکم و دەیانەوێ خۆیان پاکبکەنەوە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی گۆڕان لە ئەڵمانیا

مستەفا چوارتایی
ڕووداو-ئەڵمانیا

بەرپرسانی یەکێتی لە تاراوگە جەخت لەوە دەکەنەوە کە یەکێتی لە دەرەوە هێشتا هەر یەکێتییەکەی جارانە و زۆربەی دەنگدەرانی تاراوگە دەنگیان بۆ کاندیدەکانی یەکێتییە، لە بەرامبەریشدا هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەڵێن یەکێتی لە ئەوروپا کۆتایی هاتووەو ئێستا پارتییەکانیش پەیتا پەیتا پەیوەندی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەکەن.

زیانەندی هەرە گەورەی ململانێی نێوان یەکێتی و گۆڕان، مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی بوو، چونکە کاتێک بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی و چەندین لایەنگری یەکێتی پەیوەندییان بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە کرد، تەنانەت کەرتێکی ڕێکخستنی یەکێتی لە کوردستان هەڵنەوەشایەوە، بەڵام کاتێک یەکێتییەکانی دەرەوە بەسەر گۆڕان و یەکێتی دابەشبوون، یەکێتی وەک چارەسەرێکی کاتی مەڵبەندی ئەوروپای بردەوە سلێمانی و دوای ماوەیەک لەکاریخست. لەجیاتی مەڵبەندی دەرەوە لیژنەی باڵای دەرەوەی یەکێتی دامەزراند.

ئێستا گفتوگۆیەکی زۆر لە ئارادایە کە ئایا دەنگەکانی دەرەوە دەنگی یەکێتین یان گۆڕان. بۆچوونەکانیش دابەشبوون، هەندێکیان پێیانوایە یەکێتی هێزی جارانی نەماوەو باو باوی گۆڕانە، بۆچوونێکیش دەڵێت جەماوەری گۆڕان لە پاشەکشەدایە و ئەوانەی لە هەڵبژاردنی رابردوو چووبوونە نێو گۆڕان پەیتا پەیتا دەگەڕێنەوە نێو یەکێتی.

قادر وەرتی، جێگری لێپرسراوی گشتی لیژنەی باڵای دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتینەکردەوە کە ئێستاش یەکێتییەکان لەنێو گۆڕان ماون و گوتی "هەمیشە وشەی گۆڕان، چەمکێکی بریقەدارەو خەڵک بەلای خۆیدا رادەکێشێ، گەندەڵترین و خراپترین کەسی کۆمەڵگە ئەو چەمکە بەرزبکاتەوەو یەکێک نەیناسێت، خەڵک بەرەوڕووی دەڕوات"، بەڵام دەڵێ "ئەگەر لە هەڵبژاردنی رابردوودا خەڵکێکی ناڕازی لە دەسەڵات، لە یەکێتی و پارتی، بەهەر هۆیەک بووبێت دەنگیان بۆ گۆڕان دابێت، ئەمجارە کشاونەوەو کێرڤی برادەرانی گۆڕان بەدیدەکرێ".

قادر وەرتی پێیوایە بەشێکی زۆرکەم لە ئەندامانی یەکێتی لە دەرەوە چوونەتە پاڵ گۆڕان "بەشێکی زۆر کەم لە ئەندامانی ئێمە بەلای گۆڕاندا چوون، زۆرمان نەماوە هەڵبژاردن دەکرێت و دەردەکەوێ کۆتایی یەکێتیی و پارتییە؟ یان هێشتا ئەو دوو هێزە کارایی و ئەکتیڤی خۆیان ماوە."

ئەمینی موهەندیس، ئەندامی ئەنجوومەنی گۆڕان لە ئەڵمانیا، پێیوایە نەک هەر جەماوەری یەکێتی ڕوویکردووەتە گۆڕان بەڵکو ئێستا خەڵکی پارتیش پێوەندییان پێوە دەکەن "زۆربەی جەماوەر لەگەڵ گۆڕانە، نەک هەر یەکێتی ئێستا پارتیش پێوەندیمان پێوەدەکەن بەتایبەتی لە بادینان، هەر ئەمڕۆ ئێزدییەکان لە دووسێ شارەوە پێوەندییان پێوەکردووین و پشتگیریی خۆیان بۆ گۆڕان ڕاگەیاندووە، بەرواریەکان، مزوورییەکان." بە بڕوای ئەمینی موهەندیس خەڵک هیوای بە پارتی و یەکێتی نەماوە بۆیە ڕوو لە گۆڕان دەکەن "خەڵک بڕوایان وایە گۆڕان دێتە سەر حوکم و دەیانەوێ خۆیان پاکبکەنەوە."

نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا جندی، کە پێشتر لە ڕاگەیاندنی یەکێتی کاری دەکرد لە دهۆک، لەوەتەی هاتووەتە ئەڵمانیا وەک کەسایەتییەکی بێلایەن خۆ دەناسێنێ، پێیوایە ئەو لەتبوونەی یەکێتی بەو جۆرە نییە و هێشتا زۆرینەی جەماوەری یەکێتی لەگەڵ یەکێتیدا ماونەتەوە "بەگشتی خەڵکانی تایبەتن تووڕە بوون و ڕۆیشتوون، بەبۆچوونی من هێشتا زۆرینەی جەماوەرەکەی یەکێتی لەگەڵ یەکێتی خۆی ماوە، ئیدی دوای هەڵبژاردن ڕەش و سپی دەردەکەوێت، هەتا سەنگی پارتیش دەردەکەوێت، ئەم هەڵبژاردنە کراوەیە و سەنگی هەموو حیزبەکان دەردەخات".

بەڵام گەنجۆ حەمەڕەشید، کە کوردێکی تاراوگەنشینە پێیوایە "یەکێتی خۆی نەماوە". گەنجۆ گوتی "یەکێتی خۆی نەماوە، تەنیا پەیکەرێکە، دوای ئەم هەڵبژاردنە، ئەوەش نامێنێ". ئەو دڵنیاییەی گەنجۆ لەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە "هەڵبژاردنی ئەمجارە هەر لە کوردستان نییە و لە هەموو عێراقە، کاک نەوشیروان لە هەموو عێراقەوە لایەنگریی لێدەکرێت، لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی گشتگیریی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی هەموو عێراق."

بەڵام نەسرین عەبدوڵڵا، پێیوایە گۆڕان بەهەڵە جیابوونەتەوەو کە ڕاستییەکەیان بۆ دەرکەوت هەموویان دەگەڕێنەوە، نەسرین گوتی "کاک نەوشیروان هیچیان بۆ ناکات، ئەگەر شتێکی بکردایە لەناو یەکێتیدا دەیکرد، بۆ زوو دەیگوت با کەرکووکییەکان خۆیان کەرکووک ڕزگارکەن ئێستا خۆی دەچێتە کەرکووک و داوای دەنگیان لێدەکات"، گوتیشی "ئەگەر ئەمجارە گۆڕان دەنگی کەم بێنێ، ئەوانیدیکەش لەنێو گۆڕان دەگەڕێنەوە نێو یەکێتی".



ئاهەنگێکی یەکێتی بە بۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە لە ئەڵمانیا (فۆتۆ: ڕووداو)

Reklam

گوندی ئۆزاڵ

OZAL city

گروپی ئۆزاڵ ئاگاداری گشت هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکات کەوا پرۆژەی گوندی ئۆزاڵ لە قۆناغی جێ بە جێ کردندایە و مژدە بە هاوڵاتیان دەدات کەوا دەتوانن ببنە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون بەنرخێکی گونجاو و بە قیست .
یەکەی نیشتەجێ بوون پێك هاتووە لە دوو جۆر (یەك نهۆمی و دوو نهۆمی) وە هەر یەکەیەکیش پێك دێت لە سێ ژوری نوستن ، ژوری پێشوازی ، چێشتخانە ، گەرماو و ئاودەست ، گەراجی ئۆتومبیل لەگەڵ باخچە .







OZAL GROUP

بنکەی فرۆشتن : هەولێر - گوندی ئینگلیزی - ئۆزاڵ گروپ - ژمارەی ئۆفیس 286
مۆبایل : 0750 313 6256 - 0750 313 7356 - 0750 749 9009

## دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری پێشووی سلێمانی و هەڵسوڕاوی ئێستای گۆڕان:

# توندوتیژییەکانی ئەم جارەی سلێمانی بەبەرنامە بوو

**جیاواز لەجارانی دیکە، ئەو هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ دانا ئەحمەد مەجید لە گردی زەرگەتە ئەنجامدا، ئەو ئێستا لەو ژوورە دادەنیشێت کە پێشتر نەوشیروان مستەفا لێی دادەنیشت، بەپێکەنینەوە دەڵێ "کاک نەوشیروان ژووری نییە". پارێزگاری دەست لەکارکێشاوەی سلێمانی کە ئێستا وەک هەڵسوڕاوێکی گۆڕان کاردەکات دەڵێ "ئەگەر یەکێتی لە سلێمانی 3 کورسی هێنابێت، ئەوا ئەمجارە ئەو دەنگە ناهێنێتەوە". سەبارەت بە بارودۆخی یەکێتیش لە سلێمانی دەڵێ "نەک بەهێرۆخان، سلێمانی بەهیچ کەسێک وەک پێشووی لێنایێتەوە". هەروەها دەڵێ جاری پێشووش چەند بەرپرسێک گوتیان دەبێ تەقە بکەن لە سلێمانی و ئەوان ڕێیان نەداوە، لەبارەی توندوتیژییەکانی ئەم دواییەی سلێمانیش دەڵێ" ئەگەر منیش پارێزگاربوومایە، ئەوانە هەر ڕوویاندەدا، چونکە توندوتیژی ئەمجارە بەبەرنامە بوو".**

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود



## بێسەروبەرییەکی بێ وێنە لەبودجەی ئەمساڵدا هەیە

### دانا ئەحمەد مەجید

- سالی 1956 لەسلێمانی لەدایکبووە .
- سالی 1974 پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردووە .
- سالی 1978 بووەتە پێشمەرگەی یەکێتی.
- سالی 1989 بووەتە نوێنەری یەکێتی لە ئێران .
- سالی 1991 گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان .
- سالی 1993 بووەتە نوێنەری یەکێتی لەسوریا .
- سالی 2000 هاتووەتەوە سلێمانی .
- سالی 2003 بووەتە لێپرسراوی ئاسایشی گشتی.
- لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسالی 2005 بووەتە پارێزگاری سلێمانی .
- ئەمساڵ دەستی لە پۆستی پارێزگاری کێشایەوە.

### هەڵبژاردن لە سلێمانی

**ڕووداو: ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە لە سلێمانی چ جیاوازییەکیان دەبێ لەوەی پێشوو؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** بێگومان زۆر جیاواز دەبن، چونکە کاردانەوەی یەکێتی دوای هەڵبژاردن بە نانبڕین و ترساندن و گواستنەوەی فەرمانبەران وایکردووە سۆزێکی زیاتر بۆ لیستی گۆڕان دروستببێ، لەلایەکی دیکەشەوە هەموو ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردنی پێشوودا بە خەڵک دران یەکێکیان جێبەجێنەکراون. ئێستا یەکێتی و بەرپرسە حکومییەکان ناچنە ماڵان و بڵێن ئەوەو ئەوەتان بۆ دەکەین. لەهەمانکاتدا مەسەلەی بودجەی هەرێمی کوردستانیش گرفتی دروستکردووە، چونکە کە بودجە دوادەکەوێت چەندین کەموکوڕی دروستدەبن لەئیدارەداو ئەو هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆنیش لەسەر بودجە وەریگرتووە، بۆ بانگەشە نییە، بەڵکو پێویستە. زۆر لەو پرۆژانەی کەباسکراون لە بودجەی هەرێمی کوردستانی 2010 لە سلێمانی کە پارەیان بۆ دانراوەتەوە جێبەجێبکرێن،من کاتی خۆم کردوومن، کەچی ئێستا داوای پارەیان بۆکراوەتەوە، خۆ ناکرێت ئەمانە پەسەند بکرێن. بێسەروبەرییەکی زۆر و بێ وێنە لەبودجەی ئەمساڵدا هەیە، ناکرێت ئەو بێسەروبەرییە قبوڵ بکرێت. ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان لەناو خەڵکدا دەبێ و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش دەگۆڕێت. لەهەموو دونیادا، ئەو لیستە هەڵبژاردن دەباتەوە کە بەرنامەیەکی ئابووری باش و بەهێزی هەبێت، تۆ لەگرنگترین خاڵدا کە بریتییە لەژیان و گوزەرانی خەڵک و دەتەوێ بودجەیەکی بێ سەروبەری پێشکەش بکەی، خەڵک چۆن دەنگت پێدەدات. هەروەها لەو بڕوایەدام، ساختەکاری و تەزویرێکی زۆر کەم لەو هەڵبژاردنەدا دەکرێت لەبەرئەوەی زۆرترین خەڵک بەشداری دەکەن، ئەوکاتە دەرفەتی تەزویرکردن کەمتر دەبێت. پێموایە زۆربەی زۆری خەڵک و گەنجان دەچنە دەنگدان و ئەگەر ساختەکاری نەکرێت پێشبینی ئەوە دەکەم موفاجەئەی گەورە لەهەموو پارێزگاکان ڕوودەدات.

**ڕووداو:بەڵام یەکێتی دەڵێ لە سلێمانی بەهێز بووەتەوەو ئەمجارە شکست بە گۆڕان دێنن و بەمسۆگەری براوەن؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** من پێموایە ئەگەر جاری پێشوو یەکێتی لەشاری سلێمانی 3 کورسی بەدەستهێنابێت، ئەمجارە ئەوەشی لەدەستداوە لە پارێزگای سلێمانی.

**ڕووداو: بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن هێرۆخان باری لاری یەکێتی لەسلێمانی ڕاست دەکاتەوە، تۆ چوار ساڵ پارێزگاری ئەو شارە بووی، ئایا کێشەکانی سلێمانی بە هێرۆخان چارەسەر دەبنەوە بۆ یەکێتی؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** هیوادارم سەرکەوتووبێت، چونکە هێرۆخان ڕێزێکی زۆری هەیە لەلای من. کاتێک بریندارببووم، بەدیارمەوە دانیشتووەو گریاوە، ڕێزێکی تایبەتی هەیە لای عایلەکەشمان، بەڵام ئەو وەزعەی دروستبووە، نەک بەهێرۆخان بە هیچ کەسێک ڕاست نابێتەوە، بە پێچەوانەوە لەوانەیە زەرەرمەندیشبن.

**ڕووداو: گۆڕان لەهەشت قەزای سلێمانی نەیبردەوە، هۆی چ بوو؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** هەندێک شوێن هەیە مەسەلەی عەشائیری تێیدا بەهێزەو هەندێک شوێنیش هەیە پارتی تێیدا بەهێزەو یەکێتی تێیدا لاوازە، بەڵام کۆی ئەنجامەکان گرنگە، ئەویش ئەوەیە گۆڕان%51ی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی هێنا.

**ڕووداو: پێتوانییە تایبەتمەندی سلێمانی وایە گۆڕانیش ناتوانێ لەسەر خۆی تاپۆ بکات. کە بوویە پارێزگار لەو تایبەتمەندییەی نەدەترسای؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**بەڵێ دەزانم سلێمانی وایەو سلێمانچێتییەکەشم لەبەرئەوەیە .من شانازی بەسلێمانییەوە دەکەم و هەمیشە بەرگریم لەسلێمانی کردووەو سلێمانچێتیم کردووە، لەبەرئەوەی سلێمانی شتی نارێک قبوڵ ناکات. خەڵکی سلێمانی تەحەمولی زۆر زۆرە، بەڵام کاتێک زانی ئیتر کاتی تەحەمول نەماوە، بڕیاری خۆی دەدات و شۆڕش دەکات و دێتەسەر جادەو دەڵێ نا.

**ڕووداو: پێتوایە یەکێتی زەرەری لەو گوشار دروستکردنە کردووە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید** : میللەتی کورد ئەوەندەی زەبروزەنگ بینیوە، داویەتییە شاخ، ئێستا تۆ لەناو شاردا دیسان زەبرو زەنگ بەکاردێنیەوە، بێگومان باشترین چارەسەر ئەوەیە نەدەمەوە شاخ، بەڵام لەسەر سندوق دەنگت پێنەدەم.

**ڕووداو: ئەگەر جوڵانەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی وەک گۆڕان هەبووایە پێش ئێستا، لەکەیەوە سلێمانی وەک ئێستای لێدەهات؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** لە هەموو دنیادا میللەت سەبری زۆرە، لەنێوڕاستی نەوەتەکاندا خەڵک دەیزانی کە توانای حکومەت چۆنە. بەڵام کە هاتە سەر ئەوەی حکومەت بەملیاران دۆلاری بکەوێتە ژێردەست و کەمترین ڕادە لەو پارانە لەدابینکردنی خزمەتگوزاریدا پێشکەش بکات، ڕاگەیاندن خەڵکی هوشیار کردەوەو ئیتر خەڵک هەستانە سەرپێ. ئەو دۆخە وایکرد کە ڕۆژنامە ئەهلییەکان لەبازاڕدا نەدەمانەوەو ڕۆژنامە حیزبیەکانیش بەزۆر بەسەر دائیرەکاندا دابەشبکرێن، ئیتر وای لێهات پەیوەندی خوێنەر و ڕۆژنامە حیزبیەکان بووە خوێندنەوەی بورجەکان (بەپێکەنینەوە). پێموایە ئەگەر تاوەکو پێش 2003 ئەوەی ئێستا بکرابایە سەرنەدەکەوت، بەڵام لە2003وە کە پارە ڕژا و حکومەت پارەی باشی دەستکەوت، خەڵک گۆڕا .

### توندوتیژی لە سلێمانی

**ڕووداو:لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لە سلێمانی توندوتیژی ڕوویدا، ئەگەر تۆ ئێستاش پارێزگار بووایە ئەو توندوتیژیانە هەر ڕوویاندەدا؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** بەڵێ ڕوویاندەدا. خۆ جاری پێشووش ڕوویدا، توندوتیژی هەیە لە شوێنی ڕووداوەکەدا، بەبێ ئەوەی بەرنامەی بۆ دانرابێت ڕوودەدات و چارەسەر دەکرێت، بەڵام هەندێک توندوتیژی بە بەرنامە دەکرێت، ئەمەی ئەمجارەیان بەبەرنامە بوو. پارێزگاری سلێمانی دەتوانێ چی بکات بەرامبەر ئەو توندوتیژیە. جاری پێشوو سەیرمان دەکرد سیاسەتی هیچ لایەنێک نییە توندوتیژی بەکاربێنێت، بۆیە گرفتەکان بە ئاسانی چارەسەر دەکران، بەڵام ئەمجارە توندوتیژیەکە بە بەرنامەیەو دەسەڵاتداران و حکومەت لەپشتیەوەن. بەپێی ئەو بەیاننامانەی خوێندوومنەتەوە لەوبڕوایەدام گوشار هەبێت لەسەر لیژنەی ئەمنی بۆ ڕوونکردنەوەو لێدواندان لەسەر هەندێک شت کە خۆیان بڕوایان بەو ڕوونکردنەوانە نییە.

> سلێمانچێتی من لەبەر ئەوەیە کە شتی نارێک قبوڵ ناکات

> باوەڕناکەم ئەمجارە یەکێتی 3 کورسی سلێمانی بهێنێتەوە

> پەیوەندی نێوان خوێنەران و ڕۆژنامە حیزبییەکان بووەتە پەیوەندی بورجەکان

**ڕووداو :بەوپێیەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو وەک پارێزگار سەرۆکی لیژنەی ئەمنی سلێمانی بووی، لیژنەی ئەمنی ئەمجارە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** لەوانەیە لیژنەی ئەمنی جاری پێشوو وەک تاکە کەس موخالەفاتی هەبووبێت، بەڵام بەگشتی بێلایەنانە کاری کرد، چونکە بەبەرنامە موتابەعەیەکی وردمان دەکرد و نەماندەویست لەو بێلایەنییە دەربچین. لە هەڵبژاردنی پێشوو بەرپرسی ئەمنی گەورە هاتووە فەرمانیانداوە کە تەقەبکرێت، بەڵام نەمانکردووە، بەمەرجێک ئەو بەرپرسە گەورەیەی کە نامەوێت ناوی بەرم، پیاوێکی زۆر توندڕەوە، بۆیە داوایان لەو کردبوو کە بڕیاری وابدات . بەڵام ئەمجارە هێزی دەرەوەی لیژنەی ئەمنی هاتوون تەسەڕوفیان کردووە، ئەو هێزە نە لەئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە لە ئیدارەی حکومەتی عێراقدا نییە و، ڕەنگە کۆمپانیایەک بێت لەکۆمپانیاکان. من بوومایە لەجیاتی لیژنەی ئەمنی، یەکەم بەیان کە دەرمدەکرد، داوام دەکرد کە ئەو هێزە بۆی نەبێت بێتە ناوشارەوە، ئەگەر بشهاتنایە بڕیارمدەدا دەربکرێن. چونکە ناکرێ هێزێکی نانیزامی بێت بەچەکەوە بسووڕێتەوە.

**ڕووداو: هەفتەی ڕابردوو ئەمریکییەکان سەردانی ئێوەیان کرد وەک بزووتنەوەی گۆڕان، داوای هاوکاریتان لێکردن بۆ ڕێگرتن لە ساختەکاریکردن لەڕۆژی دەنگدان دا؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**بەو شێوەیە پێمان نەگوتن. لەسەردانەکەیاندا بەشێوەیەکی گشتیی قسەمان کرد. ئەمریکیەکان مامەڵە لەگەڵ پارتی و یەکێتی و گۆڕان ناکەن، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە دەکەن کە هەیە. ئەمریکا نایێت پشتگیری گۆڕان بکات دژی یەکێتی و پارتی، بەپێچەوانەشەوە. بەڵکو ئەمریکا سەیری میللەتەکە دەکات و ماماڵە لەگەڵ حکومەت دەکەن. پێشتر کە لە پارێزگا سەردانی منیان کردووە لەوانەیە واتزانیبێ لەبەرئەوەی من یەکێتیم بۆیە هاتوونەتە سەردانم، بەڵام وانییە لەبەر ئەوەی پارێزگاربووم دەهاتنە سەردانم.

**ڕووداو : ئەی کەواتە باسی چیتان کرد؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** باڵیۆزی ئەمریکا لێدوانێکی زۆر باشیدا، کە ئەمریکا دەست لە هەڵبژاردن وەرنادات، ئێمەش ئەوەمان پێخۆش بوو و داواشمان لێکردن کە هانی خەڵک بدەن بۆ زیاتر بەشداریکردن لە دەنگدان، بۆئەوەی ساختەکاری کەمتر ببێتەوە، چونکە تاوەکو ڕێژەی بەشداری دەنگدەران زیاتربێت دەرفەتی ساختەکاری کەمتر دەبێتەوە، هەرچەندە نازانم چ بەرنامەیەک هەیە بۆ ساختەکاری. من خۆم داواملێکردن کە بە حکومەت و هەموو لایەنەکان بڵێن ئەوەی ساختەکاری بکات لێی قبوڵ ناکرێت. ئەوانیش سێ خاڵیان باسکرد:هانی خەڵکی خۆمان بدەین بچنە دەنگدان، ئارامی بانگەشەکردن بپارێزرێ و سکاڵاکان بدرێنە کۆمسیۆن . منیش داوام لێکردن، کە ئەو داوایە بدەنە لایەنی دەسەڵاتیش.

### گۆڕان و یەکێتی و پێشمەرگە

**ڕووداو: ڕاگەیاندنی یەکێتی کاندید و پەرلەمانتارێکی گۆڕانی بەوە تاوانبار کرد کە بە پێشمەرگەیان گوتووە میلیشیا، دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی ناوهێنانی پێشمەرگە بەمیلیشیا بەتووندی قسەیکرد لەسەر ڕێنەدان بەو ناوهێنانە و ئەو کەسانەی وا ناوی پێشمەرگە دەهێنن، دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەدوای ئەو قسانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە، ڕاستە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** بۆ پەیوەندیە تەلەفۆنییەکە ئاگادار نیم و بڕواش ناکەم بووبێت. من هەموو عومرم پێشمەرگەبووم و کاک مەسعودیش پێشمەرگە بووەو بەپێشمەرگەیەکی گەورەشی دەزانم. بەڵام کاتێک ئەو لێدوانە دەدات لەسەر شتێک کە ڕوون نییە، هەموومان نیگەران دەبین. ئەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو بەوشێوەیە قسە دەکات. پێویستە لەو کاتانەدا ئەو برادەرانەی نزیکن لە کاک مەسعود بەبیری بێننەوە کە ئەو سەرۆکی هەرێمەو دەبێ هەموو کەس ڕازی بکات . میلیشیا جنێودان نییە، هەر هێزێک لە هەر شوێنێک لەناو ئیدارەی حکومەت

> ئەگەر ساختەکاری نەکرێت موفاجەئەی گەورە لەهەموو پارێزگاکان ڕوودەدات

جێگەی نەبووەوە، پێیدەگوترێت میلیشیا. خۆمنیش پێم خۆش نییە بەوناوە ناوببرێت، بەڵام دەبێ پێشمەرگە والێبکرێ کە بێلایەن بێت لەنێو هەموو لایەنەکانی دیکەدا. من پرسیارێک لە بەڕێز کاک مەسعود دەکەم، ئەمە هەڵبژاردنە و کاک مەحموود سەنگاوی دوو ڕۆژ لەمەوبەر گوتی ئێمە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین و پێشمەرگەی حکومەت نین، باشە ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لەو هەڵبژاردنە دۆڕا، کاک مەسعود ئەو هێزە ناو دەنێت چی؟ ئەگەر پارتی دۆڕا، هێزەکەی خۆی ناو دەنێت چی؟ کاک مەسعود چەند جار خۆی گوتوویەتی دەبێ ئەو دوو هێزە یەکبگرنەوە، بۆچی تائێستا ئاسایش و هێزی ناوخۆ یەک نین. من پێم باش بوو کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە بکردباوە کە پێشمەرگە یەکبگرێ و پێشمەرگە پیرۆزە.

**ڕووداو:میدیای یەکێتی لەیەکەم ڕۆژەوە هەزاران کەسی نیشانداوە کە لە گۆڕانەوە چوونەتەوە ناو یەکێتی، ئایا پێچەوانەی ئەمەش هەیە و لەبەر نانبڕینیان باسی ناکەن، یان ڕاستە وەک یەکێتی دەڵێ گۆڕان هەڵدەوەرێ؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** گۆڕان پەلی هاویشتووە بۆ هەموو لایەک، ئێستا لەموسڵ و هەموولایەک بانگەشەی بۆ دەکرێ، کەس نازانێ کێ گۆڕانە، زۆر کەس لەناو حیزبەکانی دیکەش بڕوایان بەگۆڕان هەیە. ئەو نیشاندانە کاریگەرییەکی وای نییەو هەڕەشە لێکردنیش ڕۆڵی خۆی هەیە. یەکێک لە برادەرەکانم کە خۆی لە لیستی هاوپەیمانییە، گوتی سەیری تەلەڤزیۆنم دەکرد یەکێک لەحیمایەکانم گوتی ئەوە چییە؟ خۆ دوو برای منی پیشاندا کەگەڕاونەتەوە و ئەو دووبرایەی من هەر هیچ لەسیاسەتیش نازانن، دواتر ئەو حیمایە تەلەفۆنی بۆ براکانی کردووەو گوتوویانە یەکی پێنج وەرەقەمان وەرگرتووەو خوا نەیبڕێت (بەپێکەنینەوە). ئەوە میللەت فێری شتی خراپ دەکات، ئێمە خۆمان میللەتەکەمان فێری شتی ناشیرین کرد .هەزاران کەس هەن لەناو ئاسایش و پێشمەرگەو پۆلیس و شوێنەکانی دیکە پشتگیری خۆیان بۆ گۆڕان دووپاتدەکەنەوە، بەڵام ناوێرن وەک هەڵبژاردنی پێشوو بەئاشکرا ئەوە بکەن. لەهەڵبژاردنی پێشوودا، گۆڕان لەناو هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی سلێمانیدا 12هەزار دەنگی هێنا،بەڵام ئەگەر بڵێ من گۆڕانم، دوو ڕۆژ پاشتر دەردەکرێ. مام جەلال حەوت ساڵ لەمەوپێش دەمانچەیەکی بەدیاری داوەتە پێشمەرگەیەک، کەکوڕێکی چاک و دڵسۆزە و ئێستا دەمانچەکەیان لێ سەندووەتەوە، کە هیوادارم ئەوە سیاسەتی یەکێتی نەبێت.

**ڕووداو: پێشبینیتان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردن لە کەرکوک چۆنە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید** : نازانم دەنگەکان لەکەرکووک چۆنن، بەڵام لە ناخی دڵمەوە بەزەییم بەخەڵکی ئەوشارەدا دێتەوە. تاوەکو 2003 نەیانتوانیوە بەئاشکرا بڵێن کوردین، لە2003 بەدواوە ئەو پارانەی لەکەرکووک خەرجکراون ئەوەندە بێسەروبەر خەرجکراون، وای لەو خەڵکە کردووە کە زۆر ناڕەحەت بێت و ناتوانێ زەردەخەنەیەک بهێنێتە سەرلێوی. ئەوەندەی من بزانم بەس یەکێتی 95ملیۆن دۆلاری لە کەرکووک خەرج کردووە، باشە بەچی دراوە. دەڵێن لەقەزاو ناحیەکاندا زۆرترین پارەمان بۆ کۆیە خەرج کردووە، باشە هەموو کۆیە یەک باخچەی بچووکی تێدا نییە. کەرکووکیش ئێستا خەڵکی تازەی دەوێ و لەهەمانکاتیشدا گوشارێکی زۆر زۆریان لەسەرە کە دەنگ بدەنە یەکێتی، بەڵام بڕواناکەم خەڵکی کەرکووک لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بەگوێی یەکێتی بکەن.

### ئیدارە و بودجە

**ڕووداو: دەگوترێ دوای ڕۆیشتنی تۆ لە پارێزگا، ئێستا شەڕی نێوان یەکێتی و گۆڕان کەوتووەتە نێوان ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگار. پێشبینی دەکەی کاوە عەبدوڵڵای سەرۆکی ئەنجومەنیش وەک تۆ وازبێنێ؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** ئەنجومەنی پارێزگا شەڕی گۆڕان و یەکێتی ناکات، 13ئەندامی یەکێتی تێدایەو پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی تێدایەو ئەوان نایێن شەڕ لەبەرخاتری گۆڕان بکەن. ئەندامانی لیستی سەوز هەموویان گۆڕان نین، بەڵام ئەو شاهێدییەیان بۆ دەدەم، بەوانەی یەکێتیشەوە، کەدەنگی خەڵکیان بەفیڕۆنەداوەو، خەڵکی چاک و دڵسۆزن و لەسەر حەق و ناحەق قسەی خۆیان هەیە. کێشە لەنێوان ئەوان و پارێزگاردا نییە، لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی پارێزگاری نوێوە پێیان گوتووە، کاری باش بکەی هەموومان لەگەڵ تۆداین و کاری خراپیش بکەیت، هەموومان پشتت تێدەکەین. خەتاکە خەتای پارێزگار نییەو خەتای ئەوەیە کە بەدەر لە یاسا شتێکی سەپاندبێت . سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاش تاخۆم پارێزگار بووم، چوار جار داوای کردووە کە سەرۆکی لیستەکە نەبێت و هەر چوار جارەکە داواکەم ڕەتکردەوە، چونکە ئەو پیاوێکی زۆر حەقپەروەر و باشە.

**ڕووداو: ڕەخنەی زۆر لە بودجە گیرا، دەڵێن بەشێک لەو پرۆژانەی پارەیان بۆ تەرخانکراوە پرۆژەی کۆنن، تۆ کە پارێزگاربووی بۆ ئەو پرۆژانەت تەواونەکردوون کە پێویست بکات پارەیان بۆ دابنرێتەوە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** زۆر پرۆژە هەیە ئێمە جێبەجێمان کردوون و دووساڵە تەواو بوون، ئێستا دیسان پارەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە. هەندێکی هەیە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بووەو پارەی دیکەی پێویستە، ناوی بنێن تەواوکار، بۆچی ناوی دەنێن بۆ ئەو پرۆژەیە. زۆر شت هەیە دوو ساڵ لەمەوبەر کردوومانە، مەعقولە تۆ لەبودجەی 2010پارەی بۆدابنێیەوە؟ خۆ دەکرێت جادەیەک کرابێت و تێکچووبێت، ئەوە ناودەنێم نۆژەنکردنەوە .

**ڕووداو: هەر لە بودجەدا، پارە بۆ کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت دانراوەتەوە، کە ئەو کارگەیە دەبووایە لە2009تەواوببێت؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:** ئەو کارگەیە تەواوبووەو نازانم ئەو بودجە زیادەیەی بۆچییە؟. بەڵام دەزانم شوێنەکەی خراپەو دەبوو لەوێ دروستی نەکەن. مادام پرۆژەیەکی ئابوورییە، دەبووایە شوێنێکی باشتری بۆ دیاریبکرێت. ئەو پرۆژەیە هەر لەئەساسەوە کارێکی خراپ بوو.

**ڕووداو: دەگوترێ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کە بڕیارە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بکرێ، بزووتنەوەی گۆڕان داوات لێبکات خۆت بۆ پارێزگاری کاندید بکەیەوە، ئەگەر ئەو داوایەت لێبکرێ دەیکەی؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**نازانم ئەوەم لێداوا دەکەن یان نا، پرسیارەکەشت موفاجەئەیەو بیرم لێنەکردووەتەوە.

رووداو

# گەنجان دەڵێن: ماستاوە



**لەنیا مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

"کاندیدەکان ئێستا سەر بە هەموو کونێکدا دەکەن، بەڵام کە دەرچوون لە یەک کەس ناپرسن و مێش میوانیان نییە". سۆران هەر لە ئێستاوە پاشەڕۆژی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەو پاڵێوراوانە دەبینێ کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەدەنگدەران دەپاڕێنەوە "باشترە دەنگ نەدەین، ئەگەر شایستەترین کاندید نەدۆزینەوە". سۆران عوسمان هیواشی خواست پاڵێوراوان بەڵێنەکانی ئێستایان بیر نەچێتەوە.

بەشێک لە گەنجان دەڵێن ئەو تێکەڵاوییە جەماوەرییەی پاڵێوراوان کاریان تێناکات و پێیانوایە ئەوە تەنیا بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەو دواتر هەموو شتێکیان بیردەچێتەوە. دەروون ئێستاش بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی 25ی تەمموزی ساڵی رابردووی لەگوێدا دەزرنگێنەوە و دەپرسێت "کوا کارەبا". دەروون جەزا، 19ساڵ پێیوایە بەڵێنی پاڵێوراوان جێگەی متمانە نین و دەڵێ "ئەگەر بەڵێنەکانی رابردوو جێبەجێکرابان ئێستا لەهیچمان کەم نەبوو".

بەشێکی دیکەی گەنجان، بە بارێکی نێگەتیڤدا خۆیان یەکلایی کردووەتەوە بۆ هەڵبژاردن و دەڵێن دەنگ نادەین. دیەن مەحموود، 24 ساڵ، بەتوڕەییەوە گوتی "ئەو پەنجەیەم دەقرتێنم کە بچم بۆ دەنگدان". ئەو بڕوای بەدەنگدان نەماوەو نایەوێ چیتر بەشداری هەڵبژاردن بکات، گوتیشی "کاتێک دەنگ دەدەم کە بزانم حیزبەکان خاوەنی بەڵێنی خۆیانن".

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی لیست و کاندیدەکان دابەزیوەتە نێو هەموو چین و توێژو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی و بەشێک لە کاندیدەکانیش، چاویان بڕیوەتە دەنگی گەنج، هەربۆیە کارنامەکان زیاتر ئەو بەڵێنانە لەخۆدەگرن، کە ئاوڕدانەوەیە لە گەنج، بەڵام هێشتا گەنجان دەڵێن ناکەونە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە بانگەشانەوە. هەندێک لەگەنجانیش بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشە، بڕیاری بەشداریکردن و دەنگدانیان داوە.

نازدار، جوانترین جلوبەرگی ئامادەکردووە بۆ رۆژی دەنگدان و بڕیاریداوە لەتەنیشت دەنگەکەیەوە، بنکەی دەنگدانیش بکاتە شوێنی ئەڤین وژووانی خۆشەویستی "بەخۆشەویستەکەم دەڵێم وەرە بۆ ئەو بنکەیەی من دەنگی لێدەدەم". نازدار عەبدوڵڵا گوتیشی "ئەو رۆژە دەبێتە جەژن بۆ من، چونکە بەتیرێک دوونیشانە دەپێکم".

ماستاوی لیستە رکابەرەکان و کاندیدەکان، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا خەستتر بووەتەوە، بەو پێیەی لە هەڵبژاردنێکی کراوەدا ململانێ دەکەن. هەڵگورد بڕیاریداوە ئەو ماستاوە نەخواتەوە و دەڵێ 18ساڵە منەتی ئازادیمان بەسەردا دەکەن، بەڵام ئایا ئازادی بەسە بۆ گەنج؟ هەڵگورد خدر، 26 ساڵ، گوتی "ئەوانەی ئێستا ماستاو بۆ ئێمە دەکەن، پێشتر دەبوو ماستاویان بۆ بکەین بۆ دامەزراندن". ئەو گەنجە زۆر لەپەرەسەندنی رێژەو ئاستی بێکاری توڕەیە و دەڵێت "ئەو هەڵبژاردنە بە قازانجی ئەوانە تەواو نابێت کە گوێیان لەو هەموو کەموکورتییە نییە".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەهەڵەی دەزانن گەنجان لەسەر بنەمای تۆڵەسەندنەوە بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و دەڵێن دەکرێ بەشێوەیەکی عاقڵانە بەشداری بکەن و کاندیدەکان و لیستەکان هەڵبژێرن.

کاروان سلێمان،کە توێژەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەو شێوازە تێڕوانینەی گەنجان بۆ هەڵبژاردن، بە "بێزاربوونی بێسنوور" ناو دەبات و دەڵێ "گەنجان دڵیان شکاوەو ئێستا دەیانەوێ تۆڵە بکەنەوە، ئەویش بە دەنگدان بە ئۆپۆزسیۆن یان سووتاندنی دەنگەکانیان". بەڵام کاروان پێیوای "پێویستە گەنجان بەشداری دەنگدان بکەن، چونکە پرسی دیموکراسی وڵاتی پێوە بەندە".

ئەو پەنجەیەم دەقرتێنم کە بچم بۆ دەنگدان

دیەن مەحموود، 24 ساڵ

دەبووایە پێشتر ماستاوی دامەزراندنمان بۆ بکەن

گەنجێک




مەریوان فەیزوڵڵا سالەیی



# با خۆزگە بەسەردەمی سەدام نەخوازین!

ئەوە مانگی شوباتمان تەواوکردو لە هەڵبژاردنەکانی 7ی ئازار نزیک بووینەتەوە، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش بەرەو گەرمبوون دەچن. لەو هەڵبژاردنەدا بە ملیۆنان عێراقی فرە کولتوور و نەتەوە و ئاین بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەڕۆن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتمانیی نوێ.

گەنج و پیر، ئافرەت و پیاو، کورد و عەرەب، موسڵمان و عەلمانی و مەسیحی رۆژ و خولەک و چرکەکان دەژمێرن بۆ ئەوەی بەشداری لە گرنگترین هەڵبژاردنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکەن. 7ی ئازار تەنیا رۆژێکی گرنگ نییە بۆ عێراقییەکان، بەڵکو بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرتاسەری جیهان بەگشتی، بەوەی کە داهاتووی وڵاتێکی پڕ لە شەڕوکوشتار و ناوچەیەکی کێشەدار دیاری دەکات.

لەوکاتەی بەنێو هەولێردا دەگەڕێم، کە بەهۆی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکانمەوە چاوم بە چەندین سیاسەتمەدار و خەڵکی ئاسایی کەوتووە، بەڵام بۆ من خەڵکە ئاساییەکە زۆر گرنگترن، لەبەرئەوەی ئەوان گۆڕانی راستەقینە دەکەن لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا.

لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو وڵاتە رۆژئاواییانەی کە من تێیاندا گەورەبووم و زۆربەی تەمەنی تائێستام تێدا بەسەربردوون، خەڵکی عێراق داواکاری و هیوای زۆر سادەیان هەیە.

خەڵک کارەبای دەوێت بۆ 24 کاژێر (کە ئەمڕۆ لە کوردستان لەوە کەمتر دابین دەکرێت و لە عێراق زۆر زۆر کەمتر)، هەلی کار (عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە رێژەی بێکاری زۆر بەرزە)، شەفافییەت (عێراق سێیەم گەندەڵترین وڵاتە لە جیهاندا لەدوای سۆماڵ و میانمار)، دابەشکردنێکی یەکسانی داهاتی نەوت و گازی وڵاتەکە و سیستەمێکی باشتری پەروەردە و تەندروستی، بەڵام لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە زۆر لەهاووڵاتیانی دەیانەوێ وڵاتەکەیان بە وڵاتێکی عەلمانی بمێنێتەوە و دوور لە کاریگەری ئاینی. داواش دەکەن کە ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە کەشوهەوایەکی سەقامگیر و ئارامدا گەورە ببن.

چەند رۆژێک لەمەوبەر ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کاتێک شۆفێرێکی تاکسی ناو شار پەسنی سەدام حوسێنی سەرۆکی پێشووی عێراقی دەدا. ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەن نییە کە خەڵکی عێراق ستایشی ئەو دیکتاتۆرە بکەن، بەڵام ئەوەی دووچاری شۆکی کردم ئەوەبوو کە ئەو کەسە کورد بوو، خەڵکی هەڵەبجەش بوو، هەمان ئەو شارەی کە سوپای سەدام لە ساڵی 1988دا زیاتر لە 5 هەزار کوردی بێتاوانی کوشت و دوو ئەوەندەی دیکەشی بریندار کرد.

عەلی کە ناوی ئەو شۆفێرە بوو، لە بەیانییەکی زوودا کاتێک دەیبردمە سەر کارەکەم گوتی "لەسەردەمی سەدامدا، عێراق 24 کاژێر کارەبای هەبوو، زۆرینەی خەڵک کاری هەبوو، ملیۆن بیانی لە وڵاتەدا کاریان دەکرد. عێراق باشترین ئابووری و کەرتی پەروەردە و تەندروستی هەبوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پێش ئابڵوقە ئابوورییەکەی 1991".

لەدرێژەی قسەکانیدا، عەلی 49 ساڵ گوتیشی "ئەوکات عێراق ئارام بوو، هێرشی تیرۆرستی نەبوو، هەروەها گەندەڵیش نەبوو، راستە دیکتاتۆرێکی درندەمان هەبوو، بەڵام ئێستا بە هەزارانمان هەیە. تەماشای من بکە، من ئێستا شۆفێری تاکسیم، بەڵام لەساڵی 1980 ئەندازیاری شارستانی بووم".

کاتێکیش پێمگوت کە سەدام دیکتاتۆرێکی زاڵم بوو، بەرپرسیاربوو لە کوشتنی هەزاران کورد و عێراقیی بێتاوان، بەتایبەتی لە شارەکەی تۆ، ئەو گوتی" راستدەکەیت، من زۆرکەسی خۆم لە کیمیابارانەکەدا لەدەستدا".

زۆر راستە کە لەسەردەمی سەدامدا عێراق خزمەتگوزاری زیاتری هەبووە، بەڵام نابێت ئەو جینۆساید و دڕندەیی و ناهەمەتییە لەبیر بکەین کە باوانمان دووچاری هاتن. ئەو زیانانەی کە ئێستا وڵاتەکەمان و کۆمەڵگاکەمان دووچاری هاتووە پاشماوەی سەردەمی سەدامە کە ئێستا باجەکەی دەدەین. ئەگەر سەدام نەبووایە، بۆچی من و بە ملیۆنان عێراقی دیکە ئەم وڵاتە جوان و دەوڵەمەندەمان بەجێدەهێشت و پەنامان دەبردە بەر ئەوروپا و شوێنی دیکە؟

ئێمە نابێت بیرۆکەی مەترسیداری وامان هەبێت کە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی سەدام، دەبێ ئێمە داهاتوو بنیات بنێین و لەچاو سەردەمەکەی ئەودا، دەبێ خزمەتی زیاتر و ئازادی و یەکسانی زیاترمان هەبێت.

ئێستا پرۆسەی بەدیموکراسیبوونەکە ئەرکی ئێمەیە، لەرێگای دەنگدان بە حکوومەتی نوێ، بەڵام ئەرکی حکوومەتە نوێیەکەمانە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە دەیدات. پێویستە پارتە سیاسیەکان و پاڵێوراوانیان هەموو عێراقییەک دڵخۆش بکەن کە ئەوە هەستێکە بۆ چەندین ساڵە لەدەستمان داوە.

سیاسەتمەدار و بەرپرسی ئازیز: عێراقییەکان، منیش لەگەڵیان کارەبای 24 کاژێری، پەروەردەی باش و تەندروستی باشترمان دەوێت.

عێراقییەکان و منیشیان لەگەڵ بێت دەیانەوێت بە ئاسانی بچنە وڵاتانی دیکە لەکاتی پشوودا، مووچەی باشتریان هەبێت، ژێرخانی باشترمان دەوێت و دیموکراسی و ئازادی زیاتریشمان دەوێت.

# خالیدی خولەسوور بەڕاپ پشتگیری گۆڕان دەکات








**رووداو-سلێمانی**

بەشیعرێک کە سەرلەبەری هێرشە بۆ سەر دەسەڵاتی ئێستای هەرێمی کوردستان و خوازیاری هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی دیکەیە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، خالیدی خولەسوور بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەکات.

خالیدی خولەسوور هەرچەندە پێشتر ئامر فەوج و ئەندامی دوو خولی مەجلیسی تەشریعی سەردەمی رژێمی بەعس بووە، بەڵام نیگەرانە وەک جاش و ئەنفالچی ناوی ببرێ و دەڵێ " من هەر لەگەنجیمەوە پێشمەرگەبووم"و، هەروەها دەڵێ " بەڕۆح وجەستە ئێستا ئامادەم کار بۆ لیستی گۆڕان بکەم".

لەو گۆرانییە راپەدا کە لە کەناڵی KNN کلیپی بۆکراوە و گەنجێک بەنێوی حەمە راپەر گوتوویەتی، هانی گەنجان دەدات بچنە پەرلەمان و پەرلەمان بهەژێنن و دەسەڵاتێکی گەنجانە بهێننە سەرکار.

دەربارەی شیعرەکەی، خالیدی خولەسوور بە (رووداو)ی گوت " لەسەر داوای خۆم ئەو شیعرە کراوەتە گۆرانی"، گوتیشی مەبەستی ئەوەبووە کە پەرلەمانی کوردستان بەوشێوەیە بێت "کە بینیمان چۆن پەرلەمانتارانی گۆڕان هێنایانە جۆش، هەرچەندە من زۆر پێش ئەوکارە شیعرەکەم نووسیوە".

خالیدی خولەسوور دەیەوێ لەڕێگەی ئەم شیعرەوە، گەنجانی کورد، وەک گەنجانی خواروی ئەفریقیای ساڵانی هەشتاکان، بەگۆرانی و راپ دەروازەیەکی گەورە بۆ ئازادی رادەربڕین بکەنەوەو کاریگەریی لەسەر دەسەڵات دابنێن " گەنجانی خواروی ئەفریقیا دەرەتانیان نەبوو تاوەکو گلەیی و گازندەی خۆیان لەدەست گەندەڵی دەرببڕن، بەڵام توانیان لەڕێگەی راپ و گۆرانی گوتنەوە ئەو دەرگایە بۆخۆیان بکەنەوە، منیش دەمەوێ گەنجانی کورد لێرەوە دەستپێبکەن".

ئەو ئامادەیشی دەربڕی هەر گەنجێکی دیکە بیەوێ ئامادەیە شیعری بداتێ بۆ گۆرانی و راپ.

# کچانی باکووری کوردستان بە زنجیرە تورکییەکان دەتوێنەوە

**رووداو-جزیرە**

دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی زمان و پەروەردەی کوردی TZP، کۆمەڵەی گەشەپێدان و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی Kurdî-Der دەیەوێ پەرە بە زمانی کوردی بدات لە باکووری کوردستان و، لە چەند شارێک لقی کردووەتەوە.

لقی کۆمەڵەی ناوبراو لە شاری جزیرە ماوەیەکە دەستی بە چالاکی کردووەو بەنیازە لە نەورۆزدا گۆڤارێک بەنێوی (برجا بەلەک) دەربکات. میرزا رۆنی، کە بەڕێوەبەری لقی جزیرەی کۆمەڵەکەیە رایگەیاند ئامانجیان ئەوەیە بۆچوونێکی ئەرێنی سەبارەت زمانی کوردی لە نێو خەڵکدا دروستبکەن و کۆرسی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ منداڵان و گەنجان بکەنەوە. میرزا رۆنی گوتی "لەرێگەی ئەم خولانەوە منداڵ، لاو و هەرکەس بیەوێ خۆی فێری زمانی کوردی بکات، ئێمە فێری دەکەین".

## کڕین و فرۆشتن بە تورکییە

وەک میرزا رۆنی ئاماژەی پێدا گەورەترین گرفتیان توانەوەی زمانی دایکە لە باکووری کوردستان، کە خەڵکێکی زۆر زمانەکەیان لەنێو بۆتەی زمانی تورکیدا تواوەتەوەو بە تورکی قسە دەکەن "تاوەکو ئەمڕۆش سیاسەتی تواندنەوە لە تورکیا بەردەوامە، ئەوە گەورەترین کێشەیە بۆ ئێمە".

هەرچەندە میرزا رۆنی دڵخۆشە کە ئەمڕۆ دەبینێ خەڵکێکی زۆر دوای ئەو هەموو ساڵە لەسیاسەتی تواندنەوە هێشتا بە زمانی کوردی قسە دەکەن، بەڵام دەڵێت "بەداخەوە خوێندن و نووسین بەکوردی زۆر کەمە". ناوبراو ئاماژە بە گرفتی یاساییش دەدات کە لەکاتی کارکردنیان دێتە رێگەیان" لەبەرئەوەی هێشتا بوار بۆ زمانی کوردی نەکراوەتەوەو دەستووری تورکیا مافی خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی نادات، بۆیە زۆرجار ناتوانین بە ئازادانە چالاکی بکەین".

ئێستا لە باکووری کوردستان چەندین رێکخراو و کۆمەڵەی تایبەت بە فێرکردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی دامەزراون، کە



دیارترینیان بریتین لە TZP و Kurdî-Der، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کار بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوردی دەکەن. بەڵام وەک میرزا رۆنی ئاماژەی پێدا تائێستا ئەو کۆمەڵانە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی زمانی کوردی لە ناوچەکە باڵا دەست بکەن "ئەمڕۆ لەزۆر ناوچەی ئێمەدا تورکی زمانی باڵادەستە و قسەکردنی نێو بازاڕ بووەتە تورکی، بۆ نموونە لە شارێکی گەورەی وەک ئامەد کەم کەس لەکاتی کڕین و فرۆشتندا بەکوردی قسە دەکات".

## لە بۆتان کوردی باڵا دەستە

بەڵام سەبارەت بە رەوشی زمانی کوردی لە شارەکانی باکووری کوردستان، رۆنی دەڵێت "لە بۆتان و سەرحەد زمانی کوردی باڵادەستە، بۆ نمونە ئەگەر لە شارە گەورەکان قسەکردن 40%بەکوردی بێ، لەشارەکانی وەک جۆلەمێرگ، سێرت و شرنەخ قسەکردن 90% بە کوردییە. بەڵام لەبواری خوێندن و نووسیندا بەمشێوەیە نییە، زۆر کەمە".

## کچان زیاتری کوڕان بە تورکی قسە دەکەن

بەرپرسی لقی جزیرەی Kurdî-Der مخابنی خۆی بەرامبەر گەنجانی جزیرە نیشاندا کە خۆیان لە زمان و کولتوری کوردی دوور دەخەنەوە "ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە"، میرزا رۆنی دەڵێت "ئەمڕۆ لە جزیرە دۆخی لاوان لەبواری نزیکبوونەوە لە کولتوورەکەیان زۆر لاوازە، ئەویش لەبەر کاریگەری کولتووری باڵادەست، گەنجان بەکەمی بۆ فێربوونی زمانی کوردی سەردانی کۆمەڵەکەمان دەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نزیکبوونەوەی گەنجان لە شاری جزیرە بۆ زمان و کولتوورەکەیان زۆر کەمە. بەتایبەتیش کچان لەنێو ماڵەکاندا بە زنجیرە دراماکانی تورکی دەتوێنەوە". رۆنی گوتیشی "کچان زیاتری کوڕان لەگەڵ یەکتر بە تورکی قسە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کولتوورەکەیان دوور بکەونەوە".

میرزا رۆنی، گلەیی لە سیاسەتمەدارانی کورد هەیە و بە "خەمسارد"یان دەزانێ و دەڵێت "سیاسەتمەدارانمان زۆر گرنگی بە پەروەردەو فێرکردنی زمانی کوردی، دەبێ سیاسەتمەدارانی ئێمە گەڕانەوە بۆ زمان و کولتووری کوردی لەنێو خەڵکدا بڵاوبکەنەوەو کۆبوونەوەکانیان بە زمانی کوردی ئەنجامبدەن".



# ڕیپۆرتاژ

## محەمەد بە دەستی چایچییەک کوژرا



ڕووداو - سلێمانی
ڕۆژی 2010/3/3 لە ناو شاری سلێمانی پیاوێک بەناوی محەممەد عەبدولرەحمان کوژرا. عەمید نەجمەدین قادر بەڕێوبەری پۆلیسی سلێمانی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کاژێر 10ی بەیانی ڕۆژی 3ی ئەو مانگە چایچییەکی پۆلیس بەهۆی کێشـەیەکەوە پیاوێکی بە ناوی محەممەد عەبدولرەحمان کوشت کە هەڵکەری مەولیدەی گەڕەکان بوو. بکوژەکە تاوانەکەی بە کلاشینکۆف ئەنجامداوەو محەممەد یەکسەر گیانی لەدەستدا "بکوژەکە دەستگیرکراوە، بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەسەر شەڕە قسە کوشتوویەتی".

# بانگەشەی هەڵبژاردن تاوانکاری کەمدەکاتەوە

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن ئازاد حوسێن و هاوڕێکانی زۆربەی باسەکانی نێوانیان پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبووە، بەردەوام گفتوگۆیان لەسەر ئەوەیە لیستەکان هەر یەکەیان چەند کورسی دێنن؟ کێ دەیباتەوە؟ کێ دەدۆڕێ؟ ئازاد کە قوتابی زانکۆی سەلاحەددینە دەڵێت "هەڵبژاردن زۆر سەرقاڵی کردووین، هەر یەکێکمان ئومێدی بە لیستێکە".

بەڕای کۆمەڵناسان هەڵبژاردن لە دوو ڕووەوە دەبێتە هۆی باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، لەلایەک خەڵکی دەستبەتاڵی کەمدەبێتەوە، لەلایەکی دیکە هەڵبژاردن ئومێد لەناو دڵی هاووڵاتیان دروستدەکات.



### هەتا خەڵک زیاتر سەرقاڵ بێت تاوان کەمتر دەبێتەوە

پسپۆڕێکی کۆمەڵناسی

د. محەممەد شوانی مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەددین، ئاماژەی بەوەدا بەشێکی زۆری تاوان پەیوەندی بە کاتی بەتاڵی و بێ ئومێدییەوە هەیە "بانگەشەی هەڵبژاردن ئومێد لای خەڵک دروستدەکات، خەڵکێکی زۆر سەرقاڵ دەکات بە هۆی ئەنجامەکانی، خەڵک بواری کەمتر دەبێتەوە بۆ تاوانکاری، بۆیە هەموو تاوانەکانی وەک دزین و کوشتن و لادان کەمدەبێتەوە".

بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن تەنیا یەک حاڵەتی کوشتن هەبووە، ئەویش لەناو شاری سلێمانی بووە، هەر بەپێی ئەو ئامارە ڕێژەی دزین کەمبووەتەوە، لە مانگی یەک لە پارێزگای سلێمانی 28 حاڵەتی دزین تۆمار کراوە، بەڵام لە مانگی 2ی ئەمساڵ کە بانگەشەی هەڵبژاردنی تێیدا دەستیپێکرد، دزین کەمبووتەوە بۆ 19 حاڵەت.

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوبەری پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند بەگشتی تاوان لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن کەمبووەتەوە، خۆکوژیش زۆر کەمبووەتەوە، هیچ تاوانێکی گەورەی دزیش نەکراوە. بەبڕوای عەمید نەجمەدین کەمبوونەوەی تاوان لەو ماوەیە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە "لەو ماوەیە مەفرەزەکانی پۆلیس زیاتر چاودێری دەکەن و تا درەنگانی شەو دەگەڕێن، هەروەها خەڵکیش ئەو ماوەیە زۆر سەرقاڵە، ئەگەر کەسێک سەرقاڵ بێت بۆ دزی دەکات؟، زیاتر بێکارەکان تاوان دەکەن".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند،لە ماوەی ساڵی 2010 کێشەکان زۆر کەمبوونەتەوە، هەموو تاوانەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن، بەڵام "خەڵکانێک هەیە هەر ئاگای لە هەڵبژاردن نییە، نازانن هەڵبژاردن چییە، ئەوانە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە"، گوتیشی "لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن کێشەیەکی وا ڕووی نەداوە لە هەولێر شایەنی باس بێت".

بەبڕوای د.محەممەد هەموو کاتێک کۆمەڵگە لەکاتی ڕاوەستان بۆگەن دەبێت، ڕۆیشتنی لاوان و سەرنەکەوتنی لاوان لە زانکۆ پەیوەندی بەو بێدەنگی و ڕاوەستانەوە هەیە کە لە کۆمەڵگە هەیە، بۆیە "کێبرکێی لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردن، سوودێکی زۆر گەورەی هەیە بۆ کەمکردنەوەی تاوان".

لەکاتی هەڵبژاردن زۆر بابەتی جیدی قسەیان لەسەر دەکرێت و لیستە بەشداربووەکان بەرنامەو پرۆژە پێشکەش دەکەن، بۆیە د.محەممەد پێیوایە هەڵبژاردن بزاوتێک دەداتە کۆمەڵگە "ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێک هەموو گفتوگۆکان پەیوەندی بە هەڵبژادنەوەیە، هەرچەندە ململانێیەکە بەهێزتر بێت لەسەر کورسی، هێندەیتر بزاوتەکانی ناو کۆمەڵگە زیاتر دەکات".

هەرچەندە مقەدەم سەرکەوت عومەر بەڕێوبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سلێمانی ئامارێکی وردی لەلانییە، کە دەری بخات تاوان کەمبووەتەوە، بەڵام دەڵێت لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن تاوانێکی شاز لە سلێمانی ڕووی نەداوە، ئەو ئەفسەرەی پۆلیس پێیوایە بانگەشەی هەڵبژاردن، کاریگەری هەبووە بۆ کەمبوونەوەی تاوان "هەتا خەڵک سەرقاڵتر بێت تاوان کەمتر دەبێت".

بە گوێرەی قسەکانی د.محەممەد ئەگەر ململانێیەکانی هەڵبژاردن لە نێوان دوو هێزبێت، یەکێکیان زۆر بەهێز و ئەوەیتر لاواز بێت، ئەوە تەنیا بێ ئاگایی کردنی خەڵکەو کار ناکاتە سەر کەمبوونی ڕێژەی تاوان، چونکە "خەڵک ئەنجامەکە دەزانن، بەڵام ئەگەر کێبرکێی ڕاستەقینەبوو، دوو لایەن هێزیان لەیەکتر نزیکبوو، خەڵک نەزانن کێ براوەیە، تا بەهێزتر بێت، هێندەیتر ئومێد دروستدەکات و کاریگەری هەیە".





**تامان شاکر**
tamanshakir@yahoo.de

# بەزمە لە چەمچەماڵ

دەڵێن بەزمە لە کۆیە، وادیارە ئێستا بەزمەکە کەوتووەتە چەمچەماڵ، کاندیدێکی خوێن گەرم هەر دەتگوت خەڵک بۆ شەڕ هاندەدات، وتی ئەگەر دەنگم پێبدەن چەمچەماڵ دەکەمە پێشکەوتووترین شاری دونیا، چۆن؟ باسی نەکرد.

هەندێک لە کاندیدە پیاوەکان بوونەتە پارێزەری مافی ژنان و ئۆمەری عەیار بیستوچوارن، چونکە دەزانن ژنان نیوەی ژمارەی دانیشتوان پێکدێنن، کەچی لە پێش هەڵبژاردن نەک باسی مافی ژنیان نەدەکرد، بەڵکو زۆرینەی ئەو بەڕێزانە مافی ژنەکانی خۆیانیان پێشێلکردووە و ماڵەکانی خۆیان تەنها وەک هۆتێل بەکارهێناوە.

خانمێکی بەڕێز کە دەیەوێ ببێتە پارێزەری مافەکانمان، دەڵێ ژنانی شارەکەی ئێمە ڕەسەنن، تۆ بڵێی ژنی ڕەسەن و نارەسەن هەبێت؟ ئایا پێوەری ئەو خانمە بۆ ڕەسەنایەتی چییە بۆ ئەوەی ئێمەش بەدوایی ڕەسەنایەتی خۆماندا بگەڕێین، هەرچەندە تەمەن بەسەرچوو، بەڵام هیچ کاتێک درەنگ نییە .

هەموو کاندیدەکان دەڵێن دەنگ بدەن بە ئێمە بۆ ئەوەی ژیانتان بگۆڕین، ئێمەش لێمان تێکچووە کەس پێمان ناڵێ چی و چۆن دەیگۆڕن. لە کۆیەوە دەستپێدەکەن، دەترسین قازانج سەری مایە بخوات.

کاندیدێکی دیکە جیاوازی ناکات لە نێوان کاری تیرۆریستی و کردەوەی تیرۆریستی. یەکێک لە کاندیدەکان کە قسە دەکات وادەزانێ حیکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە مەزانە باسی گێڕانەوەی ناوچە دابراوەکان دەکات،نازانێ بڵێ گەڕانەوەی ناوچە دابراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەش باجی کوردی نەزانینە.

یەکێکی دیکە دەڵێت، بەڵێن دەدەم ئاو ئاوەڕۆکانی ماڵان چاک بکەم، خوا بمگرێ ئەگەر ئەوە کاری تۆ بێ لە پەرلەمانی عێراق. تکایە ئاگاداری 140 بە.

جوامێرێکی دیکە جیاوازی لە نێوان وشە و وتە ناکات، وادەزانێ بەسەرماندا تێدەپەڕێت، نازانێ بۆی دەنووسینەوە، ڕەنگە ویستبێتی ڕادەی زیرەکیمان تاقیبکاتەوە و مەبەستی وشەی یەکتربڕ بووبێت ئێمە تێنەگەیشتبین.

بەڕێزێکی دیکە دەڵێت لەو کاتەی کوردستان کەوتە ناو شاڵاو، نەمانزانی کام شاڵاو لەوە دەچوو ئەم کاندیدە ئیستیراد کرابێ ئاگای لە مەوزوع نەبێ.

کاندیدێکی دیکە دەڵێت پارەی نەوتی دهۆک دەگەڕێنمەوە بۆ خەڵکی دهۆک، کەواتە دەبێ هەولێر لەبرسان بمرێ و کۆیەش ئاوی حەمامۆک بفرۆشێ!

لەم هەڵبژاردنەدا گەرمیان بووەتە دڵی کوردستان، کەواتە کەرکووک دڵی نەخۆشەو دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکرێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق چووبووە لای بەرپرسێکی ئەم کوردستانەو داوای گواستنەوەی کارەکەی کردبوو لە پەرلەمانی عێراقەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، وای زانیوە لە وەزارەتێک کاردەکات. هیوادارم کاندیدەکانی ئێستا لەوە تێگەیشتبن کە دەبێ هەر لە بەغدا دەوام بکەن و قسەش بکەن نەک بە قرقەپی لێی دانیشن و پارە بژمێرن.

# کۆتا بەختی ژنان لە لیستەکاندا دەکاتەوە

## هەر لیستێک چوار کورسی بێنێ دەبێ چوارەمی ژن بێت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەمجارەی عێراق، دەرگایەکی تایبەتی بۆ بەشداریکردنی ژنان کردووەتەوە، کە ئەویش سستمی کۆتایەو بەپێی ئەو سیستمە، جیا لەوەی کە پێویستە هەر لیستێک 25%ی کورسییەکانی بداتە ژنان، هاوکات شێوازی سیستمەکە، دەرفەت دەداتە ژنان ئەگەر دەنگێکی زۆر کەمیش بەدەستبێنن بەپێی ڕیزبەندییەکانیان بەپێی 25%یە بەدەنگی کەمتر لە پیاوان بچنە پەرلەمان. بەڵام کاندیدە ژنەکان دەڵێن بەو کۆتایەی بۆیان دانراوە دڵخۆش نین و پێیانوایە ئەوە ڕێگرە لەوەی هێزو توانای ڕاستەقینەی خۆیان دەربخەن و خوازیاریشن، هوشیاری کۆمەڵگە بگاتە ئەو ئاستەی کە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پێویستیان بەسستمی کۆتا نەبێت .

بەپێی ئەو کۆتایەی بۆ ژنان دانراوە، لەهەر لیستێکدا چوارەمین ناو ئافرەت دەبێت. ئەگەر لەلیستێکدا پێنج ئافرەت هەبن، لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا ڕیزبەندی ژنان لەڕیزبەندی پیاوان جیادەکرێتەوەو، ئەگەر لەو پێنج ئافرەتەی ناو لیستەکە، یەکێکیان 200دەنگیش بەدەستبێنێت، بەو مەرجەی زۆرترین دەنگی ناو ژنەکانی هێنابێت، ئەوا خاوەنی ئەو 200دەنگە هەر دەبێتە چوارەمین ناوی براوە، بە ڕەچاوکردنی 25%ی کۆتای ژنان لە پەرلەمانی عێراق دا .

هەندێک لە کاندیدە ژنەکان بەسیستمی کۆتای ژنان دڵخۆش نین و پێیان وایە ئەمە لەبەرچاوگرتنی دۆخێکی دیکەی جیاوازە بۆ ژنان . ڕووناک مستەفا، کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێ، سیستمی کۆتای ژنان لەهەموو دونیادا کاری پێدەکرێت و گوتی "ئەگەر کاری پێ نەکرێت، خەڵک وافێربووە کە دەنگ بەپیاو دەدات و ناهاوسەنگی دروستدەبێ". ڕووناک دروستبوونی ناهاوسەنگیش بە گرفتێکی گەورە دەزانێ، مادام پەرلەمان بکەوێتە دەست پیاوانەوەو دەڵێ "پەرلەمان شوێنی دەرچوونی یاساکانەو ئەوکات یاساکان تاکڕەوانە لەلایەن پیاوەوە دەردەکرێن".

ئەو کاندیدەی یەکگرتووی ئیسلامی سیستمی کۆتا بۆ ئەو قۆناخەی ئێستا ڕەتناکاتەوەو دەڵێ " هەرکاتێک توانیمان بۆ کۆمەڵگەی بسەلمێنین کەئافرەت خاوەنی تواناو لێهاتووییە، ئەوکات پێویستیمان بە کۆتای ژنان نامێنێت". گوتیشی" ئێمە وەک یەکگرتووئەوەمان سەلماندووەو بەهەڵبژاردن بووینەتە کاندید".

بەپێی ئەو ئامارە نارەسمیانەی بڵاوکراونەتەوە، ئافرەتان57%ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن .

"من حەزدەکەم ئافرەتیش وەک پیاوان خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی بێت و بەدەنگی پێویستی خۆی بگاتە پەرلەمان". شیلان شێرکۆ کاندیدی لیستی هاوپەیمانی لە پارێزگای سلێمانی گوتیشی " بەو ڕێژەی کۆتایەی ژنان دڵخۆش نیم". شیلان شێرکۆ، ئەگەر بگاتە پەرلەمان، کار بۆ ئەوە دەکات کەسیستمی کۆتای ژنان بگۆڕێت " بەڵام پێشتر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەچڕوپڕی کاری لەسەردەکەم، چونکە دەبێت کاتێک ئەوە بکەین، کە دڵنیابین کۆمەڵگەی ئێمە لەڕۆڵ و توانای ژن تێگەیشتووەو متمانەی پێ هەیە".

وەک بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ (ڕووداو)باسیکرد، پارێزگای سلێمانی یەک ملیۆن و نەوەت و شەش هەزار دەنگدەری هەیە، ئەگەر 700هەزار کەس بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەوا کورسییەک پێویستی بە40هەزار دەنگە، ئەگەر لە لیستێکدا و لەنێو پێنج ژنی لیستەکەدا زۆرترین دەنگی کاندیدێکی ژن 2000دەنگیش بێت، ئەوا دەبێتە چوارەمین ناوی ئەو کاندیدانەی کەلەو لیستەدا دەرچووە بەپێی سیستمی کۆتای ژنان . تاهیر محەممەد ئەمین گوتیشی "هێشتا ڕوون نییە ئاستی بەشداریکردنی خەڵک چۆن دەبێت ".

قومریە شێخ محەممەد بەرزنجی، کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لەسلێمانی سیستمی کۆتای ژنان بۆواقیعی ئێستای کوردستان بەباش دەزانێ و هاوکات هیواخوازیشە کە لەداهاتوودا ئەو کۆتایە نەمێنێت "ئەوە بەخێر دەزانین و نامانەوێ خێرمان پێ بکرێت". قومریە گوتیشی " لەداهاتوو ئێمەی ژنان بەشێوەیەک کاردەکەین، کە بتوانین متمانەی خەڵک بەدەستبێنین و پێویستمان بەو خێرە نەمێنێ ". ئەو کاندیدەی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی خێری سیستمی کۆتای ژنان ڕەتدەکاتەوە، ناشیشارێتەوە، ئەگەر لەم قۆناخەی ئێستادا ئەوە بۆژنان نەکرایە، چانسی دەرچوونی کاندیدە ژنەکان زۆر لاواز دەبوو " چونکە هێشتا کۆمەڵگە متمانە بەئافرەت ناکات ".

مامۆستایەکی کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکانی زانکۆی سلێمانی پێیوایە کەکۆتای ژنان لەگەڵ سیستمی دیموکراسی ناکۆکە و لەسەر بنەمای ڕەگەزە . مامۆستا کەنعان حەمە غەریب گوتیشی "بەڵام دەبێت ببێت، چونکە نە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە کە متمانەی بەئافرەتان هەبێت و نە ئافرەتانیش ئەو هێزەیان هەیە بچنە ناوململانێکانەوە". کەنعان دەپرسێ، ئەی لەئەمریکا کەتەمەنی دیموکراسی 230ساڵی تێپەڕاندووە، بۆچی ڕێژەی ئافرەتان لەناو کۆنگرێسدا کەمە ؟ هەر خۆی وەڵامدەداتەوەو دەڵێ "لەدونیادا، ئافرەتان بەکەمی دێنە نێو ململانێ سیاسییەکانەوە".



# گفتوگۆکان لەسەر حکومەتی داهاتووی عێراق دەستپێدەکەن



**نوری مالیکی:**
**لە حکومەتی ئێستادا هەندێک وەزیر مامەڵەیان خراپ بوو و خۆیان لەگەڵ من نەدەگونجاند**

**رووداو- هەولێر**

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا رایگەیاند کە پاش راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق یان هاوپەیمانیی کوردستان بەدوور نازانێ "چونکە دوو قەوارەی گەورەن و پرۆسەی سیاسی پێویستی پێیانە". بەڵام هاوپەیمانیی کوردستان رایگەیاند کە هێشتا لەوبارەوە هیچ بڕیارێکیان نەداوەو چاوەڕێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنن.

سەرۆک وەزیران لەچوارچێوەی وەڵامدانەوەی پرسیاری رۆژنامەڤاناندا لەڕێی ئەو پەنجەرەیەی راگەیاندنەوە کە لەلایەن سەنتەری نیشتمانیی بۆ راگەیاندنی عێراقیی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کراوەتەوە و رۆژنامەڤانان لەو رێگەیەوە پرسیارەکانیان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی عێراق دەکەن، لەبارەی ئەگەرەکانی گرێدانی هاوپەیمانیی لەلایەن ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی دیکە، گوتی "ئەو دەرگایە بەکراوەیی دەهێڵینەوە لەپێناو پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە لە پاش راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن". مالیکی هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا گوتی "هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق یان هاوپەیمانیی کوردستان بەدوور نازانین، چونکە ئەوانە دوو قەوارەی گەورەن و پرۆسەی سیاسی پێویستی پێیانە".

سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە قەوارەکەی بەگوێرەی هەندێ راپرسی و لێکدانەوە ئەمجارە زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەبات و خۆیشی یەکێکە لە رکابەرە بەهێزەکان بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت، رایگەیاند کە حکومەتی داهاتوو، حکومەتی زۆرینەی سیاسی دەبێت، نەک وەک ئەو حکومەتەی ئێستا. جەختی لەوەشکردەوە کە پێویستە هەموو پێکهاتەکان تێیدا بەشداربن، بەڵام بەبێ سەپاندنی بەشبەشانێی تایفی، لەهەمانکاتیشدا گوتی "مەرجیش نییە هەرچی لەهەڵبژاردن سەرکەوت بەشداریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، چونکە یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکرد حکومەتی ئێستا کارێکی کەم بکات، ئەوەبوو کە هەندێ لە وەزیرەکان هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە تێگەیشتنێکی پێویستیان نەبوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، سەربارێ ئەوەش هەندێ هەڵەو سەرپێچیی ئەوتۆیان کرد کە زۆر دووربوو لەپیشەگەری".

لەبارەی ئەگەری هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پاڵێوراوی ئەو حیزبە لەهەولێر کە لە خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراقدا سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بوو، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "جارێ لەورووەوە هیچ بڕیارێکمان نەداوەو تەماشای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەین".

## قۆناخی دوای هەڵبژاردن زۆر زەحمەت دەبێ بۆ عێراق

### گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان:

# هەڵبژاردنی ئەمجارە کێشە قووڵەکانی عێراق بەدیار دەخات



**رووداو- ئاژانسەکان**

دواییین راپۆرتی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لەژێر ناونیشانی: (ئایندەی نادیاری عێراق. هەڵبژاردنەکان و دواتریش)، تیشک دەخاتە سەر ئەو رێڕەوەی کە سێیەمین هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان بۆ عێراقی دیاری دەکات. بەگوێرەی راپۆرتەکە، قۆناغی پاش ئەو هەڵبژاردنە لە قۆناغی پێش هەڵبژاردن سەختتر دەبێت تا ئەو رادەیەی کە رەنگە پێکهێنانی حکومەتی نوێ کارێکی ئاسان نەبێت.

راپۆرتەکە ئاماژە بە زەحمەتی و ئاستەنگەکانی پێش هەڵبژاردن دەکات، هەموو ئەو کێشانەی کە نزیکبوو پرۆسەی هەڵبژاردن پەکبخەن، لەوانە: دوورخستنەوەی نزیکەی 500 پاڵێوراو لەپرۆسەی هەڵبژاردن. کێشەو ململانێکان لەسەر کەرکووک و ئەو یارییەی بەباری دیمۆگرافیی شارەکە کراوە، هەروەها مەترسییەکانی تایبەت بەمافی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات. یوست هیلتەرمان جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان کە گرووپێکی توێژینەوەیە لەسروشتی ململانێ سیاسییەکانی جیهان دەکۆڵێتەوە، لەوبارەوە دەڵێت "ئەگەر رێگای بەرەو هەڵبژاردن زەحمەت بووبێت، ئەوا رێگای پاش هەڵبژاردن زۆر زەحمەتتر دەبێ. تەنانەت پەرلەمانی نوێ لەچوارچێوەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا زەحمەتی و ئاستەنگێکی زۆری دێتە بەردەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کێشەو ململانێ کە یەکلانەکراونەتەوە".

راپۆرتەکە رەشبینانە دەڕوانێتە ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەو بەگەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەڵێت "یەکەمین هەڵبژاردنی پاش سەردەمی سەددام حوسێن بووە هۆی قەبەکردنی ئاراستەو ناکۆکییەکانی کە هەبوون. جەمسەرگیریی سیاسیی توندو هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکان لەپێش هەڵبژاردن، بایکۆتی رێژەیی یەکێک لەپێکهاتە سەرەکییەکانی لێکەوتەوەو ئارامیی لەوڵاتدا نەهێشت". هەروەها دەڵێت "هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی 2005یش ئینتیمای تایفەگەری بۆ نێو شەقامی عێراقیش شۆڕکردەوەو سەرئەنجامیش شەڕێکی ناوخۆی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام ئەمجارە، بەتەنیا پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی و دەستپێوەگرتنی وەک سیمبوڵی یەکێتیی نیشتمانیی بەس نییە، دەبێ هەوڵی راستەقینە بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی بدرێ کە ئەو هەوڵە زۆر لەوادەی خۆی دواکەوت، دەبێ پێشکەوتنێکی مانادار لەپرۆسەی کرانەوەی فەزای سیاسیدا بەدی بێت و بەشداریی پێکهاتەکان زیاتر بکرێ، رەوشی شەفافیەت و لێپرسینەوە باشتر بکرێ و دەزگای دادوەری سەربەخۆ بکرێ".

هەرچەندە ئیدی هیچ کات نەماوە بۆ پێشنیازێکی لەوجۆرە، بەڵام راپۆرتەکە پێشنیاز دەکات کە حکومەتی عێراق لەبڕیاری دوورخستنەوەی پاڵێوراوانی سوننە پاشگەزببێتەوە، یان لانیکەم لەپاش هەڵبژاردن (کە ئەمەیان رێی تێدەچێ) مۆرکی سیاسی لەپرۆسەی ریشەکێشکردنی بەعس داماڵێ، ئەوەش بەدانانی پێوەری گونجاو بەپێی یاسا سەرباری دیاریکردنی سەقفێک بۆ پرۆسەی ریشەکێشکردن کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ و لەو ماوەیەدا هەرچی دۆسیە هەیە یەکلابکرێتەوەو ئیدی ئەو دەرگایە دابخرێ. هاوکات پێشنیازی ئەوەش دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێرییەکانی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن چڕبکاتەوەو هێڵی سووری روون و ئاشکرا دابنێ کە هەموو لایەک ناچاربن رێزی بگرن ئەگەر دەیانەوێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان وەک ئەنجامێکی شەرعی بناسرێ. هەروەها پێشنیاز دەکات کە رەفتاری ئەو دەزگاو دامەزراوانەی رۆڵی بێلایەن و یەکلاکەرەوەیان هەیە لە زامنکردنی هەڵبژاردنێکی ئازادانەو خاوێندا بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، لەوانەش: دادگای باڵا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و هەروەها سوپاو پۆلیس. دەبێ چاودێرانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی چاودێریی ورد بخەنە سەر پرۆسەی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکانیش، ئەگەر هێڵی سوور بەزێندراو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان مایەی قبووڵ نەبوون، ئەوا دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یارمەتی و کۆمەکە دیپلۆماسی، سەربازی، ئابووری و مرۆییەکانی مەرجدار بکات بە پابەندبوونی حکومەتی عێراق بەچاکسازیی سەرتاسەریی داوودەزگاکانی.

## لە "کانتۆنەکانی هەڵبژاردن"دا مافی پروپاگەندە بۆ هەمووان نییە

# لیستەکانی عێراق ناتوانن لە ناوچەکانی یەکتر بانگەشە بکەن

**بەغدا- الشرق الاوسط**

لەعێراق، یەکێک لەو دیاردانەی کە لەگەڵ هەڵمەتەکانی پروپاگەندی هەڵبژاردندا قوتبووەتەوە، دیاردەی "کانتۆنەکانی هەڵبژاردن"ە کە هەندێ لەقەوارەکان توانای ئەوەیان نییە دیواری هەندێ ناوچەکە ببڕن و تێیدا بەئازادانە بانگەشە بۆ پاڵێوراوەکانی خۆیان بکەن. هەندێک قەوارەی دیکە، بەتایبەتی لەشارە گەورەکانی بەغداو بەسرە تەنیا لەشوێنە گشتییەکاندا هەن و ناوێرن بچنە نێو گەڕەکەکان، چونکە هەندێک لەو گەڕەکانە بەتەواوی گیراون بۆ پروپاگەندەی لیستێکی دیاریکراو، یان ئەوەتا ناوچەی نفوز و دەسەڵاتی لایەنێکی دیاریکراوەو، لیستەکانی دیکە هیچ جەماوەرێکیان لەو شوێنانە نییە.

لەشوێنێکی وەکو پارێزگای بەغدا کە 60 کورسی لەئەنجوومەنی نوێنەراندا هەیەو بازنەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ مسۆگەرکردنی زۆرینەی پەرلەمانی داهاتوو بۆ هەر لیستێک، هەندێک ناوچە هەن کە بەتەواوی گیراون بۆ قەوارەیەک یان دووان و بانگەشەی هیچ قەوارەیەکی دیکەیان تێدا بەدی ناکرێ. پەرلەمانتار خالید ئەسەدی لەلیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە کەسێکی نزیکی نوری مالیکییە دەڵێت "هیچ کەسێک بۆی نییە کانتۆن بۆخۆی دروست بکات، یان ناوچەی نفوز و دەسەڵات بۆخۆی جیابکاتەوە، بەڵام هەندێ پێشێلکاری هەیە کە کەسانێک لەتاریکیدا ئەنجامیدەدەن و لافیتەو پۆستەری لیستەکانی دیکە لێدەکەنەوە". ئەسەدی دووپاتیکردەوە کە ئەوان لەهەموو ناوچەکانی سەر بەپارێزگای بەغدا بانگەشە دەکەن، چونکە کاندیدەکانیان هەمەجۆرن و سەر بەهەموو پێکهاتەکانن. گوتیشی "سوپاس بۆ خودا عێراقمان لەو دیاردەیە رزگارکردو، رێگەش نادەین جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ کانتۆنە حیزبییەکان و جیاکردنەوەی ناوچەی دەسەڵات، هەرکەس لەهەر شوێنێک بیەوێ بۆی هەیە بانگەشە بکات".

بەڵام وائیل عەبدوللەتیف، پەرلەمانتاری سەر بەئیئتیلافی عێراقیی یەکگرتوو دان بەوە دادەنێت کە ئەوە لەعێراقدا بووەتە دیاردەو گوتیشی "ئەو دیاردەیە لەهەردوو پارێزگای بەسرەو بەغدا بەئاشکرا دەبینرێ، بەداخەوە هێزە ئەمنییەکان لەو دوو پارێزگایە هەندێ ناوچەیان بۆ لیستێکی دیاریکراو گرتووە، بەتایبەتیش بۆ ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا". وائیل عەبدوللەتیف گوتیشی کە هێزەکانی پۆلیس لەو شوێنانە رێگەیان پێنەداون بانگەشە بۆ لیستەکەیان بکەن و پۆستەری خۆیان هەڵبواسن. هەر لەوبارەوە، رەحیم شەممەری لەلیستی (العراقیە) کە ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، گوتی "تەنگپێهەڵچنینی هەندێک لە قەوارەکان پەیوەندی بەو ململانێ نێگەتیڤەوە هەیە کە قەوارەکان دژی یەکدی گرتوویانەتەبەر، ئێمەش وەک لیستی عێراقیە بینیمان کە لەهەندێ شوێن هەرچی پۆستەرو لافیتەی ئێمە هەیە لێکراونەتەوەو دڕێندراون، ئەمە کاری ئەوانەیە کە رکابەرێتیمان دەکەن، بەڵام هەر سوورین لەسەر ئەوەی کە لەهەموو شوێنەکان هەبین و بانگەشە بۆ پاڵێوراوانی خۆمان بکەین".




## لە کەرکووک

# پۆستەری کاندیدێکی جوان چەندین رووداوی ئۆتۆمبیل دەخاتەوە



**رووداو- العربیەنت**

پۆستەری خانمە پاڵێوراوێکی شۆخ و شەنگ لە کەرکووک تائێستا چەندین رووداوی ئۆتۆمبیلی لەو شارەدا خوڵقاندووە، چونکە شۆفێرەکان هەرکە چاویان پێیدەکەوێ هۆشیان لێدەبڕێ و ئاگایان لە شەقام و ئۆتۆمبێلەکانی پێشی خۆیان نامێنێ.

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی پارێزگای کەرکووک لەوبارەوە رایگەیاند کە بەهۆی پۆستەری ئەو خانمەوە، هەموو کاژێرێک رووداوێکی هاتوچۆ لەو شارەدا دەقەومێ. ئەو وێنەیە سەرنجی شوفێران بەلای خۆیدا رادەکێشێ و ئاگایان لە شەقامەکە نامێنێ.

لەم هەڵبژاردنەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا 1798 پاڵێوراوی ژن کێبڕکێ لەسەر 81 کورسی دەکەن کە دەکاتە چارەکێکی کورسییەکانی پەرلەمان، ئەوەش کۆتای ئافرەتانەو بەگوێرەی دەستوور و یاسای هەڵبژاردنەکان دیاری کراوە.

لەشاری ناسریەی باشووری عێراقیش کێبڕکێیەکی شاراوەو رانەگەیێندراو لەنێوان قەوارە سیاسییەکاندا هەیە کە لەسەر خزمەتگوزاری و راکێشانی دەنگدەر نییە، بەڵکو کێبڕکێیە لەسەر جوانی.

ئەوەی بەئاشکرا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە یەکێک لەقەوارە سیاسییەکان لەو پارێزگایە هەوڵی داوە زۆرترین ژنی جوان بخاتە نێو لیستەکەیەوە. دیارە ئەوانەی لیستەکەیان داناوە سروشتی خەڵکی ناسریەیان باش ناسیوە کە تاچەند کاریگەرە بەجوانی. ئاخر ناسریە لەنێو هەموو پارێزگاکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقدا بەوە ناسراوە کە زۆرترین گۆرانیبێژی بەرهەم هێناوە.



گۆران محەمەد
goransalih@hotmail.com

# دەسا وەڵڵا سەقەتە

پێدەچێ یەکێتی، نەک هاوپەیمانی، لە هەمووان پتر پەرۆشی تێپەڕاندنی بودجە سەقەتەکەی کوردستان بێت، هەرچەندە هەندێ پەرلەمانتاری ینک زۆریان پێناخۆشە بە بودجە بگوترێت سەقەت، لێ سا وەڵڵا فرە سەقەتە. ئاخر خۆ بودجە چوون بۆ سووپەر مارکت نییە لەوێ قەرار بدەیت چی دەکڕیت، کەس حکومەتێکی دیوە کارنامەی نەبێ، کەچی پەلەی تێپەڕاندنی بودجەی بێت؟ ئەشهەدوو شتێک کە لەم بودجەیەدا نوێ نەبێت، ئەوەیە پرۆژە حیزبییەکان تێکەڵی پرۆژەکانی حکوومەت کراون و پارەیان لە پارەی خەڵکی ڕەش و ڕووتەوە بۆ تەرخان کراوە، ئاخر دەمێکە حیزب بە حکوومەت فێرە، خۆ ئیشی ئەمڕۆ نییە.

ئەو بودجەیەی هەندێ سەرلیستی پەرلەمان پێیان ناخۆشە پێی بگوترێت سەقەت، هێندە سەقەت و پەقەتە لە چەند شوێنێکدا دوو جار پارەی بۆ یەک پرۆژە تەرخان کردووە. ئێستا تۆ ئەگەر دووجار بچیت بۆ حەج، هەر جارێکیان بۆ خوایە، ئەوەی دیکەیان بۆ خۆتە، ئەی ئەگەر دوو جار پارە بۆ پرۆژەیەک تەرخان بکەیت، جاری دووەم بۆ کێیە؟ کارگەی مەرمەڕی ماوەت، بە تەنیا نموونەیەکی پرۆژەی دووجار پارە بۆ تەرخانکراوە و دوایین نموونەش نییە. هەروەها هۆڵەکەی لقی دووی پارتیش نموونەی بێ کۆتایی نموونەکانی پرۆژەکانی حیزب نییە لە بودجەکەدا.

لە بودجە سەقەتەکەدا پارە بۆ هەندێ پرۆژە تەرخان کراوە کە لە چوارچێوەی پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنانە، یانی کابرا هاتووە لە وەبەرهێنان زەوی و ئاسانکاری بۆ کراوە، حکوومەتیش پارەی دەداتێ، ئیدی ئەمە کوێی وەبەرهێنانە؟ قوربان ئەمە لە باشترین حاڵەتدا لەبنهێنانە.

بودجەتان دیوە ئاگای لەوە نەبێ هەندێ پرۆژە نەک هەر تەواو بووە، بەڵکوو خەریکە کۆنیش دەبێ، کەچی هێشتا پارەی بۆ سەرف دەکرێت؟ ئەگەر وا نییە ئەی مانای تەرخانکردنی پارە بۆ خانەی دادی سلێمانی چییە؟.

کابینەی شەشەم کە تا ئێستا نەک ڕەنگ، دەنگیشی بە تەواوی نابیسترێ، ویستی بودجە بکاتە منەت بۆ خۆی و خەوشی بۆ کابینەی پێشوو، لێ ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان لێنەگەڕان ئاوا بە ئاسانی بودجە سەقەتەکە تێپەڕێت و لەوەشدا دەستیان خۆش بێت. ڕاستت دەوێ، ئەو هەرا جوانەی لیستی گۆڕان کردیان، دەبوا فراکسیۆنە خەوتووەکەی پارتی بیکردبا، ئاخر گۆڕان، بە ئاشکراکردنی سەقەتییەکانی بودجە، نەک هەر نەیانهێشت گوڵ لە خەڵک بکرێت، بەڵکوو ڕێگەیان لە منەتێکی فشەی کابینەی شەشەمیش بە سەر کابینەی پێنجەمدا گرت.

کاری نابەجێی پەرلەمان لەوەدایە بە بودجەیەک ڕازییە کە پەرلەمان وەک فەرمانگەیەکی سەر بە حکوومەت مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، ئاخر پێدەچێ هەر ئەوە قابیلی پەرلەمانێک بێت، بە فرسەت هێنان، پرۆژەی بودجە تێبپەڕێنێت.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# موفاجەئەی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا چی دەبێ

ڕۆژی یەکشەممە هاووڵاتیانی کوردستان و عێراق دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، تا ئەمڕۆ کە هەمووی چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ هەڵبژاردن، چەندین پێشبینی و لێکدانەوەی جودا جودا بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکرێن، لە هەموو ئەوانەدا دەردەکەوێت کە پارتی هێزی یەکەمی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دەبێت، ئەگەرچی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا کەمترین پرۆپاگەندەی بۆ خۆی کردووە.

پارتی پێیوایە لەم هەڵبژاردنانە سەروو ئەو ژمارەیەش دێنێت کە لەلایەن ناوەندەکانی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە بڵاودەکرێنەوە. دوا لێکۆڵینەوە کە (ڕووداو) لە ژمارەی ڕابردوویدا بڵاویکردووەتەوە باس لەوە دەکات کە پارتی 25 کورسی لە نزیکەی ئەو 65 کورسییە دەبات کە ڕەنگبێ بە دەنگی کوردانی دەرەوە و قەرەبووشەوە، بەر کورد بکەون لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق دا. بەڵام لێکدانەوەکان لەناو پارتیدا زۆر جیاوازن لەو ئامارانەی کە هەن، بەپێی لێکدانەوەی ئەوان هیچ حیزبێک جگە لە پارتی ناتوانێ لە دهۆک هیچ کورسییەک بە دەستبێنێ، ئەگەر ڕێژەی بەشداری لە دهۆک بگاتە نزیکەی 85%، ئەوا نرخی کورسی بەرزدەبێتەوەو نە گۆڕان و نە یەکێتی و نە یەکگرتووش ناتوانن لەوێ هیچ کورسییەک بەدەستبێنن. بەڵام ئەگەر ئەم ڕێژەیە بێتە خوارەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە یەکگرتوو بتوانێ کورسییەک لە دهۆک بێنێت. مسۆگەرکردنی 9 کورسی دهۆک و 8ی هەولێر بەو پێیەی کە، پاڵێوراوەکانی پارتی لە ناوچەی شەقڵاوە، هەریر، سۆران لەگەڵ چوار پاڵێوراوی هەولێریان مسۆگەر کردووە، 8 کورسیی هەولێریان پێدەبەخشێ.

ڕەنگبێ هەولێر بۆ پارتی شەڕی مانونەمان بێت و ئەگەر نەتوانێ ئەو ژمارەیە دەربێنێت، هەیبەتی پارتی زیاتر بەهەولێرەوە بەندە. بەڵام لەهەولێر زەمینەکە زەحمەتتر بووە بۆ پارتی، بەتایبەتی لەو ڕکابەرییەی کە بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ئێستا کەوتووەتە نێوان، کۆسرەت ڕەسوڵ، گۆڕان و مام جەلال. کۆسرەت ڕەسوڵ کە پشتیوانی لە دەرچوونی عوسمان شوانی، ژین نوری نانەکەلی و مولازم کەمال دەکات، دەیەوێ لەم هەڵبژاردنەدا بە یەکێتی و گۆڕان بسەلمێنێت کە ئەو ماوەو دەتوانێ قسەی خۆی بەرێتە سەر.

لە موسڵ پارتی چاوەڕوانیی ئەوە دەکات کە 8 کورسی بباتەوە و لە سلێمانی 2 و لە کەرکووکیش 2 کورسی بباتەوە، بەڵام هیچ ئومێدێکی بە خانەقین و بەغدا نییە کە بتوانێ کورسییان تێدا بەدەستبێنێ. هاوکات چاوی لە سێ کورسی کەمینەکانە کە بەم پێیە پارتی حیسابی 32 کورسیی بۆ خۆی کردووە، کە ئەمەش پارتی نەک هەر لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، بگرە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیشدا دەگەیێنێتە ئاستی یەکێک لەو حیزبانەی کە بتوانێ بە تەنها زۆرترین کورسی بەدەستبێنێت.

ئەم هەڵمەتانەی ئەم دوایەی هاوپەیمانی و یەکێتی لە دژی گۆڕان بەتایبەتیش لە مەسەلەی پێشمەرگە و دانیشتنی نوێنەری گۆڕان لەگەڵ ئەسیل نوجێفی، ڕەنگبێ کاریگەریی خراپیان لەسەر گۆڕان هەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئەو دەنگانەی گۆڕان بەم هۆیەوە لە دەستیان دەدات، لەلایەن کوردانی دەرەوە بۆی قەرەبوو دەکرێنەوە.

چاوەڕوانیی پارتی بۆ دەنگی حیزبەکانی دیکە ئەوەیە کە لە هەموو حاڵەتێکدا پارتی بتوانێ لە کۆی ژمارەی کورسییەکانی گۆڕان و یەکێتی زیاتر کورسی بێنێت. بەپێی لێکدانەوەکان ئەوەش بەشێوەیەکە کە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ گۆڕان بتوانێ 15 کورسی بە دەستبێنێ و یەکێتی نیشتمانیش 14 کورسی و باقی کورسییەکانی دیکە بۆ دوو پارتە ئیسلامییەکە بێت.

ئەگەر لێکدانەوەکانی پارتی ڕاست یان نزیک لەو ژمارەیە دەربچن، ئەوا پارتی دەبێتە موفاجەئەی ئەم هەڵبژاردنە.



هێمن عەبدوڵڵا
هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# ئاگاتان لە خەنجەرەکە بێت

هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی ئەڵمانیا لە میونشن ناچاربوو بکەوێتە نێوانکاری بەهۆی هەرای هەندێک کورد و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە. چەند کوردێک کە هەراکەیان بینیبوو باسی ئەوەیان دەکرد کە کارمەندانی کۆمیسیۆن لە دەرەوە "سووکایەتی"یان بە کورد کردووەو "فێڵ"یان لێکردوون . هەندێک کوردی دیکەش گلەیی ئەوەیان لە هاوزمانەکانیان دەکرد کە لەبەر "هەڵپەی وەرگیرانیان" وەک کارمەندی کاتی و وەرگرتنی پارەیەک بەوهۆیەوە پەنایان بۆ "پاڕانەوە" بردووە.

هاوکارێکی (ڕووداو)، کە چووبووە یەکێک لە بنکەکانی ناوتۆمارکردن لە ئەڵمانیا، بە توانجەوە دەیگوت: "لە هیچ بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا ئەو هەموو کوردە پێکەوە کۆنابنەوە!".

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا زۆرتر لە جارێک هەواڵی پەیدابوونی هەرا لەنێوان هەندێک کوردی تاراوگەنشین و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بڵاوبووەوە، بەڵام هێندەی من بزانم ئەوە یەکەمجارە پۆلیسی وڵاتێکی ئەورووپی ناچاربێت بێتە ناو ناکۆکییەکەوە. زۆر لە کوردە وەرنەگیراوەکان گلەیی لەوە دەکەن کە کۆمیسیۆن بە "سووکایەتییەوە" لەگەڵیاندا جووڵاوەتەوەو بەهۆی "کوردبوون"ەوە داواکانی ڕەتکردوونەتەوە. گوایە لە میونشن ژنێکی کورد یەکەمجار وەرگیراوەو دواتر لە یەکەم ڕۆژی ڕاهێناندا دەرکراوەتە دەرێ. ئەویش کردوویەتی بە هەراو هەندێک کوردی دیکەش پشتیوانییان کردووە.

کاربەدەستێکی عارەبی عێراقیی دانیشتووی هۆڵەندا لای من گلەیی لە کورد دەکات کە "بەبێ ئەوەی مەرجەکانی وەرگرتنیان تێدا بێت دەیانەوێ کۆمیسیۆن قبووڵیان بکات". ئەو دۆستە عارەبە کە دایکی کوردە پێیوایە یەکێک لە مەرجەکانی وەرگیران "زانینی زمانی عارەبی"یە. چونکە بەبڕوای ئەو "کارمەندی کۆمیسیۆن دەبێ بتوانێ هاوکاریی هەموو عێراقییەک بکات لەڕۆژی دەنگداندا". کوردە وەرنەگیراوەکانیش هەر هەمان قسە دەکەن. گوایە کۆمسیۆن بە وەرگێڕانی کورد دەڵێ: "کە عارەبی نەزانن، چیتان لێبکەین؟".

لێتان ناشارمەوە تووشی سەرسووڕمان بووم لەو هەموو حەماسەتەی زۆر لە هاوزمانەکانمان بۆ بوونە کارمەندی کاتیی کۆمیسیۆن هەیانە. بۆیە تووشی سەرسووڕمان بووم چونکە زۆربەی ئەوانەی کە من قسەم لەگەڵ کردوون پرسیاریان ئەوەیە کە "بۆچی عارەب لێی بخۆن و ئێمە نەیخۆین؟!"، ئەوە لەکاتێکدا کە پرسیاری ڕاستتر ئەوەیە کە "بۆچی عارەبی زانین مەرج بێ، بەڵام کوردی زانین نا؟"، چونکە مادام کوردی و عارەبی بەپێی دەستووری عێراق دوو زمانی فەرمیی وڵاتێکن بەناوی عێراقەوە یان دەبێ هەر کەسێک وەرگیرا هەردووک زمان بزانێ یانیش یەکێکیان بزانێ، لەگەڵ زمانی ئەو وڵاتەی کە لێیدەژیت.

وەک دەزانن ژمارەی ئەو کورسییانەی لە پەرلەمانی ئایندەدا بەهۆی دەنگی عێراقییە تاراوگەنشینەکانەوە پڕدەبنەوە زۆر نین. بەڵام بۆ کورد گرنگیی ئەو کورسییانە لەو سیناریۆیەدایە کە دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر لە پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپیدا خۆیان بە کەرکووکی ناساندووە، چانسی ئەوە بەهێزە کە کورد لە کەرکووک پتر لە کورسییەکی زیادە بێنێت". ئەوەش بێگومان پێگەی کورد لە کەرکووک بەهێزتر دەکات. هەموو لیستە کوردییەکانیش بەبێ جیاوازی بانگەشەی بەهێزکردنی ئەو پێگەیە دەکەن.

بۆیە گرنگە لیستە کوردییەکان لە ئەورووپا زۆر وریا بن. مادام کورد لە کۆمیسیۆندا کەمن، هەقە بریکاری لیستەکان چاوکراوەتر بن. چونکە لەگەڵ هەندێک لە برا چاوڕەشەکانمان قەت نازانیت کەی لەپشتەوەڕا خەنجەرت پێکەوتووە!



جۆش ڕەشینگ

# کەرکووک: باڵندەیەکی قەفەزکراو یان سیمرخ؟

کەرکووک شارێکە پڕی نەوت و مەترسی و باڵندەیە. هەموو ڕۆژێک، خەڵک بە شەپۆڵ دەچێتە نێو بازاڕەکانی ئەم شارە بۆ ئەوەی باڵندە بکڕن و بفرۆشن.

ئەمەش شتێکی دڵڕفێنە کە تەماشای دەکەی، باڵندە بە هەموو جۆرەکانییەوە، قەل، بولبول، تووتی دەفرۆشرێن و هەندێکیان نرخەکانیان دەگاتە 100 دۆلار. لە ئەدەبدا خوێندوومە کە باڵندە سیمبولی ڕزگاربوونی مرۆڤە لە خەمۆکی، لەم حاڵەتەی کەرکووکیشدا ڕزگاربوونە لە بارودۆخێکی ناهەموار.

ئێستا ململانێیەکی مەترسیدار لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوندی لەسەر شاری کەرکووک و نەوتەکەی هەیە.

لەوکاتەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بۆ دوا گوڵەکەی ئامادە دەکات کە ئەویش وەرگرتنی سەربەخۆییە و نەوتەکەی کەرکووکیش کە ڕێژەیەکی زۆری نەوتی یەدەگی هەموو عێراق پێکدێنێت، ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی سامانی بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام بەغداش کە لەوەتەی سەدام سیاسەتی "تەعریبکردنی" بەرامبەر بەو شارە بەکارهێناوە، هەتا ئێستاش نەیتوانیووە کەرکووک کۆنترۆڵ بکات، بەڵام بێگومان بێ ڕووبەڕووبوونەوە دەست لە ئاڵتونە ڕەشەکەی کەرکووک بەرنادات. ئەگەر ئەمریکاش پێش چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووک لە عێراق بکشێتەوە، ئەوا ڕەنگە شەڕی ناوخۆ گڕی لێ هەستێ.

هەروەکو کەرکووکییەکی سوننە پێیگوتم "لەماوەی کاژێرێکدا ڕەنگە شەڕ ڕوویدات و کورد دەربکرێن". پیاوێکی دیکەم لە نێو بازاڕەکە بینی و ئەو دوعا بۆ کارێکی موعجیزە دەکات " ئەگەر نەوت نەبێت، بارودۆخەکە باشتر دەبێت، بەو هیوایەم کە خودا کۆتایی بەو نەوتە بێنێت". پیاوێکی دیکە لەنێو بازاڕی باڵندە فرۆشان هەمان بۆچوونی پیاوی دووەمی هەبوو" نەوت بۆ ئەم شارە زۆر شووم بووە بۆ کورد و عەرەب و تورکمان. بەهۆی نەوتەوە ئەم شوێنە وێرانەیە".

بەڵام باوەڕناکەم نەوتەکە بەمزووانە وشکبێ. ڕۆژانە بە سەدان هەزار بەرمیل نەوت لەژێر خاکی ئەو شارەدا دێتە دەرەوە کە ئەمەش بەردەوام لە بیری کەرکووکییەکانە و یەکێک لەوانە گوتی" حکوومەتی عێراق بەرمیلێک نەوتی ڕەش بە 77 دۆلار دەفرۆشێت، بەڵام لە کەرکووک کە پڕی نەوتە، بەرمیلێک نەوت بە 125 دۆلارە".

دوای ئەوەی لە وێنەگرتنی بابا گوڕ گوڕ تەواو بووم، بەرەو بازاڕەکە بەڕێکەوتمەوە و تەماشای ئەو داڵ و بازانەم دەکرد، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە کۆتری لێ نەبوو.

بیر لە خەڵکی فرە نەتەوەی ئەم شارە دەکەمەوەو لەبەرخۆمەوە دەڵێم، ئایا ئەم شارە جوان و پڕ لە مێژووە دەوڵەمەندە وەکو باڵندەیەکی لەقەفەزنراو کۆتایی دێت یاخود دەبێتە سیمرخ و لە دووکەڵە ڕەشەکەی کەرکووکەوە زیندوو دەبێتەوە.

**جۆش ڕەشینگ- پەیامنێرێکی ئەمریکییە وئێستا پێشکەشکاری بەرنامەی "مێڵە دەستکردەکان"ە لە کەناڵی ئەلجەزیرەی ئینگلیزی.**

**لە ماڵپەڕی Aljazeera.net/English وەرگیراوە.**



دەیڤد بێندەر

# بەتەنیا مۆرکردنی پەنجە ناتگەیێنێتە دیموکراسی

لە 7ی ئازاردا، عێراق دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی خۆی بەڕێوەدەبات و جیهانیش وێنەی پەنجەمۆری عێراقییەکان دەبینێت. بەڵام وێنەی بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی ڕەنگە نادیاری زیاتر پیشان بدات لەوەی شتەکان ڕوون بکاتەوە: دیموکراسی لەعێراق دووچاری کێشە بووە.

حاڵی حازر تەنیا 28 کاندید لەکۆی 500 کاندیدی دوورخراوەی ئۆپۆزسیۆن ڕێگەیان پێدەدرێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن. بەسیاسەتێکی زیرەکانە و دەستێوەردانی کاروباری دادوەری، پێش ڕۆژانی هەڵبژاردن ئۆپۆزسیۆن لەنێوبرا، ئەمەش بەبێ ئەوەی سەرچاوەیەکی دەستووری یاخود یاسایی بەکارهاتبێت.

لە مانگی کانوونی دووەمەوە، زیاتر لە 500 کاندیدکراو کە زۆرینەیان سوننە و شیعەی عەلمانین و بەشێکی زۆریشی سەر بە پارتەکەی ئەیاد عەللاوین بەتۆمەتی ئەوەی پەیوەندییان بە حیزبی بەعسەوە هەبووە، دوورخراونەتەوە. ئەمەش زیان بە پرۆسەی لاوازی دیموکراتیزەکردنی عێراق دەگەیێنێ کە وادەبینرا لەساڵی 2009وە خەریکە ڕەگ دادەکوتێ.

نەتەوەپەرستە عەلمانییەکان گەورەترین ڕکابەرن بۆ ئەو لایەنە عێراقییانەی لە ئێرانەوە نزیکن. لەگەڵ یارمەتی مالیکیش، دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری کە لەلایەن دوو کەسی نزیکی ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکرێ (ئەحمەد چەلەبی و عەلی لامی)، بڕیاری دوورخستنەوەی چەندین کاندیدکراوی عێراقییان دا بەو تۆمەتەی کە بەعسی بوونە.

بەوەدا کە حیزبی بەعس چەندین کاری دڕندانەی لە عێراقدا ئەنجامداوە، ڕەنگە لەو تێبگەیت کە بۆچی زۆرینەی عێراقییەکان و بەتایبەتیش شیعە و کورد پشتگیرییان لە دوورخستنەوەی ئەو کاندیدانە کرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە هیچ پەیوەندییەکی بە مەترسی سەرهەڵدانەوەی بەعسەوە نەبوو. ئەو دەستەیە دەیتوانی لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کێی بویستبایە دووری بخستایەوە، بەڵام دواخستنی ئەو بڕیارە بۆ دوو مانگ پێش هەڵبژاردن، لەوکاتەی کە وادەردەکەوت ئەوانە دەنگی باش دێنن، تەنیا یەک مەبەستی لەپشتەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە مالیکی و پارتە شیعەکانی دیکە لەگەڵ پشتگیرییەکی بێدەنگی کورد یەکیانگرتووە بۆ نەهێشتنی ڕکابەرێکی هاوبەش.

ئیدارەی ئۆباما، بەرەبەرە نیگەران دەبێت لە کردەوە نادیموکراتییەکانی ئەم دواییەی حکوومەتی عێراقی، هەربۆیە جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە کۆتایی کانوونی دووەمی ڕابردوو ڕەوانەی بەغدا کرا. بایدن گوشاری خستە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی ڕێگە بە کاندیدکراوە دوورخراوەکان بدرێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن و پاشان لەدوای هەڵبژاردن لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندییان بە حیزبی بەعسەوە بکرێت. دواتر عێراقییەکان بڕیارێکیان دەرکرد کە بەگوێرەی پێشنیازەکانی بایدن بوو، ئەمەش وای لە چاودێران کرد کە بۆ ساتێک هەست بکەن هەڵبژاردنەکان بە ئاسایی بەڕێوەدەچێت، بەڵام مالیکی بەتووڕەییەوە هەڵوێستی وەرگرت و بڕیارەکەی بە "نایاسایی و نادەستووری" دانا و گرووپێکی تایبەتی پێکهێنا کە لە چوار بەهێزترین کەسی ئەو وڵاتە پێکهاتبوو، بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە کە ئەوانیش بریتی بوون لە خۆی، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار، ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی پەرلەمان و میدحەت ئەلمەحموود سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای لیژنەی دادپەروەری. ئەو گرووپە گوشاریان خستە سەر دەستەی پێداچوونەوەی بەناو سەربەخۆ بۆ ئەوەی بڕیاری قەدەغەکردنیان بەردەوام بێت.

جارێ زووە بۆ ئەوەی بڵێیت کە تاقیکردنەوەی دیموکراسیی عێراقی فرە نەتەوە و فرە ئاین بەتەواوی فەوتاوە، لەکۆتاییدا سەقامگیری سیاسی ئەو وڵاتە بەندە بە دینامیکی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دەستێوەردانی حکوومەت لەسیستەمی دەوڵەت، ئاماژەیەکی خراپە بۆ دیمەنی سروشتی دیموکراسی ئەو وڵاتە.

**لە ماڵپەڕی foreignpolicy.comی ئەمریکییەوە وەرگیراوە**



میشێل یانسۆن
سلێمانی

## بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کورد

# دیموکراسی کوردستان لە مەترسیدایە

گێژاوی هەڵبژاردن، ناکۆکییەکەی نێوان کوردی شاردووەتەوە.

لەژێر بارانێکی زۆر و هەورێکی ڕەشدا کە شەقامەکانی ئەم شارەی کردووەتە نیمچە ڕووبارێک، هەموو پۆستەر و لافیتەکانی سەر دیوارەکانی تەڕکردوون و هێناونییە خوارەوە.

پاڵێوراوە پیاوەکانی کورد هەموو بە قات و بۆینباخ و ژنەکانیش بەپێچەوانەی خوشکەکانی باشووریان بە سەری ڕووتەوە لەسەر پۆستەرەکانن. ئاڵای پارتەکان لەسەر شەقامەکان دەشەکێنەوە و شەقامەکان پڕ لە ئۆتومبێلن کە بە ڕەنگی سەوز و زەرد و نیلی داپۆشراون و بەچواردەوری شارەکەدا بە هۆڕن لێدان و لایت لێدان دەسووڕێنەوە.

کاندیدەکان ڕۆژانە لەگەڵ خەڵکانی جیاجیا کۆدەبنەوە و باس لە بەرنامەی پارتەکانیان دەکەن و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە و پەیامی خۆیان دەگەیێنن.

هەڵبژاردنەکەی 7ی ئەو مانگە ڕەنگە ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئایا عێراق لە داگیرکاریی ئەمریکا ڕزگار دەبێت و وەک وڵاتێکی دیموکراسی زیندوو دەمێنێتەوە یان بەرەو دیکتاتۆری دەگەڕێتەوە.

چاودێرانی نێوخۆیی و بیانی پێیانوایە کە ڕەنگە عێراق بە هەردوو ڕێگەکەدا تێپەڕێت و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە فاکتەرێکی گرنگ بن لەو مەسەلەیەدا.

هاوپەیمانێتی یەکێتی کە لە سلێمانی باڵادەستەو پارتی کە کۆنترۆڵی شارەکانی هەولێر و دهۆک دەکات، دووچاری گەورەترین تاقیکردنەوە بووەتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی 2005دا، ئەم هاوپەیمانییە 53 کورسی بەدەستهێنا لە کۆی 278 کورسی لە پەرلەمانی عێراق و ئەمەش هێزێکی باشی دایە کورد لەبەرامبەر لایەنە ڕکابەرەکانی شیعە کە حیزبی دەعوەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم بوون.

بەڵام ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەی گۆڕان کە لە ئەندامانی پێشووی یەکێتی پێکهاتوون، توانی 25 کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بەدەستبێنێ و چاوەڕوان دەکرێت ئەمجارەش ئەنجامێکی باش بەدەستبێنن.

لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی عێراق گۆڕانیان دەوێت و دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەیانەوێ دەمووچاوی نوێ لە بەغدا نوێنەرایەتییان بکەن.

محەممەد کە کاری ژمێریارییە، لەوبارەیەوە گوتی "پارتی و یەکێتی لەساڵی 1991وە حوکمڕانیی دەکەن. 19 ساڵ بەسە، ئێمە ڕۆژانە تەنیا شەش کاژێر کارەبامان هەیە و دەبێ کارەبا بە پارەی خۆمان لە مۆلیدە بکڕین. مووچەکانمان کەمە. مووچەی مانگانەم تەنیا 300 دۆلارە. قوتابخانە و نەخۆشخانەکان زۆر خراپن. کار نییە، لەگەڵ ئەوەی باری ئاسایش لێرە باشترە، بەڵام هەمان کێشەکانی عەرەبی عێراقمان هەیە".

**لە ڕۆژنامەی Irish Timesی ئێرلەندی وەرگیراوە**






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# پێشمەرگە...

بەینێکە شەڕ لە سەر وشەی پێشمەرگە گەرمە و نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردن گەرمتری دەکا. هەر یەکە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و بەرانبەرەکەشی شتیتر و هەموو لایەکانیش کەللەسەری پێشمەرگەیان کردووەتە بەردەباز و بە سەریدا، بەرەو گەورەبوون و ملماتکردن بۆ بەغدا پەڕیونەتەوە. لە سەر وشەی پێشمەرگە شەڕە و پێشمەرگەی راستەقینەش وەک مافی راستەقینەی کورد پەراوێزەو لە ماڵەوە لە برساندا لنگی راکێشاوە و مێش لە خۆی پاس دەکات، یان: ئەمڕۆ کرێکاری و سبەینێ دەستگێڕی دەکا و بۆ دووسبەیش خوا کەریمە!

شەڕە لە سەر وشەی پێشمەرگە و هەرکەسە و دەیکاتە گەوهەری تاجی سەری هەڵەکانی ئەمڕۆ و دوێنێی خۆی، کەچی پێشمەرگە بە زەلیلی لەبەر دەرگای کۆنەجاشێکی زۆر دڵسۆزی ئەمڕۆ، یان لووسکەیەکی دەمپیسی وەستای ماستاو، یان شەڕفرۆشێکی بێباک وەستاوە و ئایەتەلکورسی دەخوێنێ تا خوا رەحم بخاتە دڵیەوە و ترۆی نەکا و سووکایەتی پێ نەکا.

شەڕە لە سەر وشەی پێشمەرگە و هەرچی کاروباری وڵاتە کەوتووەتە دەستی کۆنە بەعسییەوە...کۆنە ئەمنە و ئێستا لە هیچەوە ئەفسەرە و دەبێ پێی بڵێم پێشمەرگە! نازانم بە پێشمەرگە بڵێم چی! دوێنێ، کەسوکاری منی دایە دەستی بەعسەوەو ئەمن بوو، ئەمڕۆ لە خاڵی پشکنین ئەفسەرە و داوای پێناسەم لێ دەکا و هەر بڵێم لەل، دەستگیرکراوم یان هیچ نەبێ نەختێ وشەکانی بیست ساڵ لەمەوپێشی بە سەرمدا هەڵدێنێتەوەو بە خیانەتکار تۆمەتبارم دەکا. بیست ساڵ لەمەوبەر ناوی کەسوکاری دەزڕاندم ئێستاش ناوی خۆم!

سەگەکانی عودەی و قوسەی گۆشتی بەشەریان دەخوارد...ئێستا بۆ گۆشتی بەشەر و تێکشکاندنی کەرامەت و کەسایەتی بەشەر دەقروسکێنن.

## زمانت بە بڕین چێ!

زمانبڕین زۆر شێوەی هەیە: کوشتن.. هەڕەشە.. نانبڕین.. برسیکردن. ئەگەر هیچ کام لەوانە سوودی نەبوو، سەگی تێبەردەن!

سەگێک بیست ساڵ پێش ئەمڕۆ چی هەڵهێناوەتەوە، ئێستا دەیلێسێتەوە و کلکەلەقێ دەکا و دەقروسکێنێ!

شەڕە لە سەر وشەی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە بە پشتشکاوی لە کەلاوە و پەنادیواران کەوتووە و بە ناچاری پەڕۆی هەڵبژاردن بەلێنێکی حەوت ساڵ بەر لە ئێستا پێڕادەوە بێتە دی. خۆ شەڕە لە سەر ناوی ئەو پەککەوتەیە و بەخۆشی ئاگای لێ نییە، جا با ئاگاشی لێ بێ! چما گوێرەکە، کە بۆ سەربڕین دەبەن، ئاگای لێ نییە؟! پێشمەرگەش بە ئاگایی خۆیەوە سەردەبڕدرێ و ترۆ دەکرێ، کەچی لە سەر ناوەکەی شەڕە! ترۆکراوانی کوردستان یەکگرن و من لەگەڵتاندام! ترۆکراوانی کوردستان با لیستی خۆمان هەبێ و تەنها بە گۆچان بەرگری لە خۆمان بکەین، دەنا سەگ دەمانگرێ!

ساڵی 1963 کادیر بوو. ئێستا سەنگەرگۆڕێک بەرپرسێتی کە بەرانبەری لێ گرتبوو. ئەوەندە دڵسۆزیشە، کە پێی دەڵێی بۆچی وایە، دەڵێ خۆم هیچم لە باردا نییە! ئەوە دەڵێ نەک خوانەخواستە ناوی حیزبەکەی بزڕێ!. پێشمەرگە وەک ناوەڕۆک بەتاڵ بووەتەوە و هەر قاوغەکەی ماوە. ناوەکەیان کردووەتە مەدالیا و بە بەرۆکی کۆنە هەموو شتێکیدا هەڵیدەواسن کۆنەپێشمەرگە نەبێ! فایلدار و کۆنەجاش و بەعسی هەڵگری ئەو مەدالیایەن.. مەدالیا و ناوی پێشمەرگە، وەک خوێن و کەللەی سەریان بووەتە بەردەباز و بلێتی چوونە ناو سیاسەتەوەو ئەوەی بە سەریاندا نەپەڕێتەوە، بۆ دەرەوە!

لە یەمەن، بەو چەکدارانە دەڵێن پێشمەرگە کە پێش سوپا دەکەون. لە کوردستان بەوانە دەگوترێ پێشمەرگە کە پێش لە سوپای داگیرکەر دەگرن. بەڵام ئێستا پێشمەرگە ئەو کەسەیە لە باخی ئاغایەکی سیاسیدا خزمەت دەکا یا بازاڕ بۆ ئاغاژن دەکا.. پێشمەرگە؟!

تۆ.. تۆ! کە پێشمەرگە بوویت، پێشمەرگەت دەکوشت!

تۆ.. تۆ! کە کاتی پێشمەرگایەتی هات، بووی بە جاش.

تۆ.. تۆ! کە پێویست بوو پێشمەرگە هەبێ کون بە کون راوی پێشمەرگەت دەکرد و کاتێک نەدەبوو هەبێ، بە چنگەکرێ دروستت کرد.

جاشێک کە ئێستا باشە، بیست کوردی بە کوشت دەدا و کوردێکی لە ئیعدام دەرباز دەکرد، سەروەرە سەروەر! تاجی سەرە و پێشمەرگەیە! پێشمەرگەیەک، کە لەگەڵ ئەو ئێستا باشەدا هەڵنەکات بە فیشەکێک فتی دەکەن.. ئەگەر ئەوەش نەکرا، سەروچاوی دەشکێنن. ئەوەش نەکرا، لە نەوەی سەگەکانی عودەی دوو سەگی تێبەردەدەن و ریسوای دەکەن!

بەڵام با بە بێ مەبەست و خاترانە پێناسی پێشمەرگە بکەین: زەلامێکی رەقەڵەی رەشەهەڵگەڕاوی برسی، بە تفەنگێک و نارنجۆکێکەوە لەم تاوێرە بەردەوە بۆ ئەویتر باز دەدا. بان سەری کۆپتەرە، دەوری سەرباز و جاش! مەتارەئاوێک بە لای نارنجۆکەکەیەوە، بە نیتاقەکەیەوە قایم کراوە و نوشتێ نانیش لە بەر باخەڵێتی و دەڵێی بەچکەکەوە و کەوی دەکا. فایلداران و عەلی کیمیاوی تەگبیریان لێی کردووە هەرچۆنێ بیفەوتێنن...ناویان لێنا کەڵ! ناویان لێ نا بەرخی نێر! ناویان لێ نا پێشمەرگەی گیان لەسەردەست و بە دەمانچەی بێدەرزی و فیشەکی کوێرەکەوە ناردیان بۆ کوشتنی کەسێک کە زووتر لە هاتنی ئاگاداریان کردبووەوە تا بۆیان بخاتە لیستی شەهیدانەوە.. ئەو کەسەش ئێستا لەسەری سەرەوە دانیشتووە و بکوژ و ببڕ خۆیەتی!.. نان دەدا و نان دەبڕێ...

ئەمڕۆ، دەبێ بەرد بە بەردی کوردستان بە دوای کەسێکی وادا بگەڕێیت تا بیدۆزیتەوە و ناوەکەی لێ زەوت بکەیت! دەیدۆزیتەوە؟! کە خۆی نەبێ ناوی لە کوێ بوو؟!

پێشمەرگە لەیلا عەلەوی ناناسێ، جاش دەیناسێ. پێشمەرگە دەفتەرە دۆلاری نەدیوە، جاش دیویەتی. پێشمەرگە دەنگ دەدا بە خاک، جاش دەنگ دەدا بە پارە. پێشمەرگە کوڕی ماڵانی کوردە و جاشیش کەڵەگای ماڵ و منداڵی کوردە. ئێستا کامیان هەن، کوڕی ماڵان یا کەڵەگای ماڵان؟! سەیری ئەمڕۆ مەکە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە، سبەینێ زمانبڕین و نانبڕین دەست پێ دەکا. سبەینێ سەر دەپەڕێ و مل دەشکێ و ماڵ وێران دەکرێ!

گوناحە! با کەس ناوی پێشمەرگە نەهێنێ! ئەو وشەیە هی ململانێی هەڵبژاردن نییە بۆ کێبڕکێی سەرشۆڕکردن بۆ دەسەڵاتی بەغدا.. ئەو وشەیە هی رزگارکردنی خەڵکە نەک زەلیلکردنیان.

تۆی خوێنەریش هەر کەسێکیت، ئەگەر بە قسەکانم رازی نیت، خۆت پێناسەی پێشمەرگە بکە ئەوجا شەڕی لە سەر بکە!

wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ - کوردستان



# دەنگ دەدەم بە کێ؟

زۆر رۆژنامەڤان و گەلێک کورد لێمدەپرسن: ئەگەر توانیبام دەنگ بدەم، دەنگم دەدا بە کێ؟ راستییەکەی وەڵامی ئەو پرسیارە نازانم و لەبیریشتان نەچێ رۆژنامەڤان نابێ ئەوە بڵێت کە هەواداری کام پارتە.

رۆژنامەڤانانیش وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکە مافی خۆیانە دەنگ بدەن، بەڵام رۆژنامەڤان نابێ لایەنگیری لە یەکێک لە پارتەکان بکات. کەچی لە کوردستان رۆژنامەڤانان بەئاشکرا لەسەر رادیۆ و تەلەڤزیۆن رایدەگەیێنن کە پشتیوانی لە فلان کاندیدا و فیسار لیست دەکەن. ئەگەر ئەو رۆژنامەڤانانە لە هۆڵەندا بوونایە لە ئیش دەریاندەکردن، بەڵام لە کوردستان جیاکردنەوەی کاری رۆژنامەڤانی و سیاسەت لە یەکدی کەمتر روونە.

من لەگەڵ زۆرتر لە کاندیدایەک قسەم کردووە و دوێنێش لەگەڵ کاندیدایەکی یەکێتی بەناوی کەمال ئیبراهیم لە هەولێر قسەم کرد. راستییەکەی ئێستاش بۆ من زەحمەتە جیاوازییەک لەنێوان کاندیداکاندا بدۆزمەوە. ئەوان هەموویان دەیانەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، یان پێشمەرگە لە بەغداوە مووچەی بدرێتێ و پرۆژەی یاسای نەوت و غاز بەخواستی کورد پەسەند بکرێت. هەروەها هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە عارەبییەکی باش دەزانن. دەیڤید رۆمانۆی پسپۆڕ لەبارەی کوردانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیاوازی نێوان پارتەکان یەکجار کەمە.

وەرگێڕی کەمال ئیبراهیم پێیگوتم کە کەمال لەکاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەکاریی خۆیدا زۆرتر باسی کێشەکانی کورد لە بەغدا دەکات نەک پرسە لۆکاڵییەکانی وەک بۆ نموونە بێکارەبایی. بەڵام ئەوەی من بینیومە خەڵک بە داواکاریی لۆکاڵییەوە دێنە لای کاندیداکان. ئەوان باسی بێکاری و بێکارەبایی و پرسەکانی دیکە دەکەن. بەڵام راستترە کە ئەوان بۆ ئەو پرسانە بچنە لای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

رەنگە بەهۆی ئەو کەمیی جیاوازییانەشەوە بێت کە میدیای یەکێتی و گۆڕان زۆرتر هێرشی شەخسی دەکەنە سەر یەکدی و کەمتر باسی بەرنامەی هەڵبژاردنی یەکدی دەکەن. یانیش بەهەر هۆیەکەوە بێت کۆنە لێدوانەکانی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دێننەوە گۆڕێ و هەوڵدەدەن رووی یەکتری پێ رەش بکەن.

پێموایە ئەگەر من کورد بوومایە،زۆر پێم قورس دەبوو کە دەنگ بدەم. چونکە پارتی و یەکێتی لە مەسەلەی بەرژەوەندییەکانی کورددا زۆر لێک جیاواز نین و گۆڕانیش (بەو ژمارە زۆرەی هەوادارەی پێشتر ئەندامی یەکێتی بوون) زۆر لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە یەکێتی دەچێت. پێموایە کورد لەسەر بنەمای ئەوە دەنگ بە کاندیدایەک دەدەن کە زۆر چاک دەیناسن، واتە یان خزمن یان هاوعەشیرەتن، یانیش زۆر لەسەر تەلەڤزیۆن بینیویانە.

رەنگە من لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی کوردستاندا دەنگم دابووایە بە ئۆپۆزسیۆن و لە هەڵبژاردنەکانی عێراقیشدا دەنگم دەدایە پارتە دەسەڵاتدارەکان. بەڵام خۆشبەختانە پێویست نییە دەنگ بدەم، نە لە هۆڵەندا (چونکە ئێستا لەوێ هەڵبژاردنە) و نە لە کوردستانیش (چونکە کورد نیم). من پێم خۆشە بەبێ پارت و بێلایەن بمێنمەوە.



کاوە ئەمین - سوێد
kawe35@hotmail.com

# سەدان ساڵە!

لە سەروبەندی ئەم هەڵبژاردنەی عێراقدا کە تەنانەت وای لە هاووڵاتییەکی هۆڵەندی کردووە کە بە وڵاتی گوڵوگوڵزار ناسراوە، واز لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی خۆیان بێنێت و بێت بە کوردی رووماڵی چەلەحانێی لیستە کوردییەکانمان بۆ بکات و وێنەیەکی "راستەقینەی" خۆمانمان بە کوردی نیشانبدات، تەلەڤزیۆنێکی کوردی هەیە تازە بیریان کەوتووەتەوە دەڵێن: هەموو شتێک بە کوردی خۆشە! تا ئێرە ئاساییە، بەڵام ئەو کاکەیە جار جار کە لە فەیسبووک بە ئینگلیزی دەنووسێت، لە جیاتی ئەوەی بنووسێت کوردستان دەنووسێت "باکووری عێراق"، بەڵام کە من وتارەکانی لە (ڕووداو)دا دەخوێنمەوە دەڵێی کۆنە کاژیکە، ئاخر ئەورووپییەکان زیرەکن و دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسە گرنگەکاندا بکەن، ئەگەرچی زۆرجار نەک کەباب بەڵکو شیشی نەتەوە داگیرکراو و دابەشکراوەکانیان تواندووەتەوە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، بەڵام خۆ دەبێت جار جارێکیش هاوسەنگییەکە رابگرن. کێ ئاوا خوا دەیداتێ، هەژدە ساڵە بە ئاواتەوەم نەورۆزێک لە کوردستان بم.

تۆ بڵێی لە خۆشی خەڵکی ئەفغانستان بێت، وڵاتێکی وەکو سوێد کە من بەبێ هیچ مەراییەک بە وڵاتی دووەمی خۆمی دەزانم، سەربازی خۆی دەنێرێت بۆ ئەفغانستان، یان هۆڵەنداکەی کاک ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ کە هێندە بەلایانەوە گرنگە تەنانەت ئامادەن حکوومەتەکەشیانی بۆ هەڵوەشێننەوە؟ بێگومان وەڵامەکەی لای من نەخێرە، چونکە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەکو لەواشەیەکی لە رۆن هەڵکێشراوە، جا وەرە برسیشت بێت!

دیارە ئەوە نەزانیی ئەو گەلانەیە کە وا خۆیان کردووەتە پەندی زەمانە و هەرکەس دێت شەپشەپێنیان پێدەکات، چونکە ئێمەی رۆژهەڵاتی فێرین بۆ سووککردنی باری سەرشانی خۆمان خەتاکان دەخەینە سەر شانی خەڵکی دیکە. مەگەر خومەینی نەیگوتووە ئەگەر دوو ماسی لە بەحرێکدا شەڕیان بێت ئەوا بێشک، دەستی ئەمریکای تێدایە، خۆ رەنگە وایش بێت، بەڵام هەر ئەو خومەینییە فەتوای دەدا تاوەکو جیهادی کورد بکرێ و تەنانەت ئەو مافەی کە خوا بە مرۆڤی داوە کە زمانی دایکە، بە کوردی رەوا نابینن پێی بخوێنێ.

مەسەلەیەکی کوردیی هەیە دەڵێت: "بەتەمای چێشتی دروسێ بیت دەبێت بە بێ شێو سەربنێیتەوە"، بەڵام بەداخەوە کورد ئەو پەندەی خۆی نەخستووەتە کردارەوە، زۆربەی جار چاو لەدەستی بێگانە بووە. لەسەرەتای هاتنی ئەمریکییەکانەوە بەچاک و خراپ وایان لە خەڵک گەیاند ئیتر مافەکانمان پارێزراوە تەنانەت وەکو دکتۆر مەحمود جارێک وتبووی هەموو دنیا بگەڕێی وەکو کورد لە مەلایەوە هەتا ئەوپەڕیی چەپی، ئاوا ئەمریکا بە دۆستی خۆی نازانێ، بەڵام ئەوەتا دەبینین کە چۆن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە بەعسیی و تالیبانەکان کە خۆی ترۆی کردن، دەپاڕێتەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکەن! پانزدە ساڵ پێش ئێستا هاوڕێیەک وتارێکی جوانی نووسیبوو بە ناونیشانی "بێ سەرین یان بێ پشتین"، پەیامەکەی ئەوەبوو کە ئێمەی کورد سەرمان نییە چونکە ئەگەر سەرمان هەبێت ئەوا بێگومان پشتیشمان دەبێت.

کاتێک سەرۆکی کۆمیسۆنی لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دێتە ناوچەکە تاوەکو رای خەڵکی بزانێت، لە سەرۆک عەشیرەتی شەمەرەکان دەپرسێت ئایا تۆ دەتەوێ موسڵ سەر بە تورکەکان بێت یانیش "عێراق"، لە وەڵامدا دەڵێت هیچیان بەڵکو دەبێت سەربە عەرەبەکان بێت. کاتێک هەر هەمان کەس لە سەرۆک خێڵێکی کورد کە دووسەت چەکدار دەوریان داوە هەمان پرسیار دەکات لەوەڵامدا دەڵێت: "راستییەکەی من هیچ دەوڵەتێکم ناوێت، چونکە دەوڵەت دەست دەخاتە کاروبارە ناوخۆییەکانمەوە". هەمان پرسیار لە کوردێکی دیکە دەکات کە ئاخۆ ئەو چی دەڵێت، لە وەڵامدا پێیدەڵێت تۆ جارێ پێم بڵێ بزانم ئەوەی پێشخۆم چیی وتووە، چونکە ئەو هەرچییەکی وتبێ من پێچەوانەکەی ئەوم دەوێت. کابرای ئەورووپی کە سوێدیی بووە بە گاڵتەوە نووسیویەتی: ئەمە تێڕوانینی ئەو پیاوەیە بۆ کێشەکانی وڵاتەکەی.

کە ئەم وشانە دەنووسم مەبەستم سووککردنی خۆمان نییە، بەڵام خۆ دەبێت بپرسین ئەرێ خێرە ئێمە پاش سەد ساڵ هەر دەبێت بەپێچەوانەی یەکترەوە بازۆین، ئەوە نییە میسیۆ ولادیمێریش هەڵبژاردنەکانی عێراقی پێ خۆشترە تا هۆڵەندا، چونکە لە کن ئەوان وەک خۆی دەڵێت: لە هۆڵەندا دەسەڵادار و پۆلیس تەقە لە خەڵک ناکەن و سیاسەتڤانەکان پارە نادەن بە خەڵک تا دەنگیان پێ بدەن و .. وەک لە کوردستان دەکرێت.

مەهابادی وتەنی دەڵێ گەڕێ پیاو! مەگەر مامۆستا پەشێو نەیگوتووە: سەدان ساڵە مشکەکوێری گۆشەی متبەقی سوڵتانین.



ئەمیر فندی
pointorg@yahoo.com

# بەو عەرەبییە ناگەینە (بەرتللە)ش

پاش نیوەڕۆی 2010/2/27 لە هۆتێلی نێودەوڵەتیی هەولێر (شیراتۆن) سەمینارێک لەلایەن کۆمەڵێک چالاکڤانی مەدەنی (دەسپێشخەرەکان) بە هاوکاری پەیمانگەی نیشتمانی دیموکرات NDI بۆ 5 کاندیدی پێنج لیستی هەولێر سازکرا.

منیش وەکو دەیان هاووڵاتی و رۆشنبیر و رۆژنامەنووس ئامادەی سەمینارەکە بووم. کاندیدەکان هەر یەکە و بەپێی بەرنامەی لیستەکەی دەستیان بە قسە کرد، هەموویان کۆکبوون لە سەر گرنگی بوونی کورد لە بەغدا بۆ دەستەبەرکردن و گەرەنتیکردنی مافە رەواکانی کوردستان لە عێراقدا.

پاش کردنەوەی دەرگای پرسیار، کۆمەڵێک خەڵکی پەرۆش و خەمخۆر بەوپەڕی ئازایەتییەوە دەستییان کرد بەپرسیار کردن، کاندیدەکانیش بەپێی توانا و بەرنامەی لیستەکەیان هەوڵیاندا وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، کە بەرای تایبەتی خۆم سەرکەوتوو نەبوون!.

دیاربوو لە نێو ریزەکانی ئامادەبوواندا خەڵکانێکی غەیرە کوردیش هەبوون، ئافرەتێکی کریستیان بە زمانی عەرەبی پرسیارێکی تایبەتی سەبارەت بە چۆنییەتی رەفتارکردن لە گەڵ کوردستانیانی ناموسڵمان و دیدی لیستە ئیسلامییەکانی کوردستان بۆ باوەڕدارانی ئایینەکانی دیکە ئاراستەی هەردوو کاندیدەکەی لیستی کۆمەڵ و یەکگرتوو کرد.

کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی دەستیکرد بە وەڵام دانەوە، کە پێویست بوو بە زمانی عەرەبی بێت، ئەو زمانەی کە ئەو کاندیدە قسەی پێکرد هەموو شت بوو تەنیا عەرەبی نەبوو! پاش ئەوە کاندیدی یەکگرتوو هەوڵیدا هەمان پرسیار بە زمانی عەرەبی وەڵام بداتەوە، گۆتم لێگەڕێ ئەوە روومان سپی دەکات، کەچی زمانی عەرەبی ئەم کاندیدە لە عەرەبییەکەی کاندیدی پێشتری قەت باشتر نەبوو!.

هۆڵەکە بە تێکرایی دەستیان بە پێکەنین و فشەکردن کرد بەرامبەر ئەو عەرەبییە حەیاتەی ئەو دوو کاندیدە کوردە.

باشە خۆ جارێ هەموو دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام بە عەرەبین، نوێژ و قورئان و سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر هەر هەموویان بە عەرەبین، ئەی چۆن ئیسلامییەک کە خۆی بە مەرجەع و حوججە و ئەندامی سەرکردایەتی و کادیری حیزبێکی ئیسلامی دەزانێت بایی وەڵامدانەوەی پرسیارێک عەرەبی نازانێت؟!.

پاشان ئەوانە کاندیدی لیستە کوردستانییەکانن بۆ پەرلەمانێک کە زۆربەی زۆری ئەندامەکانی عەرەبن، چۆن دەتوانن بەو عەرەبییە سەقەتەیان گفتوگۆ بکەن و دانوستاندن بکەن؟!. زۆر هەوڵمدا لەو سەمینارە بوارم پێبدرێ بۆ ئەوەی باس لەم خاڵە بکەم، بەڵام لەبەرنەبوونی کات دەرفەتم پێنەدرا، بۆیەش نامەیەکی کورتم بۆ بەڕێوەبەری سەمینارەکە نووسی و رای خۆم تێدا ئاشکرا کرد، نووسیم: "ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ بڕۆنە بەغدا بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافە رەواکانی کوردستانییان بکەن، تۆ بڵێی بەو زمانە سەقەتە دەتوانن باس لە شتێکی وا چارەنووسساز بکەن؟".

خوا لوتفی کرد کەسێکی عەرەب یاخود غەیرە کورد پرسیارێکی دیکەی ئاراستەی کاندیدەکانی لیستەکانی دیکە نەکرد، چونکە ئەگەر عەرەبییەکەی ئیسلامییەکانمان بەو شێوەیە بێت تۆ بڵێی عەرەبییەکەی ئەوانیدیکە چۆن دەبوو؟!.

خوا هەڵناگرێت عەرەبییەکەی کاندیدی لیستی عەشتار باش بوو، بەڵام عەرەبی بازاڕ بوو نەک قسەپێکردنی سیاسی، بەڵام ئەویش وەک کاندیدەکانی کورد زمانی کوردی وێرانکرد! بەڵام ئەو بەڕێزە مەسیحی بوو و وەکو دەزانین هەموو مەسیحییەکانی کوردستان زمانی عەرەبییان باشە. ناوە ناوەش بەڕێوەبەری سەمینارەکە و ئامادەبووان پرسیارێکیان ئاراستەی ئەم بەڕێزە دەکرد، ئەویش بۆ هەموو پرسیارەکان یەک وەڵامی پێبوو: "بۆ عیلاجی موشکیلەکان لازمە ئێمە مەسفای نەوت دروست بکەین و دارخورما زۆر بچێنین، عێراق دەوڵەمەندە بەڵام مەسفا موهیمە و منیش هەتا ئێستا یەک مەتر عەردم نییە لە هەموو عیراق و خانووم نییە و ئیجارم و ئەو لێرە هندێک خەڵکی عەنکاوە دانیشتووە و دەزانیت کە ئەم قسانەم حەقیقەتن"!.

هەندێک لە ئامادەبووان پاش دووبارەکردنی ئەم قسەیە لە لایەن کاندیدی عەشتارەوە بۆ چەند جار گوتیان: "کاکە ئەم بەڕێزە دەیەوێت بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن خانوو"!!.

کاندیدی هاوپەیمانیی کوردستان، بە پێچەوانەی کاندیدی عەشتار دیاربوو خاوەن خانوو و پارەبوو، بۆیە خەریکبوو سوێند بە تەلاقی هەموو کاندیدەکان بخوات کە "وەزعی کوردستان زۆر باشە و گرفتی کارەبا و ئاو نەماوە و وەزعەکە باشتر دەبێت"!.

کاندیدی لیستی گۆڕان وەکو دیاربوو ئیشێکی دیکەی هەبوو، بۆیەش ناوە ناوە تەماشای بەڕێوەبەری سەمینارەکەی دەکرد و پێیدەگوت: "درەنگە کۆتایی پێ بێنە"!، بەپێچەوانەی برادەرانی لە پەرلەمانی کوردستان حەزی لەکاتی زۆر نەبوو بۆ قسەکردن.

پێویست بوو کاندیدەکانی هەموو لیستەکانی کوردستانی عەرەبییەکی فوولیان بزانیبا، چونکە پەرلەمان واتە قسە کردن، قسەکردن بە زمانی عەرەبی.

دوور نییە کەسێک بڵێت:"زمانی کوردیش زمانێکی فەرمییە لە عێراق و گرفتێک نییە ئەگەر کوردێکی ئەندام پەرلەمانی عێراق عەرەبی نەزانێت"، ئەم قسەیە راستە، بەڵام خۆ ئەو ئەندامە عەرەبە هەر بە عەرەبی خۆی قسە دەکات و پێویستە ئەندامی کورد لەو بگات کە چی گوتووەو چ مەبەستێکی هەبوو.

ئەوانەی لەژێر چەتری پەرلەمانی عێراق دا دانیشتوون زۆربەیان لە دەرفەتێک دەگەڕێن کە مافە رەواکانی کورد کەمبکەنەوە، زۆربەشیان قسەزان وخاوەن مێژوویەکن لە هاوار، چونکە خودی رۆشنبیرانی عەرەب دەڵێن: "عەرەب دیاردەیەکی دەنگییە"، کەواتە تەنها قسە دەکەن و قسەزانن، بۆیەش پێویستە ئەو کوردستانییانەی خۆیان بۆ ئەو پەرلەمانە داناوە لەوان قسەزاناتر بن، بۆ ئەوەی بتوانن بە لۆژیکی زمان و زمانی لۆژیک مافەکانی گەلی کوردستان دابین و گەرەنتی بکەن.

بەڵام بەو عەرەبییە کە لەو سەمینارە دا گوێم لێ بوو؛نەک ناگەنە بەغدا بگرە پێی ناگەنە (بەرتللە)ش!!.

Reklam

٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

احمد فتح الله شمس الله هیاس

١١

کاندید لە پارێزگای دیالە





Reklam

کورد لە بەغدا پێویستی بە پەرلەمانتاری ئیسلامخواز و میللەت پەروەرە

دەنگ بدە بە

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی

٣٥٢

ناظم عبداللە رشید

خاوەنی پرواناەمەی ماستەر لە فیکری ئیسلامیدا

ژمارە ( ٢ ) سلێمانی





Reklam

بەغدا پیاوی کارامە و دەستپاک و بوێری دەوێ

دەنگ بدە بە

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی

٣٥٢

مشیر مصطفی عبداللە

ناسراو بە موشیر گەلاڵی

ژمارە ( ٣ ) هەولێر





# Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : سالَح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵلا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاینەران : عەبدوڵلا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net



Reklam

کاندیدەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

صباح حسین عثمان ساڵەی ناسراوبە بەهمەن حوسێن

تواناو ئەزموون و دڵسۆزی بکەنە پێوەری دەنگدان





کاندید لە پارێزگای کەرکوک

بەهمەن حسین عثمان

٢١

٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

دکتۆر احمد انور محمدناسراو بە حاکم احمد

تواناو ئەزموون و دڵسۆزی بکەنە پێوەری دەنگدان





کاندید لە پارێزگای هەولێر

حاکم احمد انور

١٣

٣٧٢ هاڤپەیمانییا کوردستانێ

دکتۆر نزار خورشید مامە

ناسیارە ب دکتور نزار حەجی گەزو ئاکرەیی

شیان و دلسوزیا خو یا ب ئەزموون بکەنە پێوەرێ دەنگ دانێ





کاندید لە پارێزگەە دهۆکێ

نزار خورشید مامە

١٩

٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

ئاسوس علی احمد عبداللە

تواناو ئەزموون و دڵسۆزی بکەنە پێوەری دەنگدان





کاندید لە پارێزگای سلێمانی

ئاسوس علی احمد

١٩